ڕۆژنامە

www.roznama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە گۆڤاری وشە دەربیدەکات

ژمارە 448 پێنجشەممە 16/ 4/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.448 Thu 16/ 4/ 2009





جێگری سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید:

ئەگەر یەکێتی گۆڕانکاری نەکات سۆسیال دیموکرات تووشی شۆک دەکات



ڕۆژنامە

نۆرد مارک لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا کە دەقەکەی لە پاشکۆی هەرد دا بلاوکراوەتەوە، دەڵێت: «ئەگەر یەکێتی لە کۆنگرەدا گۆڕانکاری نەکات، سۆسیال دیموکرات تووشی شۆک دەکات».

کلاس نۆرد مارک، کە جێگری سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدە، ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ وەفدێکی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال سەردانی کوردستانی کردبوو، وتی: «یەکێتی داوایان لێکردووین یارمەتییان بدەین بۆ ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی یەکێتی، بەوپێیەی یەکێتی حیزبێکی تەواو نییەو خۆشیان دان بەوەدا دەنێن». ڕوونیشیکردەوە، کە چاوەڕێی کۆنگرەی حیزبەکەن تا بزانن بارودۆخی کێشەکانی یەکێتی بەڕەو کوێ دەگات، وتیشی: «یەکێتی پێویستی بە گۆڕانو گەشەپێدان هەیە».

ڕۆژنامە

کلاس نۆرد مارک، جێگری سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، ئامازە بەوەدەکات یەکێتی بە بەراورد بە بنەماکانی سۆسیال دیموکرات، پێویستی بە گۆڕان هەیە.

(٢٠) کیانی سیاسی فۆرمی بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکانیان وەرگرتووە

ڕۆژنامە

عەلی قادر سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ڕایگەیاند: تەنیا دوێنێ زیاتر لە ٢٠ کیانی سیاسی فۆرمی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردندا وەرگرتووە، بۆ ئەوەی بێنە نێو ململانێی هەڵبژاردنەکان، وتیشی: «مەرج نییە تەواوی ئەو کیانانە بە بەشداربوو دابنێین، چونکە مەرج نییە ئەو کیانانە وەک کیان قبوڵ بکرێنو ڕێگەی بەشداریکردنیان پێ بدرێت لە هەڵبژاردنەکان».

هەروەک ئەوەشی خستەڕوو، کە ئەگەرچی کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەی هەرێم ناتوانن وەک دەنگدەر بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، بەڵام دەتوانن وەک کیانی سیاسی لیست پێکبهێنن‌و خۆیان بپاڵێون بۆ کێبڕکێی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی یاسای هەڵبژاردنەکاندا.

بەپێی زانیارییەکانی دەستەی هەڵبژاردنی هەرێم کە دوێنێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە هەولێر خرایەڕوو، ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو ئامارەی کە لە کۆمپانیای دابەشکردنی خۆراکەوە وەریانگرتووە، دەگاتە (٤٣٨٢٩١٠)کەس‌و لەو ژمارەیەش (٢٥١٨٢٩٠) کەس مافی دەنگدانیان هەیە، کە دەکاتە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی هەرێم.

لەلاپەڕە ٣دا
بەدواداچوونێک بلاوکراوەتەوە

سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت ڕەزامەندن ١٢ هەزار ئاوارەی فەلەستینی بێنە کوردستان

ڕۆژنامە

جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێم ڕەزامەندییان نیشانداوە، بۆ هاتنی ١٣ هەزار ئاوارەی فەلەستینی بۆ هەرێمی کوردستان، کە ئێستا لە ناوەڕاست‌و باشووری عێراق نیشتەجێن.

ڕۆژی ٤/١٣ مەحمود عەباس سەرۆکی دەسەلاتی فەلەستینی بە سەردانێکی ڕەسمیی گەیشتە هەرێمی کوردستان‌و دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، ڕایگەیاند: هیواخوازین لە گرتنە خۆی ئەو ١٣ هەزار ئاوارە فەلەستینییەدا، کە لە عێراق هەن، هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵ بگێڕێت، لەبەرامبەردا سەرۆکی هەرێم ڕەزامەندی لە سەر ئەو خاڵە نیشاندا.

عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت ڕەزامەندیمان نیشانداوە، لەسەر نیشتەجێکردنی ئەو ١٣هەزار ئاوارە فەلەستینییەی کە لە ناوچە نائارامەکانی ناوەراست‌و باشووری عێراق نیشتەجێن‌و بەبروای من ئەوە کارێکی خراپ نییە، چونکە هەم لە ڕووە ئابوورییەکەو هەم لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی کوردو فەلەستینیش ڕۆڵێکی باش دەگێڕێت».

زیاتر لە ل ٣ دایە

مالیکی کێشەی زیندانییە سیاسییەکانی هەرێم یەکلایی دەکاتەوە

فەلاح نەجم

لە کۆبوونەوەی پێڕێی نوری مالیکی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەگەڵ کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکانیانی داوە.

هەرچەندە سەرەتا لە کوردستاندا زیاتر لە (٥٧) هەزار زیندانی‌سیاسی‌ناونووسکرابوون، بەڵام پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەرکەوت، کە (٢٧) هەزار زیندانی سیاسیی لە کوردستاندا هەن، بە بروای محەمەد پشدەری، ئەندامی دەستەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، لە کوردستاندا لە (٧) هەزار زیندانی سیاسیی زیاتر نییە، ئەو زیادەی کە نووسراوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا تۆمارکراون.

هەرچەندە هەر زیندانییەکی سیاسیی عێراق مانگانە بری (٥٠٠) هەزار دینار وەردەگرێت، بەڵام تائێستا ئەو بڕیارە لە کوردستان پەیرەو ناکرێت، چونکە حکومەتی عێراق دەیەوێت لە بڕی (١٧٪)کەی هەرێم، ئەو مووچەیە سەرفبکات. حکومەتی هەرێم ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە بەپێی وتەی ئەحمەدی مام ڕەسوڵ جێگری سەرۆکی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان، لە دانیشتنی پێڕێی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستانی لەگەڵ مالیکی-دا بەڵێنی ئەوەی پێداون لەوکاتەوەی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق مووچەیان بۆ سەرفکراوە، هەمان بڕە پارە بۆ زیندانییە سیاسییەکانی کوردستانیش سەرف بکات.

پەکەکە بەشداریی کۆنگرەکەی هەولێر دەکات

لە ٢

پارتی‌و یەکێتی بەشداریی کۆنگرەی باڵی مەکتەبی سیاسییان کرد

کێشە ناوخۆییەکانی زەحمەتکێشان ئاڵۆزتر بوو

بەرهەم خالید

دوێنی لە شاری هەولێر باڵی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆنگرەی شەشەمی خۆی دەستپێکردو لەسەر ناوی حیزبەکەش هەردوولا یەکترێ تۆمەتباردەکەن‌و هەڕەشەی یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشەیە دەکەن لە ڕێگای یاساوە.

سەعد خالید، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی زەحمەتکێشان، دەربارەی کۆنگرەکە ڕایگەیاند: ئەوان ئامادەکارییان بۆ ئەو کۆنگرەیە کردووەو دوێنێ بە ئامادەبوونی (٣٧٥) ئەندام کۆنگرەکەیان دەستپێکردووەو نوێنەری هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی‌و پارتیش ئامادەی کۆنگرەکەبوون، کە ئەوەش واتای شەرعیەتی حیزبەکەیەو وتیشی: «ئێمە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی حیزب مامەڵەمانکردووەو لە کۆنگرەکەدا کۆمیتەی ناوەندی نوێو سکرتێری نوێ هەڵدەبژێرینو کێشەی ناوی حیزبەکەش لە ڕێگەی یاساوە یەکلایی دەکەینەوە».

لە بەرامبەردا فەتاح زاخۆیی، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشان، باڵی قادر عەزیز کە پێش ماوەیەک کۆنگرەی شەشەمیان بەستو تێیدا قادر عەزیز وەک سکرتێری حیزب هەڵبژێردرایەوە، ڕایگەیاند: ئامادەبوونی نوێنەری یەکێتی‌و پارتی شتێکی ئاساییەو مانای ئەوە نییە کە شەرعیەت لای ئەوانەو وتی: «ئێمە لە کۆنگرەی سێیەمەوە هیچ لایەنێکمان بانگهێشتی کۆنگرە نەکردووەو ئەوانیش ئازادن بە هەر ناوێک کاربکەن، چونکە ئەگەر بە هەمان ناوەوە بەردەوامبن، ئەوا ئێمە بە یاسا ئەوە یەکلایی دەکەینەوەو دوێنێش کیانی حیزبەکەمان لە کۆمسیۆن نوێکردەوە، بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا».

«لیستی سەربەخۆ تێرکردنی پرۆسەی دیموکراسییە»

ڕۆژنامە

موهەنەد کینانی، سەرۆکی دەستەی ئیداری ڕێکخراوی تۆڕی عەینی عێراقی بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن، ئامازە بە ڕەهەندە سلبییەکانی لیستی داخراو دەکات‌و پێیوایە، «لیستی داخراو بەشێوەیەکی ئاشکرا پاڵپۆراو لە دەنگدەر دووردەخاتەوە، بەو پێیەی دەنگدەر پاڵپۆراوانی ئەو لیستە لێک جیاناکاتەوەو ئیرادەی دەنگدەر تەنیا بە حیزبەکەوە دەبەستێتەوەو ئەگەرێکی زۆر دەدات بە گەندەڵبوونی ئیرادەی دەنگدەر لە ڕێگای گەیشتنی کەسانی ناشایشتەو بێ توانا بۆ کورسی دەسەڵات.»

لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا، کە دەقەکەی لە لاپەڕە(٦)دا بلاوکراوەتەوە کینانی دەڵێت: «دەرکەوتنی لیستی سەربەخۆی ناحیزبی تێرکردنی پرۆسەی دیموکراسیی سیاسییە لە ڕێگای پێدانی دەرفەت بۆ سەرجەم لایەنو کەسەکان بۆ بەشداریی سیاسیی، ئەوەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە دەمارگیریی حیزبی‌و هاتنەکایەی دیموکراسییەتی ڕاستەقینە».

(٢٠) کیانی سیاسی فۆرمی بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکانیان وەرگرتووە

ئیبراهیم عەلی

تۆمارکردنی ناوی کیانە سیاسییەکان

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەبارەگای کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، عەلی قـادر بـەرپـرسـی ئـەو دەستەیە لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند: لە دوێنێوە دەستکراوە بـە تۆمارکردنی نـاوی کیانە سیاسییەکان بۆ بەشداریکردن لـە هـەڵـبـژاردنـی پەرلەمانی کوردستاندا هەرچەندە، تائێستا رۆژی هـەڵـبـژاردن لـەلایـەن سـەرۆکـی هـەرێـمـەوە دیـاری نەکراوە.

عەلی قادر رایگەیاند: کیانە سیاسییەکان دەتوانن تا کۆتایی دەوامـی رەسمیی لـە رۆژی ٤/٢٤ ناوی خۆیان تۆمار بکەنو بـۆ ئـەم مەبەستەش هەموو ئامادەکارییەک کراوەو پێویستە کیانە سیاسییەکان فۆرمێک پڕبکەنەوە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنو ئەوەشی خستەڕوو، کە تەنیا ئەرمەنەکان بۆیان هەیە لیستی یەک کەسی پێشکەشی کۆمسیۆن بکەن، ئەگەرنا تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی هەرێم دەبێت بەپێی رێنماییەکانی یاسای هەڵبژاردن لیست پێشکەش بکەن.

نیوەی زیاتری دانیشتووانی هەرێم دەتوانن دەنگ بدەن

بـەرێـوەبـەری کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوەشی خستەڕوو، کە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو ئامارەی کە لە کۆمپانیای دابەشکردنی خۆراکەوە وەریانگرتووە، دەگاتە (٤٣٨٢٩١٠)کەسو لەو ژمارەیەش (٢٥١٨٢٩٠) کەس مافی دەنگدانیان هەیە، کە دەکاتە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی هەرێم، ئەمە لە کاتێکدایە هەر هاوڵاتییەک فۆرمی خۆراکەکەی سەر بە یەکێک لە سێ پارێزگاکەی هەرێم نەبێت، ناتوانێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەنگ بدات.

عەلی قادر ئەوەشی خستەڕوو، کـە لـە هـەرێـمـی کـوردسـتـان (١١٥٠) بنکەی دەنگدانو (٥٤٠٣) وێستگەی دەنـگـدان هەیە، کە بۆ هەر بنکەیەک کۆمسیۆن ١٢ فەرمانبەری دابینکردووە.

دەتوانرێت لیستی سەربەخۆ پێکبهێنرێت

ئـەو بەرپرسەی کۆمسیۆن وتـیـشـی: «هـەمـوو کەسێک بەپێی رێنماییەکانی یاسای هەڵبژاردنی هەرێم دەتوانێت لیستی سەربەخۆ پێکبهێنێتو قەوارە سیاسییەکانیش دەبێت بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن (٢٥) ملیۆن دینار بدەن بە کۆمسیۆنو قەوارەی تاکە کەسیش دەبێت (٥) ملیۆن دینار بدات، بەرێوەبەری کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، جەختیشی کردەوە، کە بودجە نابێتە ڕێگر لە بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا.

نەبوونی بودجەو کێشەی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن

لەلایەکی دیکەوە، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی دوێنێیدا هەندێک لە پەرلەمانتاران بە پێویستیانزانی، کە حکومەتی هـەرێـم بـودجـەی هـەڵـبـژاردن دابینبکات، بۆ ئەوەی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن کێشەی تێنەکەوێت، د.نـوری تالەبانی ئـەنـدامـی پـەرلـەمـان، وتـی: «نابێت بودجە ببێتە کێشە بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن».

هاوکات عوسمان بانی مارانی، ئەندامی پەرلەمان، وتی: «ناکرێت ئێمە ئەنجامدانو ئەنجامنەدانی هـەڵـبـژاردن ببەستینەوە بە دابینکردنی بـودجـە لـەلایـەن حکومەتی عێراقیەوە، چونکە لە هەرێمدا ئیمکانیەتی ئەوە هەیە، کە ئەو بڕە پارەیە دابینبکرێت».

سـەرۆکـی پـەرلـەمـانـیـش ئـەنـدامـانـی پـەرلـەمـانـی لـەوە دڵنیاکردەوە، کە حکومەتی هەرێم ئـەو بـڕە پـارەیـە دابینەدەکات، وتیشی: «بەڵام جارێ دەمانەوێت مافی خۆمان لە بەغدا وەربگرین، کـە دابینکردنی بودجەیە بۆ هەڵبژاردن، ئەگەر ئەوان دابینیان نەکرد، ئەوا حکومەتی هەرێم ئەو بڕە پارەیە دابینەدەکات».

دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن

بەپێی ئەو پرۆژە بڕیارەی، کە دوێنی بەزۆرینەی دەنگ لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، سەرۆکی هەرێم دوای دابینکردنی پێداویستییەکانی هەڵبژاردن، ڕۆژی هەڵبژاردن دیاریدەکات، کـە لـە خـاڵـی یەکەمی پـرۆژە بڕیارەکەدا هاتووە: «سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی پێدەدرێت بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، دوای دابینکردنی پێداویستییەکانی پـرۆسـەی هـەڵـبـژاردن لـەلایـەن کۆمسیۆنی بـالای هەڵبژاردنەکانەوە».

پرۆژەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان

خاڵی دووەمی کۆبوونەوەکەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستان، بڕیتیبوو لە گفتوگۆکردن لە بارەی پرۆژەیاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بە زۆرینەی دەنـگ دوای زیـاتـر لـە سێ کاتژمێر گفتوگۆکردن، پازدە بڕگە لە مادەی شەشەمو مادەی حەوتەمی پرۆژەیاساکە پەسەند کرا.

(٢٠) کیانی سیاسی فۆرمی بەشداری وەردەگرن

عەلی قـادر، لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەدا رایگەیاند: «تەنیا دوێنێ زیاتر لە بیست کـیـانـی سـیـاسـی فـۆرمـی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردندا وەرگرتووە، بۆئەوەی بێنە نێو ململانێی هەڵبژاردنەکان، بەڵام مەرج نییە تەواوی ئەو کیانانە بە بەشداربوو دابنێین، چونکە مەرج نییە ئەو کیانانە وەک کیان قبوڵ بکرێنو ڕێگەی بەشداریکردنیان پێبدرێت لە هەڵبژاردنەکان».

کوردەکانی دەرەوە دەتوانن خۆیان بپاڵێون

عـەلـی قـادر لـە دریـژەی لێدوانەکـەیـدا بـۆ ڕۆژنـامـە، ئەوەی خستەڕوو، کە ئەگەرچی کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەی هەرێم ناتوانن وەک دەنگدەر بـەشـداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن، بەڵام دەتوانن وەک کیانی سیاسی لیست پێکبهێنن و خۆیان بپاڵێون بۆ کێبەرکێی هەڵبژاردن لـە چـوارچـێـوەی یـاسـای هەڵبژاردنەکان.

سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت ڕەزامەندن، ١٣ هەزار ئاوارەی فەلەستینی بێنە کوردستان

شارا عەبدولڕەحمان

سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێم ڕەزامەندییان نیشانداوە، بۆ هاتنی ١٣هەزار ئاوارەی فەلەستینی بۆ هەرێمی کوردستان، کە ئێستا لە ناوەڕاستو باشووری عێراق نیشتەجێن.

ڕۆژی ٤/١٣ مەحمود عەباس سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی بە سەردانێکی ڕەسمیی گەیشتە هەرێمی کوردستانو دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنـامـەوانـیـدا لـەگـەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەحمود عەباس ڕایگەیاند: هیواخوازین لە گرتنەخۆی ئەو ١٣هەزار ئاوارە فەلەستینییەدا، کە لە عێراق هەن، هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵی عێراق بگێڕێتو سەرۆکی هەرێم ڕەزامەندی لە سەر ئەو خاڵە نیشاندا.

عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەت بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: سەرۆکایەتی هـەرێـمو حکومەت ڕەزامەندیمان نیشانداوە، لەسەر نیشتەجێکردنی ئـەو ١٣هـــەزار ئـاوارە فەلەستینییەی کە لە ناوچە نائارامەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق نیشتەجێنو بەبڕوای من ئەوە کارێکی خراپ نییە، چونکە هەم لە ڕووە ئابوورییەکەو هەم لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی کوردو فەلەستینیش ڕۆلێکی باش دەگێڕێت.



ئەم لێدوانەی جێگری سەرۆکی حکومەت لە کاتێکدایە، کە تەنیا لە سلێمانی ١٨٣هەزار خێزان کڕێچینو بە هاتنی ئەو ئاوارە فەلەستینیانە قەیرانی نیشتەجێبوون زیاتر قوڵدەبێتەوە.

لەو بارەیەشەوە عیماد ئەحمەد وتی: «بەپێچەوانەوە ئەمە قەیرانی نیشتەجێبوون دروسـت ناکات، چونکە ئێمە خانوو بۆ ئەو ئاوارانە دروستناکەین، بەڵکو لە ناوەڕاستو باشوور چۆن نیشتەجێن، لە هەڕێمیش بە هەمان شێوەو لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەبن.

وتیشی: «بۆ ئەو خاوەن خانووانە سوودی هەیە، کە خانووەکانیان بە چۆڵی ماوەتەوە تا بیدەنە کرێ بەو ئاوارە فەلەستینیانە».

بەڵام بەبڕوای سکرتێری کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە مافی کرێنشینان، ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت بۆ ڕەزامەندی نواندن لەسەر نیشتەجێکردنی ئاوارە فەلەستینیەکان، لـەوەوە سـەرچـاوەی گـرتـووە، کە «بەرپرسانی کورد ئاگاداری واقیعی ژیانی خەڵکی هەرێمەکەی خۆیان نین. لەکاتێکدا ئەو ڕەزامەندییە دەردەبڕن کە نزیکەی دانیشتووانی هەرێم کرێچین».

عەتا هەولێری، سەرۆکی ئەو یەکێتییە بە ڕۆژنامەی وت: «بەشێکی زۆری دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کێشەی هەرە سەرەکییان نەبوونی یەکەی نیشتەجێبوونە، ئێستا چۆن بەرپرسانی کورد ڕەزامەندی لەسەر هاتنی ئەو فەلەستینیانە دەردەبـڕن، پێویست بـوو پێش ئـەو بـڕیـارە خوێندنەوەیەکی وردو واقیعییانەیان بۆ ژیانی خەڵکی هەرێمەکەی خۆیان بکردایە، کە لە دوا ڕۆژدا پەشیمانی لە دوا نەبێت».

ئەوەی پێویستە بوترێت

عەدنان عوسمان



(٥)

مووچەدان

وەک دەوترێت بەشی شێری بودجەی کوردستان بۆ مووچە دەڕوات، واتە پاش ئـەوەی حیزب بەشێکی باشی ئـەو بڕە بودجەیەی دەگاتە هەرێم لە بەغداوە، وەیا لە کەناڵو ڕێگای دیکەوە دەستدەکەوێت بۆ خۆی وەلاوە دەنێت، ئەوەی دەمێنێتەوە زۆرترینی بۆ پێدانی مووچە سەرفدەکرێتو کەمترین ڕێژەش بۆ خزمەتگوزاریو بنیاتنانو گەشەپێدان تەرخاندەکرێت.

لە ڕاستیدا ئێمە نە دژ بە پێدانی مووچەینو نە لەگەڵ بڕینی مووچەی هیچ هاوڵاتییەکداین. قسە لە سەر بڕین یا نە بڕینی مووچە نییە، قسە لە سەر زۆربی ڕێژەی مووچەخۆر نییە، بەڵکو مەبەستی ئێمە لێرەدا پەنجە خستنە سەر شێوازی پێدانی مووچەیە لەگەڵ ئەو عەقڵییەتەی لەپشت ئەو شێوازەوەیە.

هەموو هاوڵاتییەکی کوردستان مافی خۆیەتی خاوەنی داهاتو دەرامەتی خۆی بێتو بە هۆیەوە سەربەرزانە خۆیو ماڵ ومندااڵی ژیان بگوزەرێنن، هەر کەسێک لە توانایدا هەبێت کار بکات دەبێت دەوڵەت مشوری ئەوە بخوات، کارێکی گونجاوی بە مووچەیەکی عادیلانەوە بۆ دابینبکات، ئەگەریش بە هەر هۆیەکەوە بواری کارکردنی نەبوو، دەبێت دەوڵەت ژیانی خۆیو منداڵەکانی دابین بکاتو مووچەیەکی بۆ تەرخان بکات، کە لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیانی بۆ فەراهەم بکرێت. تەنانەت گەر کەسێک مووچەخۆری دەوڵەتیش نەبێت لە کاتی نە توانایی(بە هەر هۆیەکی پزیشکییەوە بێت) پێویستە حکومەت مشوری گوزەرانی خۆیو خێزانی بخواتو ژیانێکی سەربەرزانەی بۆ دابین بکات. بە کورتی دەوڵەت دەبێت لە خەمی هەموو هاوڵاتیاندا بێتو داهاتی وڵات بە بەرنامەو نەخشەی دروستەوە لە خزمەتی ژیانێکی باشدا بێت بۆ هاونیشتمانیان. ئەمەش ئەو حاڵەتەیە، کە لە زۆربەی وڵاتە دیموکراتو پێشکەوتووەکاندا پیادە دەکرێت.

بەڵام ئایا مووچەدان لە کوردستاندا، لە سەر ئەو بنەماو سیستمە سۆسیالەیە، کە لەو وڵاتانە پەیڕەو دەکرێت، یان بەشێکە لە بێبەرنامەییو نەبوونی پلان؟ زۆر جار بەرپرسانی وڵات لە کاتی چاوپێکەوتنو گفتوگۆکاندا بە پەژارەوە باس لەوە دەکەن، کە زۆرینەی بودجە بۆ مووچە تەرخانکراوەو هیچی ئەوتۆ نامێنێتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان. کەواتە مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە نییە، کە ئەم شێوازی مووچەدانە بەشێک بێت لە سیستمی: «هەموو هاوڵاتییەک دەبێت بژێتو سوودمەند بێت لە داهاتی وڵات». بەشێک نییە لە فەلسەفەی دەوڵەت، کە لە خەمی هەموواندایە، بەڵکو بەشێکی دیکەیە لەو بێسەروبەرییو بێ بەرنامەییەی لەم هەرێمە دەگوزەرێتو تا دێت دژوارتر دەبێتو ململانێی حیزبییەکانیش بواری ئەوە بە هەردوو حیزب نادەن، بە دوای چارەسەرێکی مەعقولدا بگەڕێنو داهاتی کوردستان لەو کۆیلەییو بە هەدەردانە ڕزگار بکەن.

دانی مووچە پەیوەست نەبووە بە هیچ پرەنسیپێکی ئیداریو ماڵییەوە لە کوردستاندا: کەسو مووچەی شیاو بۆ شوێنی شیاو، واتە نە لەسەر بنەمای پێویستیو نە لەسەر بنەمای ئەرکو تواناو کەفائەت دانەنراوە، تەنیا پێوەرێک کە هەردوو حیزب کاریان لەسەر کردووە لە مەسەلەی مووچەدا پێشبرکێی ئەوە بووە، کامەیان لە کاتێکی کەمدا زۆرترین موچەخۆر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو بە ناچاریش پەیوەستی دەکات بە سیاسەتەکانی خۆیەوە. ئەو لەشکرە زۆرەی مووچە خۆر لەبری ئەوەی هێزێکی بەرهەمهێنەری داهێنەر بن، بوونەتە باریش بەسەر بودجەی هەرێمەوە، لەوەش سەختتر ئەوەیە، بڕی مووچەی تەرخانکراویش بۆ هاوڵاتیان لانی کەمی پێداویستییەکانی ژیانیش فەراهەم ناکاتو زۆرینەی مووچەخۆران ناچارن بە شکڵو شێوازی دیکە بەدوای داهاتی دیکەدا بگەڕێن، لە پێناو بەسەربردنی ژیانێکی ئاساییدا.

کارەساتێکی گـەورەو هەڵوێستێکی نائینسانی قورسە مووچەدان بکرێتە شێوەیەک لە دەستەمۆکردنی خەڵکو بەتایبەت فەرمانبەرانو بۆ مەرامو مەبەستی سیاسیو حیزبی بەرتەسکدا بەکاربهێنرێت. هەڕەشەکردن لە مووچەخۆرانو ترساندنیان بە نان بڕینیانو ناچارکردنیان بۆ بەشداربوون لە کۆڕو بۆنە حیزبییەکانو بەکارهێنانیان وەک ماشێنێکی حیزبیو بۆ مەبەستی حیزبی بەشێکە لە عەقڵییەتێکی پاوانخوازانە، کە بە هیچ شێوەیەک لە گەڵ دروشمی کۆمەڵگای ئینسانیو کراوەو مۆدێرندا ناگونجێت.

سزادانی خێزانیش لە سەر هەڵوێستی سیاسی باوک، یا دایک، یا بەخێوکەری خێزان شێوازێکی قێزەونی کەم نموونەیە تەنانەت لە وڵاتە دیکتاتۆرەکانیشدا.

هەموو کەسێک لە کوردستاندا، کە توانای هەیە پێویستە کاری بۆ دابین بکرێت، ئەوەشی بە هەر هۆیەکی ڕەواوە لە توانایدا نەبێت کار بکات، دەبێت دەوڵەت لە بودجەی وڵات ژیانی خۆیو ماڵو مندااڵی دابین بکات، بە هیچ شێوەیەکیش نابێت پێدانو بڕین، زیادکردن یا کەمکردنی مووچە پەیوەست بکرێتەوە بە ئەجێندای بەرنامە حیزبیو سیاسییەکانەوە، مافی ڕەوای خەڵکە سوودمەندبن لە داهاتی وڵات، کە مولکی هەمووانەو دەبێت بەپێی پلانێکی زانستیو لە ژێر سەرپەرشتی پەرلەمانێکی ڕاستەقینەدا سەرف بکرێتو هەموو لایەک لێی سوودمەند بن.

وەزارەتی پەروەردە داواکەیان ڕەتدەکاتەوە

دهۆک داوا دەکات قوتابیان بە کرمانجی بخوێنن

ئارام شێخ وەسانی

ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی ئەو شارە داوایەکی ڕەسمیی پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە دەکەن، بۆئەوەی پرۆگرامی خوێندنی پۆلەکانی (٧، ٨، ٩) بکرێتە زاراوەی کرمانجی، بەڵام وەزارەت داواکەی ڕەتکردوونەتەوە.

ئیبراهیم شاڵی، بەرپرسی کوتلەی یەکێتی لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕانو لێژنەی پەروەردەی چەند لایەنێکی دیکە، داوایەک گەیەنرایە ئەنجومەنی پارێزگا سەبارەت بە گۆڕینی پەرتووکی خوێندن بۆ زاری کرمانجی، بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجومەنی پارێزگا کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجامدا، لە کۆبوونەوەکەدا بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی دهۆک لە ٣/٤دا داوایەکمان بەرزکردەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە کە خوێندنی پۆلەکانی (٧، ٨، ٩) بکرێتە کرمانجی، بەڵام وەزارەت داواکەی ڕەتکردوونەتەوە.

لە نووسراوەکەدا کە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دهۆک ناردوویەتی، هاتووە «گۆڕانی زمانی خوێندن بۆ کرمانجی لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە نەک ئێمە، ئەویش لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستانەوە دەبێت نەک بەمجۆرە».

بەرپرسی کوتلەی یەکێتی لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، وتی: «ڕێژەی دەرچوون لەو قۆناغانە لەئاستێکی نزمدابوو، قوتابییەکانمان تووشی گرفت بوون، بۆیە ئەو داوایەمان پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە کرد».

سەرنووسەری پێشووی (هاوڵاتی) بە یەک ملیۆن دیناری دیکە غەرامەکرا

هەستیار قادر

لە سەر داواکەی کۆمپانیای نۆکان سەرنوسەری پێشووی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بە یەک ملیۆن دینار غەرامە کرا.

دوێنێ دادگای کەتنی سلێمانی بڕیاری غەرامەکردنی عەبد عارف سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) دا، لەسەر داواکەی یاسایی کە کۆمپانیای نۆکان لەسەری تۆماری کردووە، سەبارەت بە ناوهێنانی کۆمپانیای ناوبراو لەنێو ڕاپۆرتە وەرگێڕدراوەکەی مایکل ڕۆبنی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکیی.

کەمال ڕەئوف سەرنووسەری هاوڵاتی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەشێوەیەکی کتووپڕ دادگا ئەو بڕیارەی داوەو سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بە یەک ملیۆن دینار غەرامەکردووە».

هاوکات عەبد عارف سەرنووسەری پێشووی هاوڵاتی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە لە ڕاپۆرتە وەرگێڕدراوەکەی (مایکل ڕۆبن)دا ناوی کۆمپانیای نۆکان هاتووە، کە بۆ «بەرژەوەندی حیزب، بەرژەوەندی گشتیی بەکارهێناوە»

سەرنووسەری پێشووی هاوڵاتی وتیشی: «پێویستی نەدەکرد کۆمپانیای نۆکان ئەو کارەبکات و لە ڕاپۆرتە وەرگێڕدراوەکەدا ئیهانەی پێنەکراوە».

بەرپرسی لقی پارتی لە موسڵ:

پابەند نابین بە فەرمانو بڕیاری ئیدارەی نوێی موسڵو جێبەجێیان ناکەین

هەستیار قادر



سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بە مەرسومی کۆماری، ئەسیل نجیفی وەک پارێزگار پەسەندکردو بەرپرسی لقی پارتیش لە موسڵ دەڵێت: «کات زوو بوو بۆ دەرکردنی ئەو مەرسومە»

سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بە مەرسومێکی کۆماری دامەزراندنی ئەسیل نجیفی سەرۆکی لیستی حەدبای موسڵی وەک پارێزگاری ئەو شارەو چەند پارێزگارێکی دیکەی پەسەند کردووە، بەپێی ئەو مەرسومە، کە لە ٢٠٠٩/٤/١٤ دەرچووەو ئیمزای هەریەک لە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارو عادل عەبدولمەهدیو تاریق هاشمی جێگرانی سەرۆک کۆماری پێوەیە، ئاماژە بەوەدراوە کە بریاری دامەزراندنی نجیفی وەک پارێزگاری موسڵ لە ڕۆژی دەرچوونی ئەو مەرسومەوە کاری پێ دەکرێت.

دەرچوونی ئەو مەرسومە لە کاتێکدایە، کە لیستی برایەتی نەینەوای کوردی نارازییە لە پێکهاتەی حکومەتی محەلی موسڵ بەو پێیەی لیستی حەدبا لە پۆستە سیادییەکانی بێبەشی کردوون، هەرچەندە قاسم سالح سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەوا، دەرچوونی ئەو مەرسومەی بە هەنگاوێکی یاسایی لە قەڵەمدا، بەڵام خەسرەو گۆران بەرپرسی لقی موسڵی پارتی پێیوایە «کات زوو بووە بۆ دەرکردنی ئەو مەرسومە کۆمارییە»

خەسرەو گۆران، کە لە ئیدارەی پێشووی موسڵدا جێگری پارێزگار بوو، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پەیوەندیم بە سەرانی لیستی حەدباوە کردووەو پێموتوون «کە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی موسڵ هەڵەیەکی مێژوویییەو ڕێنادەین دەست لەناوچە کوردییەکان وەربدەنو پەیوەستیش نابین بە فەرمانو بڕیاری ئیدارەی نوێوەو جێبەجێی ناکەین»

لێدوانی ئەو بەپرسە کوردە لە کاتێکدایە، کە بەپێی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، ئەنجومەنی پارێزگا بەرزترین دەسەڵاتی ئیداریو یاساییو دارایی دەبنو تەنیا لە ژێر چاودێری پەرلەمانی عێراقدا دەبن.

هاوکات پەرلەمانتارێکی عێراقیش دەڵێت «ڕەتکردنەوەی پارێزگاری هەڵبژێردراو لە دەسەڵاتی هیچ لایەنێکی عێراقییدا نییە».

سامی ئەتروشی ئەندامی لیژنەی هەموارکردنی دەستوور لە پەرلەمانی عێراق، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە بەپێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە دوای هەڵبژاردنی پارێزگار لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە سەرۆکایەتی کۆمارو هیچ لایەنێکی دیکە ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە، تەنیا پەرلەمان نەبێت، کە دەتوانێت پارێزگار لابەبات، ئەگەر مەرجی پارێزگاربوونی تێدانەبێت کە لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دیاریکراوە».

لە هەڵەبجە (٥٠) کرێکاری شارەوانی لادەبرێن

ئارام نەجیم

بە مەبەستی ناڕەزایی دەربڕین، لەسەر دەرکردنیان لە کارەکانیان، زیاتر لە پەنجا کرێکاری شارەوانیی هەڵەبجە لە بەردەم شارەوانییدا کۆبوونەوەو داوایان دەکرد لەسەر کارەکانیان لانەبرێن.

محەمەد مەحمود کە کرێکارێکی لەسەر کار لابراوە، وتی: «بۆ ساڵێک زیاترە لێرە کار دەکەین بێ کەموکوریی و لەو ماوەیەدا هەندێک کاریان پێکردووین، کە ئیشی کۆمپانیاکان بووەو بەئێمەیان کردووە، ئێستا بەبیانووی ئەوەی کە کەم کاردەکەین، دەیانەوێت لامان بەرن، ئێمە ڕۆژانە دەبێت (٨) سەعات کار بکەین، بەڵام لە(١٠) سەعاتیش زیاتر کاردەکەینو موچەکەشمان زۆر کەمە، ئێمە هەر ڕازی بووین».

لەو بارەیەوە خدر کەریم سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە ئەوەی ڕەتکردەوە، کە ئەو کرێکارانە دەرکرابنو وتی: «تەنیا پێمان ڕاگەیاندوون کە دەبێت بەپێی گرێبەستەکە (٨) سەعات کاربکەن، بەڵام ئەوان پەیوەست نین بە گرێبەستەکەوە، زۆرجار چووم ئامادەنین لەو جێگەیەی کە بۆیان دیاریکراوە کاری تێدابکەن»، وتیشی: «ژمارەیەک لە کرێکارەکان کاری دیکەیان هەیەو ناتوانن ئەم ئیشەیان بکەن». هەروەک ڕەتیکردەوە کرێکارەکان ئیشی کۆمپانیایان پێکرابێتو وتی: «ئەوە تەنیا بۆ شێواندنی واقیعەکە وا دەڵێن، خەڵکی دیکەمان هەیە لە ناو شاردا هیچ کارێکی نییە، با ئەوانە بێن کار بکەن».

ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەغداو هەرێم، لیژنەیەک پێکدەهێنن

دیە فازل

لیژنەیەکی هەماهەنگی لەنێوان ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەغداو ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان پێکهات.

حاکم ڕزگار محەمەد ئەمین ئەندامی لیژنەی هەماهەنگی نێوان ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەغداو ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە ئاشکرایکرد: کە لیژنەی هەماهەنگی لەنێوان هەردوو ئەنجومەنی دادوەری بەغداو هەرێم لە٢٠٠٩/٣/٣١- وە پێکهاتووە، هەفتەی داهاتووش یەکەم کۆبوونەوە لە بەغدا ساز دەکەن.

بە وتەی حاکم ڕزگار، ئامانجیش لە دامەزراندنی ئەو لیژنەیە بەستنی پەیوەندیو هاوکارییە لەنێوان ئەنجومەنی باڵای دادوەری بەغداو ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاداشتی لێکتێگەیشتنەی لەنێوان هەردوو سەرۆکی ئەنجومەنەکە ئیمزاکراوە، لەگەڵ ڕێکخستنی کاروبارەکان لەنێوان هەردوولا، لە بواری تایبەتمەندێتیو جێبەجێکردنی بڕیارە شارستانییەکان.

سەبارەت بە هۆکاری پێکهێنانی لیژنەیەکی لەو جۆرە، حاکم ڕزگار تەئکیدی کردەوە، کە زۆرکات ئەو مامەڵە یاساییانەی دەکرێن لە هەرێم، لە ناوچەکانی ناوەراستو باشوور کاریان پێناکرێتو بەپێچەوانەشەوە، بەتایبەت لە ناوچە سنووریییەکانی نیوان هەرێمی کوردستانو پارێزگاکانی دیکە، زۆرکات وەک دوو وڵاتی لە یەک جیاواز کاردەکرێتو بڕیارەکانی دادگا، کە لەلایەک دەردەچێت لەلاکەی دیکە شەرعیەتی نەبوو، کەس وەرەقەی کەسی نەدەخوێندەوە.

پەکەکە ئاگربەستی ڕاگەیاند

نیان مەجید

پارتی کرێکارانی کوردستان ئاگربەستی یەکلایەنەی تا مانگی حوزەیران ڕاگەیاندو بە مەرجی دانەنانی چەکیش بەشداری کۆنگرەی نەتەوەیی دەکات، کە بڕیارە لە هەولێر سازبکرێت.

کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکی کوردستان، لە ١٣ی ئەم مانگەدا بەیاننامەیەکی بۆ ڕای گشتی بڵاوکردەوەو تێیدا ئاگربەستی یەکلایەنەی خۆی ڕاگەیاند، لە بەیاننامەکەدا هاتووە: کە کۆما جڤاکی کوردستان بڕیاریدا کە قۆناغی ڕاگرتنی چالاکییە سەربازییەکانی کە لە٢٩ی مارتدا مۆڵەتەکەی بەسەرچووەو تا یەکی مانگی حوزەیران درێژبکاتەوەو ڕاشیگەیاندووە: ئەگەر دەوڵەتی تورک هێرش نەکات، ئەوانیش هیچ جۆرە چالاکییەکی سەربازی ئەنجام نادەن. لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کە بڕیارەکەیان بە ڕێگەی پرۆژەیەکی بەرفراوانی چارەسەری، بەرای گشتی جیهان ڕادەگەیەنن و بۆ سەرخستنی قۆناغەکە، بانگی دەوڵەتی تورکو هێزو لایەنە دیموکراتخوازەکان دەکات کە بە هەستیارییەوە بجوڵێنەوەو پشتیوانی لەو قۆناغە بکەن.

لەگەڵ ڕاگرتنی شەردا پەکەکە مەرجی دانەنانی چەکی هەیە بۆ بەشداریکردن لەو کۆنگرە نەتەوەییەی بۆ هەموو پارتە کوردییەکان لە هەولێری باشووری کوردستان، بە ناوی کۆنگرەی یەکخستنی گوتاری کوردی ڕێکدەخرێت.

لیژنەی لێکۆڵینەوە چوار مانگ زیاترە داوای کۆبوونەوە لەگەڵ بارزانی دەکات

سەرۆکایەتی هەرێم چارەنووسی فایلدارەکانی دیاری نەکردووە

دیە فازڵ

پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر پێکهێنانی لیژنەی باڵای لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان، تائێستا هیچ فایلدارێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نەکراوە، چاودێرانی سیاسیش تەئکید دەکەنەوە کە پشتگوێخستنی ئەو فایلدارانە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە پێویستە وەک کارتێک بەکاربهێنرێت.

سەرچاوەیەک لە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان ئەوەی ڕوونکردەوە، کە لیژنەکەیان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧-ەوە بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم دامەزراوەو نزیکەی (٩) ئەندامنو پاش ساڵێک کارکردنو تەواوکردنی لێکۆڵینەوە لە نزیکەی (١٠٠) فایلو پێشکەشکردنی بە سەرۆکایەتی هەرێم، تائێستا لە سەرۆکایەتیی هەرێمەوە ئاگادار نەکراونەتەوە کە چارەنووسی ئەو فایلدارانە چی دەبێت.

دوای چەندین مانگ لە تەواوبوونی ئەو دەیان دۆسێیە، تائێستا سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیداردا کۆنەبووەتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو دۆسێیانە، هەرچەندە حاکم خدر ئەوەی بە پێویست نەزانی کە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە فایلدارەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆبنەوە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چارەنووسی فایلەکان، بەڵام تائێستا ئەندامەکان خۆشیان کۆنەبوونەتەوە.

حاکم خدر حەسەن، وتی «ئەو لیژنەیە وەک دەستەی نەزاهە وایە کاتێک کە کارەکانی تەواودەکات، پێویستە ئەوە جیابکاتەوە کە کێ تاوانی بەسەردا ساغبووەتەوەو کێ هیچی بەسەردا ساغ نەبووەتەوە، ئەگەر بەڵگەی ئیحالە هەبوو ئەوا پێویستە ڕەوانەی دادگا بکرێت، چونکە بوونی پەیوەندی لەگەڵ دۆزمن لە بارودۆخی شەڕدا بە تاوان دەژمێردرێتو پێویستە لە دادگایەکی ئاشکرادا دادگایی بکرێت».

ژمارەیەک لە چاودێرانی سیاسیش تەئکید لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە «ئێستا باشترین کاتە بۆ ئاشکراکردنو سزادانی ئەو فایلدارانە»، د.سالار باسیرە، مامۆستای زانستی سیاسیی لە زانکۆی سلێمانی، پێیوابوو کە ئێستا شیاوترین کاتە بۆ ئاشکراکردنی ناوی ئەو فایلدارانەو ڕەوانەکردنیان بۆ بەردەم دادگا، چونکە هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم لەپێشە، پێویستە بەرپرسانی باڵای حیزبیو حکومیی ئەوە لێکبدەنەوە کە هاوڵاتییان مافی خۆیانە ئەو کەسانە بناسنو لە هەر پۆستو لایەنێکی حیزبیدابن بە سزای خۆیان بگەن، بۆ ئەوەی خەڵک نەکەونە هەڵەوەو دەنگ بۆ کەسانێک بدەن کە ڕابردوویان پاک نییەو خیانەتیان لەم میللەتە کردووە.

هەرچەندە سەرۆکی هەرێم بە بڕیارێکی ڕەسمیی لیژنەی لێکۆڵینەوەی لە فایلدارەکان پێکهێناوە، بەڵام دوای تەواوکردنی بەشێکی زۆر لە کارەکانیان ئەندامانی لیژنەکە لە مانگی ١٢ی ٢٠٠٨ەوە داوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کردووەو تائێستا وەڵامیان نەداوەتەوە.

سەبارەت بەوەی کە ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم ئامادە نییە کار لەسەر ئەو فایلانە بکات، بۆ لیژنەی تایبەتی بۆ پێکدەهێنێت، د.سالار باسیرە وتی: «پێکهێنانی ئەوجۆرە لیژنانە بۆ سەرنجراکێشانی خەڵکە، کە گوایە ئەوانیش دەیانەوێت چاکسازیی بکەنو کەسانی خیانەتکار لەناو میللەتدا بە سزای خۆیان بگەیەنن، ئەمە جگە لەوەی بێمنەتی خۆیان پیشاندەدەن، بەتایبەت پارتی کە گلەیی ئەوەی لێدەکرا کە کەسانێکی زۆر هەن لەناو ئەو حیزبەدا کە پێشتر لەگەڵ رژێم پەیوەندییان هەبووە».

د.سالار ئاماژەی بەوەشکرد، ئەگەر ئەو لیژنەیە پێکنەهێنرایە ئەوا هەر گلەیی لە سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت دەکرا کە نایانەوێت ئەو خیانەتکارانە ئاشکرا بکەن، ئێستاش کە ئەو لیژنەیەیان پێکهێناوەو وەڵامی کارەکانیان نادرێتەوە هەر لەسەر سەرۆکایەتی هەرێمو دەسەڵاتی کوردی دەکەوێت، ئەمەش پێویستە لەلایەن ئەو لایەنانەی دەیانەوێت لە هەڵبژاردنی ئەم جارە وەک ئۆپۆزسیۆن خۆیان کاندید بکەنو ڕۆڵیان هەبێتو گۆڕان بکەن، بەباشی بەکاربهێنرێت، بۆ ئەوەی لە حکومەتو پەرلەمانی داهاتوودا کەسانی خاوەن فایلو حیزبی، خاوەنەکانیان جێگایان نەبێتەوە.



دەربارەی ئینشیقاقو جیابوونەوەی حیزبەکان

پەرلەمانتارێک: یاسای حیزبە کوردستانییەکان پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە

شارا عەبدولڕەحمان

لە یاسای حیزبە کوردستانییەکان هیچ مادەیەکی تایبەت بە سنووردارکردنی دیاردەی جیابوونەوەی حیزبەکانی تێدانییەو حکومەتیش هیچ لێپێچینەوەیەکی لەوبارەیەوە نییە، ئەمە لەکاتێکدا کە بە بڕوای ئەندامێکی پەرلەمان، «پێویستە یاسای حیزبە سیاسییەکان هەموارکرێتەوەو ئەو خاڵەی بۆ زیادبکرێت، هاوکات بە بڕوای چاودێرێکی سیاسی، پێویستە لە یاسای دامەزراندنی حیزبەکاندا سنووردار بۆ جیابوونەوە دابنرێت.

لەماوەی ڕابردووداو لە کوردستان چەندین حیزبی کوردی بەش بەش بوون، کە هەندێکیان حیزبی نوێیان لێ دروستبوو، هەندێکی دیکەشیان دوای ماوەیەک یەکگرتنەوەیان ڕاگەیاندەوە یان پوکاونەتەوە، بەوپێیەش کە تائێستا لە یاسای حیزبە کوردستانییەکاندا هیچ برگەیەک بۆ سنووردارکردنی دیاردەیە نییە، حیزبەکان جۆرە سەربەخۆییەکیان لەڕووەوە وەرگرتووە.

حاکم عەبدولکەریم ئەبوبەکر، بڕیاردەری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە یاسای حیزبەکاندا هیچ برگەیەک بۆ سنووردارکردنی حاڵەتی جیابوونەوە لە حیزبدا نییە، چونکە حیزبەکان سەربەستن لەوەی کە جیابوونەوە ڕادەگەیەنن، جا بەهۆی جیاوازیی ئایدۆلۆژیی تاکەکانی بێت یان هەر شتێکی دیکە.

بەگوێرەی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٢ی حیزبە کوردستانییەکان کە هەمواری یەکەمی لە ساڵی ١٩٩٧و هەمواری دووەمی لە ساڵی ٢٠٠٢دا کراوە، چەندین مادەو برگەی لەخۆگرتووە کە تایبەتە بە چۆنێتی دامەزراندنی حیزبەکانو مامەڵەکردنیان لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا.

بەڵام بەبڕوای ئیسماعیل مەحمود، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان، ئەو یاسایەی پەرلەمان لەڕووی سنووردارکردنی جیابوونەوەی حیزبە کوردییەکان کەموکوڕی زۆر تێدایەو پێویستە هەموارکرێتەوەو ئەو برگەیەی بۆ زیادبکرێت، وتی: «ئەو یاسایە چارەسەری کێشەی جیابوونەوەی حیزبەکانی نەکردووەو لەو ڕووەوە ناتەواوە، بۆیە پێویستە لە داهاتوودا ئەو بۆشاییە پڕبکرێتەوە».

سەرۆکی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان بە باشی زانی حکومەت لەو ڕووەوە سزا دابنێت «بەوپێیەی حکومەت لایەنی جێبەجێکردنە، پێویستە لای ئەوانەوە سزایەک لەوبارەیەوە دابنێت».

بەڵام بەپێچەوانەوە محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، پێی باش نەبوو کە حکومەت سزای ئەو حیزبە کوردستانیانە بدات کە جیابوونەوەیان تێدەکەوێتو بە ڕۆژنامەی وت: «حکومەت ئەوەندەی لەسەرە کە لەکاتی دامەزراندنی حیزبەکاندا مۆڵەتی دامەزراندنیان پێبدات، دواتر خۆیان ئازادن کە دەبنە دوو حیزب یان بە یەکگرتوویی دەمێننەوە».

لە نوێترین نموونەدا، کۆتایی مانگی ٣ی ڕابردوو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان شۆڕەیەک لە دووکەرتبوونی بەخۆوەبینی، کە لە ئێستادا هەردوو بەشەکەی ئەو حیزبە خۆیان بە حیزبە بنەڕەتییەکە دەزانن.

سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتێکی لەوجۆرە، محەمەد قەرەداغی ڕایگەیاند: دەرئەنجامی مامەڵەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ یەکێک لەو دوو بەشە جیابووەوەی ئەو حیزبە، دەریدەخات کە لەمەودوا کام لەو دوو بەشەی ئەو حیزبە دەمێننەوەو بەهێز دەبن.

هاوکات بەبڕوای بڕیاردەرەکەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، ئەو حیزبانەی دوو کەرت دەبن، لایەکیان وردەوردە بەرەو پوکانەوە دەچێتو لایەکیان بەهۆی لێ کۆبوونەوەی جەماوەرەوە بەهێز دەبێت «تا دواجار لایەکیان هەڵدەوەشێتەوەو ئەوی دیکە دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە بەبڕوای من پێویست بە سزادانیان ناکات».

بەبڕوای چاودێرانی سیاسیی کوردستان، یاسای دروستبوونی حیزبە کوردییەکان کەموکوڕی تێدایەو پێویستە لەو یاسایەدا سنووردێک بۆ جیابوونەوەو کەرتبوونی حیزبەکان دابنرێت، تا ئەو حاڵەتە نەبێتە دیاردە.

د.سالح عیسا، مامۆستای زانستی سیاسی، پێیوایە جیابوونەوە لە حیزبەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەر حیزبەو دەیەوێت بگاتە دەسەڵات، لەناو حیزبەکانیشدا کەسان هەن کە ئەو حەزەیان تێدا بەرجەستە بووە، وتیشی: «پێویستە حیزبە سیاسییەکان پەیڕەو و پرۆگرامێکی ئەوەندە تۆکمەیان هەبێت کە ڕێبگرێت لە دۆزینەوەی هەر بیانوویەک کە بۆ جیابوونەوەو دروستبوونی حیزبی نوێ بەکاربێت، ئەمە جگە لەوەی پێویستە یاسای دروستبوونی حیزبە کوردییەکان بەشێوەیەک بێت کە سنووردانانێکی بۆ ئەو جیابوونەوەیە تێدا بەدیبکرێت»و وتیشی«جیابوونەوە دیاردەیەکی سروشتیو ئاساییە کە لە دەرئەنجامی ڕەوشی نالەباری هەرێمی کوردستانەوە دروستبووە» کامەران بەرواری، کە مامۆستای زانستی سیاسیی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: یاسای دامەزراندنی حیزبە کوردییەکان پێویستی بەوەیە کە دووبارە هەموارکرێتەوە، تا بەشێوەیەک دابڕێژرێت کە دروستبوونی حیزب ئەوەندە ئاسان نەبێت هەرزوو جیابوونەوەی تێدا ڕووبدات، یان کەرت ببێت، هاوکات پرەنسیپو بنەمای تازە بۆ حیزبی سیاسی دابنرێت، چونکە ئەو یاسایەی کە هەمانە کۆن بووەو لەگەڵ حیزبی ئەم سەردەمەدا نایەتەوە.

کەرکوک لە نێو دروشمەکانی مەسیفو قەڵاچوالانو گردی زەرگەتەدا

فازڵ نەجیب



ژیانی منالّی ئەو خێزانانەی دوای ٢٠٠٣ گەڕانەوە کەرکوک فۆتۆ: فازڵ نەجیب

بەشی سێیەمو کۆتایی

دروشمو بەڵێنە ناڕاستەکان

١- بە هەموو توانامانەوە تێدەکۆشین بۆ جێبەجێکردنو چەسپاندنی هەموو بەندو برگەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەتایبەتیش ئەوانەی مافو داخوازییەکانی گەلەکەمان بەرجەستە دەکات.

٢ – بە هەموو توانامانەوە تێدەکۆشین بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) بۆ گەڕانەوەی کەرکوکو خانەقینو مەخمورو زەمارو شەنگالو هەموو شارو شارۆچکە تەعریبکراوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

٣- بە هەموو توانامانەوە تێدەکۆشین بۆ دیاریکردنو چەسپاندنی سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان، بە پشتبەستن بە راستییە مێژوویی و سیاسیی و جوگرافییەکان.

ئەو سێ خاڵەی سەرەوە دروشمی یەکەمو دووەمو سێیەمی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بووە بۆ هەڵبژاردنەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ کە ئەوکاتیش نەوشیروان مستەفا کەسی دووەمی ناو یەکێتی نیشتمانی بووە، ئێستا بێ هیچ خۆماندووکردنێک دەتوانین بڵێین ئەولەویاتی دروشمەکانی لیستی هاوپەیمانی کە ئەو سێ خاڵەی سەرەوەیە، وەک بڵقی سەر ئاو بەتاڵو بێناوەڕۆک دەرچوو، چونکە:

١- کورد دەیتوانی لە هەموو سەفارەتەکانی عێراقدا مولحەقێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕۆشنبیریو بازرگانی، کەچی نەیکردو لەبری ئەوە نووسینگەی حکومەتی هەرێمی لە هەندێک پایتەختی وڵاتان کردووەتەوە، کە تائێستاش وەک نووسینگەی یەکێتیو پارتی وایەو لەلایەن هیچ دەوڵەتێکیشەوە بە ڕەسمیی نەناسێنراوە.

٢- کورد دەیتوانی لەماوەی دیاریکراوی خۆیدا داوای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بکاتو هەڵوێستی هەبێت، کەچی نەیکرد. د. ئیبراهیم جەعفەری بە مەکتەبی سیاسیی یەکێک لە دوو پارتە گەورەکەی وتبوو «لەماوەی دەسەڵاتی مندا تەنیا یەک جار وەزیرە کوردەکان باسی جێبەجێکردنو هەڵوێست وەرگرتنیان نەکردووە لەسەر مادەی (١٤٠)، ئیتر بۆچی تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی من».

٣- کورد بەپێی دەستوور دەیتوانی زمانی کوردی بکاتە زمانی دووەمی قسەکردن لە دامودەزگاکاندا لە هەموو عێراقدا، کەچی نەیکردو..... هتد.

بەرنامەی کاری لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە لە (٣٣) خاڵ پێکهاتووە، بێ هیچ خۆماندووکردنێک دەتوانین بڵێین کە لە (٢٤) خاڵیاندا ڕاستگۆ نەبووین و ئەوانەی دیکەش نیسبەتێکی کەم لە ڕاستگۆیی تێدایە... بەڵێنە ناڕاستەکانیش ئەمانەن (چەسپاندنی دەستوور، جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)، دیاریکردنی سنووری کوردستان، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو سەروەری یاسا، بەهێزکردنی تایبەتمەندێتی کورد لە عێراقدا، چارەسەرکردنی کێشەی فەیلییەکان، قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالو کیمیاباران، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، فراوانکردنی ئازادیی لە بواری ڕاگەیاندنو چاپەمەنیدا، پێشخستنی باری ڕووناکبیریو پشتیوانی لە داهێنانی زانستی، ڕێکخستنی پێشمەرگەو پێشخستنی لەرووی بژێویی و چەکەوە، دابەشکردنی عادیلانەی داهات بەسەر هاوڵاتییاندا، چارەسەری خێرای کێشەی کارەباو ئاو و سووتەمەنی، چارەسەری خێرای کێشەی نیشتەجێبوون، پەرەپێدانی کشتوکاڵ، باشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە لادێکان، پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار، پاراستنی ژینگە، سوود وەرگرتن لە سامانی ئاو و دروستکردنی بەنداو، پشتیوانی لە بنەماکانی بازاڕی ئازادو ڕەخساندنی هەلی یەکسان، چارەسەرکردنی تۆڕەکانی ئاو لە شارو شارۆچکەکانو دێهاتەکان، نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی، بایەخدان بە کێشەی کوردەکانی هەندەران).

تا ئەو ڕۆژەی نەوشیروان مستەفا لەنێو یەکێتی نیشتمانیدا بووە، شەریکە بەشی هەموو ئەو بەڵێنانە بووە کە جێبەجێ نەکراون (بۆ خۆشی دانی بەو مەسەلەیەدا ناوە)، ئێستاش کە مالّی خۆی جیاکردووەتەوە، ئایا ئەو دروشمەکانی چۆن ڕێکەدەخات، بەتایبەت بۆ ئەو ناوچانەی کە کێشەی لەسەرەو تەنیا پیاوی (ئەرکە قورسەکان) دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

کوردی کەرکوک لەنێوان ستەمکاریی و ستەملێکراویدا... نەوشیروان مستەفا چی دەڵێت؟

لە چاوپێکەوتنەکەی ڕزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیڕاگەیاندم «چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک بە (٥٠+١) نابێت، چونکە دواتر چی دەکەیت لەو ٤٩٪ی دیکە کە دژی ئەو بڕیارەن؟».

ئەو باسی ئەوەشی کرد، کە هەندێک لایەنی عەرەب هەیە هەر ئامادە نییە دان بنێت بەو هەموو ستەمەی لە کورد کراوە لە کەرکوکدا، لایەنی تورکمانیش هەیە تائێستا بڕوای بە وشەی کوردستان نییە.

ڕاکان سەعید عەلی، جێگری پارێزگاری کەرکوکەو لە کوتلەی گردبوونەوەی کۆماریی (عەرەب)، باسی ئەوەی بۆ کردم کە هەرکەسێک لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا مولّکی داگیرکرابێتو بەڵگەی هەبووبێت، بەپێی مادەی (١٤٠) مولّکەکەی بۆ گەڕاوەتەوەو قەرەبووش کراوەتەوە، هەر لەو چوارچێوەیەشدا زیاتر لە (٢٧) هەزار خێزانی عەرەبی هاوردە ئەو شارەیان چۆڵکردووەو وتی: «بەڵام ئەی کوردەکان چی دەڵێن سەبارەت بەو سەدان هەزار تەجاوزەی کردوویانەو گۆڕانێکی هەرەمەکی دروستکردووە، کوا بەڵگەکانیان کە ئەوان دانیشتووی ڕەسەنی شاری کەرکوک بن؟».

ئێستا بەپێی مادەی (٢٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا دەبێت ئەو لیژنەی کە بۆ دیاریکردنی تەجاوزاتو... هتد پێکهێنراوە، لە چەند مانگی داهاتوودا ئیشەکانی تەواوبکاتو لە کۆتایی ئەمسالّدا هەڵبژاردن لەو شارەش ئەنجامبدرێت.

باشترە هەر لە ئێستاوە ئەوە بیری نەوشیروان مستەفا بهێنینەوە کە چارەسەرکردنی مەسەلەی تەجاوزات یەکێک دەبێت لە سەختترین ئەرکەکان، چونکە وەک ڕاکان سەعید باسی دەکات، بەشێوەیەکی هەرەمەکی ئەنجامدراوە، جگە لەوەش خۆ ئامادەکردن بۆ بەشداریکردنی لیستی نەوشیروان مستەفا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای شاری کەرکوک، زۆر دژوارتر دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئەو پرسیارە یەخەمان دەگرێت کە ئایا (یەکڕیزیی) کورد لە کەرکوک ئەرکی لەپێشینە دەبێت یان جیاکردنەوەی مالّ لەوێشدا؟

کەرکوکو نەوشیروان مستەفا.... کاریگەرییە دەرەکییەکان

ئەگەرچی کەرکوک بەپلەی یەکەم کێشەی کەرکوکییەکانە، بەڵام دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی ئەو پارێزگایە لەژێر کاریگەرییە دەرەکییەکانیشدایەو کەسیش ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، کەواتە دەبێت بەشوێن ئەو ڕایەڵەدا بگەڕێین کە نەوشیروان مستەفا دەبەستێتەوە بە دەرەوە.

هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی لە کاریزمایی بوونی هەریەک لە تاڵەبانیو بارزانی بکات لەنێو بزووتنەوەی کوردایەتیدا، بەشێکی ئەو حاڵەتەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە ئەو دوو کەسایەتییە نوێنەرایەتی کورد دەکەن لە هەموو مەحفەلە عێراقیو ناوچەییو جیهانییەکاندا.

ئێستا کە نەوشیروان مستەفا کەوتووەتە ململانێی وەرگرتنی سوکانی نوێنەرایەتیکردنی کورد لە ئاستی (پەرلەمانی کوردستان)، پاشان (حکومەتی کوردستان)، پاشان (پەرلەمانی عێراق)، (حکومەتی عێراق)و پاشتر(ناوەندە نێودەوڵەتییەکان)، دەبێت لەبەردەم ئەو پرسیارەدا ڕابگرین کە ئاستی پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ (جەماوەری کوردستان، سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان جگە لە یەکێتیو پارتی، سەرکردە سیاسییەکانی عێراق، حکومەتەکانی دەرودراوسێ، دەوڵەتە زلهێزەکان لە سەروو هەموویانەوە ئەمریکا کە کاریگەرییان لەسەر عێراق هەیە) لە چ ئاستێکدایە؟

ئەگەر پرسیارەکە وردتر بکەینەوە، ئایا هەریەک لەو لایەنانەی باسمانکردوون، مامەڵەکردنی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا پەیوەست دەبێت بەو قورساییە سیاسییەی لەسەر گۆڕەپانی کوردستان بەدەستی دەهێنێت (وەک ئەمری واقیع)، یان پەیوەندییەکان بەو جۆرەیە کە ئەگەر هاوکاریشی نەکەن، لانیکەم ڕێگری نەکەن لەوەی کە قورسایی سیاسیی خۆی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بچەسپێنێت؟.

پاڵێوراوی ریفۆرمخوازەکان، لە شرۆڤەی سایتو رۆژنامەکانی ئێراندا

نادر تلوعی



لە نیوەی دووەمـی مانگی حوزەیرانی داهاتوودا، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئێران بەڕێوەدەچێت، زۆربەی شارەزایان کۆدەنگن لەسەر ئـەوەی کە ئەم هەڵبژاردنە گرنگییەکی تایبەت بە خۆیەوە دەبینێت، لەو رووەوە کە ئێران چ لە ئاستی نێودەوڵەتیو چ لە ئاستی ناوخۆدا بە قۆناغێکی هەستیاردا دەڕوات، کێشەی ئەتۆمی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە چارەسەرنەکراویی ماوەتەوەو هەر لەم چوارچێوەیەدا مەسەلەی گفتوگۆی ئێرانو ئەمریکا بەگەرمی لە ئـارادایـە، بارودۆخی ئابووریش لە ئێران تادێت روو لە دژواریی دەکات، پرسی مافی مرۆڤو کێشەی چالاکانی مەدەنیو رۆژنامەنووسان تۆختر خۆیان دەنوێنن، ئەمانەو چەند بابەتێکی کاریگەری دیکەش وایانکردووە مەسەلەی هەڵبژاردن زۆر پێشوەخت ببێتە ناوەندی سەرنجی لایەنە جۆراوجۆرەکان، بەڵام تائێستاش کە ماوەیەکی ئەوتۆ بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لەبەردەمدا نەماوە، دۆخی هەڵبژاردن ئاڵۆز دەردەکەوێت، هەرچەندە چەند کەسایەتییەکی دیار خۆیان هەڵبژاردووە، بەڵام هێشتا راڕایـی بە لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە دیارە لە مەسەلەی ساغبوونەوەیاندا لەسەر کاندیدەکان، رەنگە هەر بەهۆی ئەم حاڵەتەوەبێت کە میرحسێنی موسەوی لەماوەی ئەم هەفتەیەدا چەند قسەیەکی سەرنجڕاکێشی کـردووە، کە پێشتر قسەی لەو چەشنە نەکراوە یان زۆر کەم کراوە، هەرچەندە بارودۆخی هەڵبژاردن ئەم چەشنە قسانە هەڵدەگرێت، بەڵام دیسان بە نسبەت خولەکانی پێشووەوە جیاوازە. ئاژانسی هەواڵی ئیسنا لە زمانی میرحسێنی موسەوییەوە کە بە رەسمیی خۆی هەڵبژاردووە، رایگەیاندووە کۆمەڵگای ئێران هەم محافزکارە هەم ریفۆرمخواز، موسەوی وتویەتی: «بە بـڕوای من خەڵکی ئـێـران هەموو سیفەتە باشەکانیان تێدایەو لەوانەش محافزکارییو ریفۆرمخوازیی»!! هەرچەند ئەم قسەیە بە ئاشکرا ریکلامکردنو هەوڵی راکێشانی هەردوو باڵەکەی پێوە دیارە، بەڵام بەتوندی بەرەوڕووی رەخنەی هەندێک لە محافزکاران بـووەتـەوە، سایتی ئایەتوڵڵا میسباحی یەزدی لە راگەیەنراوێکدا موسەوی بە کاندیدی ریفۆرمخوازەکان ناوزەد دەکات، بەوەی کە دوو حیزبی ریفۆرمخوازی موشارەکەتی ئێرانی ئیسلامیو موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامی پشتگیری دەکـەن، راگەیەنراوەکە موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامی بە رێکخراوێکی ناشەرعی لە قەڵەمدەدات، لەلایەکی دیکەوە، سایتی (مردمک) کە سەر بە رەوتی ریفۆرمخوازە، هەواڵی پشتگیریکردنی چـوار لایەنی ریفۆرمخوازی لە موسەوی راگەیاندووە، کە ئەو لایەنانە بریتین لە (حیزبی موشارەکەتی ئێرانی ئیسلامی، کارگوزارانی سازندەگی، رێکخراوی موجاهیدینی ئینقلابی ئیسلامیو کۆمەڵی رۆحانییە خەباتکارەکان)، بەڵام رۆژنامەی ئیعتمادی میللی کە سەر بە (مەهدی کەڕوبی) کە کاندیدی ریفۆرمخوازەو سەرۆکی خولی شەشەمی پەرلەمانی ئێران بووە، پێشتر رایگەیاندووە، هەندێک لە ئەندامانی کارگوزارانی سازندەگی وەکو غوڵڵام حسێنی کەرباسچی، سەرۆک شارەوانیی پێشووی تاران، چوونەتە ریزی لایەنگرانی کەڕوبییەوە، چەند رۆژێکیشە کەڕوبی بە دروشمی چاکسازیکردن لە دەستووری بنەڕەتی ئێراندا دەردەکەوێت، سایتی (کلمە)ش کە سایتێکی نزیک لە موسەوییە هەواڵی پشتگیریکردنی (مستەفا موعین)ی لە موسەوی بڵاوکردووەتەوە، موعین، وەزیری پەروەردەی کابینەی خاتەمیو کاندیدی خولی نۆیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار بوو کە تێیدا ئەحمەدی نـەژاد سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەگشتی وادەردەکـەوێـت کە زۆربەی ریفۆرمخوازان پشتگیری لە میرحسێنی موسەوی دەکـەن، هەرچەند کە ئەو خۆی بە کاندیدی هەردوو باڵەکە دەزانێت. رۆژنامەی ئافتابی یەزد کە مەیلی بەرەو ریفۆرمخوازانە، ئەو قسەیەی موسەوی بەرجەستە کردووەتەوە کە لە سەردانەکەیدا بۆ پارێزگای ئیلام کردبووی موسەوی لە ئیلام وتی: «بەندە دەمەوێت باس لەو کارانە بکەم کە لەکاتی سەرۆک کۆماریدا نایکەم، پێش هەموو شتێک من درۆ ناکەم، خەڵک بە مەحرەمی حکومەت دەزانمو هیچ شتێکیان لێ ناشارمەوە»!! پێدەچێت ئەم قسەیەی موسەوی رووی لە ئەحمەدی نەژاد بێت، بەوەی کە پێشتر لەناو لایەنە حکومییەکاندا بە سەرۆک کۆمارێکی درۆزن ناوی دەرکردووە، هەروەها موسەوی لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا بەرامبەر گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا نەرمی نیشاندا، ئەو سەرۆک وەزیرانی سەردەمی جەنگ بووەو دەوترێت توانیویەتی لە رێگای بەرنامەی دابەشکردنی بەشەخۆراکەوە ئابووری ئەوکاتەی ئێران رابگرێت، بۆیە زۆر کەس پێیانوایە هەڵبژاردنی موسەوی بۆ قۆناغی ئێستای ئێران هەڵبژاردنێکی باشە.

ئەحمەدی نەژاد: بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەمریکا سەرسەختی ناکەینو بە سادەییش بیرناکەینەوە

رۆژنامە



دەربـارەی بابەتی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ئێرانو ئەمریکا، مەحمودی ئەحمەدی نەژاد رایگەیاند، لەوە تێدەگات کە لە ئێستادا گرنگترین بابەتی جیهان مەسەلەی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ئەو دو وڵاتەیە، بەڵام دەربارەی ئەم بابەتە نە سەرسەختی دەکەنو نە بە سادەییش بیردەکەنەوە

سەرۆک کۆماری ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی شپیگڵی ئەڵمانیدا، ئەوەشی وت نابێت چاوەڕوانی ئەوە لەئارادا بێت پرسێک کە لەماوەی (٦٠) ساڵدا شکڵی گرتووە، بە یەک دوو رۆژو بەتەواوەتی چارەسەربکرێت، هەروەک دەڵێت: «زۆر بەڕێزەوە دەربارەی ئۆباما قسەدەکەین، بەڵام ئێمە واقیعیانە بیردەکەینەوەو دەمانەوێت گۆڕانی واقیعی ببینین، ئەوەی لەم پێناوەدا گرنگە، بوونی ئیرادەیە بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن، ئەگەر بارودۆخەکە بگۆڕدرێت، رێگاچارەش دەدۆزرێتەوە».

ئەحمەدی نەژاد سەبارەت بە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی لەلایەن وڵاتەکەیەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ مەیلێکیان بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی نییەو لەوبارەیەوە بە هەزاران لاپەڕە راپۆرتیان بۆ ئاژانسی نێودەوڵەتی ئەتۆم رەوانـە کـردووە، بە هـەزاران سەعات پشکنین ئەنجامدراوەو کامێراکانی ئاژانس چاودێریی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئەوان دەکەن.

سـەرۆک کۆماری ئێران لەو وتـوویـژەدا هەڵوێستی وڵاتانی (٥+١) بەرامبەر بە دۆسیەی ئەتۆمیی وڵاتەکەی، بەپێچەوانەی خواستی خۆیانو بە ئەنجامی کاریگەرییو فشاری ئەمریکا لەقەڵەم دەدات.

ئەمریکا بەشداردەبێت

ئێران پێشوازیی لە دانووستان دەکات لەگەڵ وڵاتانی (٥+١)

رۆژنامە

سەعید جەلیلیان، سکرتێری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، رایگەیاند: وڵاتەکەی پێشوازی دەکات لە دانووستان لەگەڵ وڵاتانی (٥+١)، ئەمە لەکاتێکدا رۆبەرت وودی، وتەبێژی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکا، رایگەیاند: دیبلۆماتەکانی ئەمریکاش ئامادە دەبن لەو دانووستانەدا.

ئاژانسی هەواڵی ئێران بڵاویکردەوە، لە وتووێژێکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ خافێر سۆلانای نوێنەری یەکێتی ئەوروپا، پێشوازی کردووە لە دانووستانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی (٥+١)و سۆلانا لەو وتووێژەدا هەندێک روونکردنەوەی داوە دەربارەی دوایین راگەیەنراوی وڵاتانی (٥+١) سەبارەت بە ئێران، هەروەک جەلیلیانیش وتویەتی وڵاتەکەی بەرامبەر بەو راگەیەنراوە بەیانی رەسمیی بڵاودەکاتەوەو پێشوازی دەکات لە «دانووستانێکی بەکەڵک».

لەپێش ئەمەدا (٥) ئەندامی هەمیشەیی ئـەنـجـوومـەنـی ئـاسـایـشو ئەڵمانیا لە راگەیەنراوێکدا ئامادەیی خۆیان بۆ دانووستانی راستەوخۆ دەربارەی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتە راگەیاند.

رۆبەرت وود، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش، دوا بە دوای ئەم راگەیەنراوە، بۆ ئاژانسەکانی ئاشکراکرد، دیبلۆماتەکانی ئەمریکا بەشداری دەکەن لە دانووستانەکاندا هەرکاتێک وڵاتانی ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئەڵمانیا بیانەوێت لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی دانووستان بکەن، هیواشی خواست ئێران بەشداربوون لەو دانوستانەدا قبوڵ بکات، هەروەک ئەوەی بە دەرفەتێک زانـی بۆ دەربـازبـوون لەو کێشەیەی چەند ساڵێکە نیگەرانی نێونەتەوەیی لێکەوتووەتەوە.

هیلاری کلینتۆن، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکاش، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند «ویلایەتە یەکگرتووەکان چالاکانە بـەشـداری دانووستانەکان دەکـات لەگەڵ ئێران».

وڵاتانی (٥+١) بـەردەوام جەختیان لەوە کردووەتەوە کە لە هەوڵی ئەوەدان قەناعەت بە ئێران بهێنن بۆ راگرتنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی، بەڵام بەرپرسانی ئێران چالاکییەکانیان بە ئاشتیخوزانە ناوزەد دەکەنو خوازیاری ئەوەن مافی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی بۆ وڵاتەکەیان بە رەسمیی بناسرێت.

دەبێت عەرەبەکان هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن

ماشەڵا شەمسو لواعزین



حـکـومـەتـی مـیـسـرو عـەرەبـسـتـانـی سـعـودیو ئەردەن دوای جەنگی غەزە بەشێوەیەکی دیاریکراو لەلایەن رای گشتیی جیهانی عـەرەبـەوە بـەرەوڕووی کۆمەڵێک تۆمەت بوونەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە جیهانی عەرەبو رای گشتییەکەی لە حاڵەتێکی هەڵچووندا بوونو چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد ئەم وڵاتانە بەرامبەر خەڵکی فەلەستین هەڵوێستێکی شیاو وەربگرن، بەدەر لە دروست یا نادروستبوونی ئەو هەڵوێستەی میسرو عەرەبستانی سعودی، چاوەڕوانیی نەتەوەی عەرەب شتێکی دیکە بوو، بەتایبەت لەکاتێکدا کە ئەمانە لەلایەکەوە کەوتنە قەفەسی تۆمەتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی پشتگیرییەکانی ئێران لە بزووتنەوەی حەماسو جیهادی ئیسلامی، هەم لە جەنگی ٢٠٠٨ی فەلەستینو هەم لە جەنگی ٢٠٠٦ی لوبنان لە حیزبوڵڵا، پێگەی ئەم وڵاتە لەنێو رای گشتیدا بەرزبوویەوە.

وا دێتە پێشچاو کە قاهیرە دوای جەنگ هەوڵی دەدا بەشێوەیەک ئەم دۆخە بگۆڕێت، لە رێگای لکاندنی تۆمەتەوە تۆپەکە بخاتە گۆڕەپانی ئێرانو گۆڵ لە ئێران بکات، هەروەها بەشێوەیەکیش بتوانێت دۆخی حیزبوڵڵا بە مەترسیدار لەقەڵەم بدات.

ئەوەی کە حکومەتی میسر ئاستی کێشەکانی بۆ رێکخراوێکی سیاسی بەناوی حیزبوڵڵا دابەزێنێت، پێش هەموو شتێک بێبەرنامەیی حکومەتی میسرو گەورەکردنەوەی حیزبوڵڵا لەئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەردەخـات، لەگەڵ ئەمەشدا بە دەستپێکردنی باسو خواسەکانی پەیوەندیدار بە ئێرانو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، هەروەها ئامادەیی ئۆباما بۆ دانووستان لەگەڵ ئێرانو بە رەسمیی ناسینی رێژەی مافی هەبوونی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی ئێران، سەرکردە عەرەبەکان وروژان، ئەم وڵاتانە رێک لەکاتێکدا کە ئێران پشتگیریی بزووتنەوەی حەماسو حیزبوڵڵای دەکرد، داوایان لێدەکرد واز لە پشتگیریکردنی ئەوان بهێنێتو لە پێکهاتەی رەسمیی عەرەب نزیک بێتەوە، کە بڕوای بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیلو پێملبون بە دانووستان لەگەڵ ئەو وڵاتە هەبوو.

هاوکات لەگەڵ ئەم داخوازییەی سەرکردە عەرەبەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ئامادەیی ئەمریکا بۆ دانووستان لەگەڵ ئێران، هەڵوێستی عەرەبەکانو رژێمەکانی وەکو قاهیرە بەرەو هۆشداریدان بە ئەمریکا وەرگەڕا، ئەویش لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئێران مەترسیدارە، چونکە پێش دەستپێکردنی دانووستانەکانی نێوان ئێرانو ئەمریکا، چەند جوڵەیەکی پۆزەتیڤ بۆ پێکهاتنی گفتوگۆ لەنێوان ئەمریکاو بەریتانیا لەلایەکەوە، هەروەها لەنێوان حەماسو حیزبوڵڵا لەلایەکی دیکەوە هاتوونەتە ئاراوە، تەنانەت هەندێک لە نوێنەرانی ئەنجومەنی ئەعیانی بەریتانیا لە بەیروتو دیمەشق بە رەسمیی لەگەڵ حیزبوڵڵاو حەماس گفتوگۆیان کرد، ئەم حاڵەتانە هەندێک لە سەرکردەکانی عەرەبی تۆقاندووە لەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی ئێران بگۆڕێت، هەربۆیە پێویستیان بە دروستکردنی کۆمەڵێک سیناریۆ هەبوو کە لە رێگایەوە سەرکردەکانی ئەمریکاو خۆرئاوا بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ ئێرانو رێکخراوە سیاسییەکانی وەکو حەماسو حیزبوڵڵا پەشیمان بکەنەوە.

لە ئێستادا دەبینین کە سەرکردەکانی عەرەب دەیانەوێت ئەمریکا بەرامبەر ئێران سیاسەتێکی توند بگرێتەبەر، خۆرئاواو ویلایەتە یەکگرتووەکانیش دەیانەوێت کێشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گفتوگۆ لەگەڵ ئێران چارەسەربکەن، لەم کێشەیەداو لەنێوان ئەم دوو هێڵو بۆچوونەو ئەو ریزبەندییانەی کە خانمی کۆندۆلیزا رایس دیاریکردووەو ناوی میانڕەوی لەسەر داناوە، هەروەها لەنێوان هێزەکانی لایەنگری مقاومە چ لە فەلەستینو چ لە لوبنان، شتێک لە داهاتوودا لەدایک دەبێت.

ئەوەی کە ئەم شتە چی دەبێتو بە چ شێوەیەک دەبێتو نیشانەکانی چی دەبن، بەستراوەتەوە بە تێپەڕبوونی کات، دەبێت بزانین چی روودەدات، بەڵام ئەگەر ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە ئەم بارودۆخەو ئەم کێشەو قەیرانە کە میسر خۆی بەرامبەر بە حیزبوڵڵا دروستی کردووە، ئایا دەبێتە هۆی لاوازبوونی رەوتی دانووستانەکانی ئێرانو ویلایەتە یەکگرتووەکان، وەڵامەکەی (نەخێر)ە، چونکە ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە حاڵی گۆڕاندایەو لە نزیکبوونەوە لە هێزە میانڕەوەکان، دەگوازرێتەوە بۆ نزیکبوونەوە لە هێزە رادیکاڵەکان، لە ئەنجامدا وا دێتە پێشچاو ئەوە حکومەتە میانڕەوەکانی عەرەبن کە دەبێت لە رێگای بە وردی ناسینی گۆڕانکارییەکانی ئێستاو ئاسۆی دیپلۆماسیو ستراتیژی نوێی ئەمریکاوە، هێدی هێدی هەڵوێستی خۆیان لە بارودۆخی نوێ نزیک بکەنەوەو بەشێوەیەکی زیادەڕۆیانە پشت بە وادەکانی ئەمریکا نەبەستن، چونکە وادەو سیاسەتەکانی ئەمریکا لە حاڵی گۆڕاندایەو لەوانەیە رژێمە عەرەبەکان لە ئەنجامی ئەم گۆڕانەدا تووشی کێشەی فراوان بن، بۆیە دەبێت تا درەنگ نەبووە هێدی هێدی بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیستمی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پێکدێت، هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن.

سەرچاوە: دیپلۆماسی ئێرانی

موهەنەد کینانی، سەرۆکی دەستەی ئیداری تۆڕی عەین:

دەرکەوتنی لیستی سەربەخۆی ناحیزبی، تێرکردنی پرۆسەی دیموکراسی سیاسییە



هەستیار قادر

موهەنەد کینانی، سەرۆکی دەستەی ئیداری رێکخراوی تۆڕی عەینی عێراقی بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن، ئاماژە بە رەهەندە سلبی و ئیجابییەکانی لیستی داخراو دەکات و پێیوایە «کارکردن بە لیستی داخراو لە هەرێمی کوردستاندا پاشگەزبوونەوەو دواکەوتنە لە بونیادنانی دیموکراسی و ناپەرۆشییە بۆ دۆزینەوەی سیستمێکی نموونەیی گونجاو بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو هەنگاوە جۆرێکیشە لە دەستبەسەراگرتنی شەقامی کوردی لەلایەن ئەو حیزبانەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی و پرۆسەی سیاسی هەرێمی کردووە».

کینانی لە دیمانەیەکی رۆژنامەدا جەخت لەسەر مەترسییەکانی بەشداریەنەکردنی دەنگدەران دەکاتەوە لە هەڵبژاردنداو پێیوایە ئەو هەنگاوە تەنیا لە بەرژەوەندی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە.

رۆژنامە: ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان ئەزموونی دیموکراسی هەرێم و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە ڕووی مێژووی ئەزموونی دیموکراسییەوە، هەرێمی کوردستان پێشەنگترە، ئایا پیادەکردنی لیستی داخراو لە هەرێمی کوردستان بەپێچەوانەی شارەکانی دیکەی عێراق کە لە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لیستی نیمچەکراوەیان پەیرەو کرد، مانای پاشەکشێی دیموکراسییەتی هەرێمی کوردستان نییە؟

* وای دەبینم کە پرۆسەی بنیادنانەوەی هەڵبژاردن لە سەرانسەری عێراقدا لەسەر بنەمای نوێکردنەوەی سیستمی هەڵبژاردن دەبێت، کە هاوئاهەنگو هاوتابێت لەگەڵ بنیادنانەوەی خودی دەوڵەتی عێراقدا، ئەگەر زاکیرەشمان بگەڕێنینەوە دەبینین لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دا لە ساڵی ٢٠٠٥ بەپێی لیستی داخراوی یەک بازنەیی ئەنجامدرا، بەڵام ئەو سیستمە بەرەبەرە پەرەیسەند بەهۆی پێویستی بنیادنانەوەی دیموکراسی، سیستمی لیستی داخراوی فرەبازنە بەشێوەیەک هەر پارێزگایەک بێبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردنو لێرەشەوە رکابەری پالێوراوەکان لەسەر ئاستی پارێزگایەک زیاتر بوو کە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥/١٢/١٥دا بەدیکرا، دواتر ئەو سیستمەش زیاتر پەرەی سەند بەهۆی پێویستی زۆری نزیکبوونەوەی پالێوراو لە شەقامەوەو پەراوێزخستی کەمایەتییەکانو ڕەخساندنی فرە حیزبی بۆ جارێکی دیکە گۆڕانکاری لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کرا، تا لیستی کراوەی ڕێژەیی پەیڕەوبکرێت کە سیستمێکی تێکەڵە لە هەردوو لیستی کراوەو داخراو.

ئەو گۆڕانکارییە کاریگەری ئیجابی هەبوو، بۆ کورتکردنەوەی مەودای نێوان پالێوراو دەنگدەرو دابەزینی پالێوراو وەک کەسێکی مونتەمی بۆ حیزب بۆ قایلکردنی هاوڵاتی و دەنگدەر بۆ کەسێتی تایبەتی خۆی و حیزبەکەشی، ئەم سیستمە واتە سیستمی لیستی کراوەی ڕێژەیی، لایەنە خراپەکانی لیستی داخراوی چارەسەرکرد بەو پێیەی دەنگەکان بۆ ئەو پالێوراوە دەڕوات و ئامادەی دەکات تا کورسییەک بەپێی دەنگە بەدەستهاتووەکانی بەدەستبهێنێت، بەڵام ماندووەو کارکردن بە لیستی داخراو لە هەرێمی کوردستاندا بە تێڕوانینی من پاشگەزبوونەوەو دواکەوتنە لە بنیادنانی دیموکراسی و ناپەرۆشییە بۆ دۆزینەوەی سیستمێکی نموونەیی گونجاو بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو هەنگاوە جۆرێکیشە لە دەستبەسەراگرتنی شەقامی کوردی لەلایەن ئەو حیزبانەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی و پرۆسەی سیاسی هەرێمیان کردووە، ڕێنەدانیشە بە لیستو حیزبو کوتلەکانی دیکە بۆ گەیشتن بە شوێنی دروستکردنی بریار، ئەمە جگە لە دانانی ناوو پالێوراوی جێگیرو دیاریکردنی پالێوراو و سەپاندنی بەسەر دەنگدەرو هاوڵاتییان، ئەگەری بایکۆتکردنی هەڵبژاردن دەهێنێتە ئاراوە لەلایەن ئەو هاوڵاتییانەی کە ناکۆکن لەگەڵ ئەو حیزبانەو خودی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەشدا، لێرەشەوە خاڵێکی ئاشکراو دیار ئەوەیە، کە کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداری هاوڵاتییان دروستدەبێت لە پرۆسەی هەڵبژاردنو بنیادنانەوەی سیاسی هەرێمدا، کە ئاماژەیەکی مەترسیدارە لە بەدیهێنانی ئامانجی گەلاندا.

رۆژنامە: هەندێک لە چاودێران دەڵێن کۆنترۆڵکردنی پەرلەمان لەلایەن زۆرینەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمەوە کاریگەریی سلبی دەبێت لەسەر سیستمی هەڵبژاردن؟ بەو پێیەی ئەو سیستمە لە پەرلەمان دەردەچێنن کە خۆیان پێیان باشە، لە دژایەتی سیاسیی دەسەڵات بەدیدەکرێت بەرامبەر لیستی سەربەخۆکان، ئەمە تیرۆری دیموکراسییە یان ئیدارەی ململانێیە لەلایەن ئەو حیزبە بالادەستانەوە؟

* پێوێستە بزانرێت کە بناغەی دیموکراسی لەسەر بنەمای قبوڵکردنی ئەوی دیکە دادەڕێژرێتو ئەو کلتوورەش بە ڕکابەری سیاسیو قبوڵکردنی ڕکابەری دێتەدی، لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقیشدا بۆمان ڕوونبووەوە کە ئەو بیرۆکەیە هێدی هێدی جێبەجێدەکرێت لە ڕێگای ڕکابەرییەکی پاکو ڕوونی نێوان لیستە سیاسییەکانەوەو دابەزین بۆ شەقام لەلایەن سەرجەم حیزبو لیستە سیاسییەکانەوە، تا بروای هاوڵاتییان بە بەرنامەکانیان بهێنن، ئەمە جگە لە زۆری پالێوراوەکان لە کەسانی سەربەخۆ بە لیستی نوێو بەشداریکردنیان لە ڕکابەری ئاشتیانەو مەدەنییانە بەبێ بوونی هیچ کۆتو بەندێک بۆ بەشداریکردنیان لەو پرۆسەیەدا، بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ڕووەدات مومارەسەیەکی ڕووکەشانەیە بۆ بنیادنانی دیموکراسییەتێکی پەرشوبڵاو لە ڕێگای خستنو دوورخستنەوەی لیستە سیاسییەو سەربەخۆکانی دیکە لە ڕکابەری هەڵبژاردنو بێبەشکردنی دەرفەتەکانی گەیشتنی ئەو لیستانە بە دەسەڵات، لێرەشەوە کاریگەریی دیکەی ئەو کارە دەردەکەوێت، کە ئەوانیش قبوڵنەکردنو دانەنانە بە بەرامبەرو نەبوونی یەکسانیو دادپەروەریو کلتووری جێگۆڕکێی مەدەنیانەی دەسەڵات، تەنانەت بیرۆکەی بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دوو گروپ کە یەکێکیان حوکم دەکاتو ئەوی دیکەن تەنیا حوکم دەکرێت، تێکڕای ئەمانەش هەڕەشەیەکی ئاشکران بۆ سەر بنیادنانەوەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا.

ڕۆژنامە: سەرهەڵدانی لیستی سەربەخۆ دەبێتە وێستگەی پەرینەوەی کۆمەڵگا لە حیزبۆکراتی دیموکراسییەوە بۆ دیموکراسییەتی مەدەنی؟

*دەرکەوتنی لیستی سەربەخۆی ناحیزبی تێرکردنی پرۆسەی دیموکراسی سیاسییە، لە ڕێگای پێدانی دەرفەت بۆ سەرجەم لایەنو کەسەکان بۆ بەشداری سیاسیی، ئەوەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە دەمارگیریی حیزبیو هاتنەکایەی دیموکراتییەتی ڕاستەقینە، تا لەوێوە هەنگاو بنرێت بەرەو دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە بەدەستهێنانی مافە مەدەنیو ئابووریو ڕۆشنبیریو سیاسییەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان دەبینێتەوە کە تیایدا ئیرادەی تاکەکەسی ڕەگەزی خولقێنەری کلتوورەکانی کۆمەڵگا دەبێت، لە ڕێگای ئازادیی ڕادەربڕینو قبوڵکردنی ڕای بەرامبەرو دەستکەوتنی زانیاری دیموکراسیو ئاکارە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکە، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئەو حیزبانەی دەسەڵاتی سیاسییان کۆنترۆڵکردووە، کاردەکەن بۆ گەڵاڵەکردنی یاساو سیستمێک کە لە ڕێگایەوە ڕێ لە بەرهەڵستکارانیان بگرنو بەشداری سیاسییان هەبێت، ئەم هەنگاوەش کارێکی مەترسیدارە لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: لێدانی پرۆسەی دیموکراسیو جێگۆڕکێی مەدەنیو ئاشتیانەی دەسەڵات بەشێوەی دەوری لە ڕێگای ڕێگرتنی بەرهەڵستکارو ئۆپۆزسیۆنی سەربەخۆ، حیزبەکانی دیکە لە بەشداری سیاسیی دەبێتە هۆی بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

دووەم: کاریگەری دروستکردن لەسەر ئیرادەی دەنگدەرو پالپێوەنانیان بۆ بەشدارینەکردنو کارلێکنەکردن لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەمەش وادەکات گروپی لایەنگری دیموکراسی بکاتە کەسانی تووڕەو ناڕازیی لە دیموکراسیو بێهێزکردنی ڕێژەی بەشداریکردن بەهۆی نەبوونی کەسێکەوە کە نوێنەرایەتیان بکات لەو حیزبانەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کردووە، دواجاریش ئەمە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر چەمکی هاوڵاتیبوون.

ڕۆژنامە: لە هەرێمی کوردستان جۆرێک لە کەمتەرخەمی لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا هەیە، بۆچی وایە؟

* ئەوەی کە ئاشکرایە ئەو حیزبانەی دەسەڵاتی سیاسییان کۆنترۆڵکردووە، کاردەکەن بۆ گەڵاڵەکردنی یاساو سیستمێک کە لە ڕێگایەوە ڕێ لە بەرهەڵستکارانیان بگرنو بەشداری سیاسییان هەبێت، ئەم هەنگاوەش کارێکی مەترسیدارە لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: لێدانی پرۆسەی دیموکراسیو جێگۆڕکێی مەدەنیو ئاشتیانەی دەسەڵات بەشێوەی دەوری لە ڕێگای ڕێگرتنی بەرهەڵستکارو ئۆپۆزسیۆنی سەربەخۆ، حیزبەکانی دیکە لە بەشداری سیاسیی دەبێتە هۆی بەکارهێنانی توندوتیژیی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

دووەم: کاریگەری دروستکردن لەسەر ئیرادەی دەنگدەرو پالپێوەنانیان بۆ بەشدارینەکردنو کارلێکنەکردن لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەمەش وادەکات گروپی لایەنگری دیموکراسی بکاتە کەسانی تووڕەو ناڕازیی لە دیموکراسیو بێهێزکردنی ڕێژەی بەشداریکردن بەهۆی نەبوونی کەسێکەوە کە نوێنەرایەتیان بکات لەو حیزبانەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کردووە، دواجاریش ئەمە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر چەمکی هاوڵاتیبوون.

ڕۆژنامە: لە هەرێمی کوردستان جۆرێک لە پاشەکشێیەکی ناچاوەڕوانکراو لەم حیزبە دەسەڵاتدارانەو پێشکەوتنێکی ئاشکرای حیزبەکانی دیکە بەدیدەکرێت، ئەمەش لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا هەستمان پێکرد کە چەند حیزبێکی نوێ پێشکەوتنو چەند کەسایەتییەکی سەربەخۆ سەریانهەڵدا بەرامبەر بە پاشەکشێی حیزبە دەسەڵاتدارو گەورەکانو هەرەسهێنانی چەند حیزبێکی دیکە کە دەسەڵاتدار بوون.

ڕۆژنامە: کارکردن بە لیستی داخراو لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا مشتوومڕێکی زۆری لەسەر دەکرێت لەڕووی ئەکادیمیو واقیعی هەڵبژاردنەوە، لایەنە خراپو باشەکانی لیستی داخراو چییە؟

* ئەوەی گرنگ بێت بەلای ئێمەوە پێناسەیەکی خێرای لیستی داخراو بکەین، سەرەتا لە لایەنە باشەکانی ئەو جۆرە لیستەوە دەست پێبکەین کە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- سیستمی لیستی داخراو بە نوێنەرایەتی ڕێژەیی سیستمێکی ئاسانو سادەیەو ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردن تیایدا ئاسان ئەنجامدەدرێت، بەتایبەت لەلایەنی سەرژمێریو جیاکردنەوەی دەنگەکان.

٢- کارکردن بە لیستی داخراو دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ حیزبە سیاسییەکان، بەشێوەیەک کە ناچاریان دەکات کە بە ڕووبەرێکی زیاتر بڵاوببنەوە بۆ دیکەی دیموکراسییەتی کۆمەڵایەتی.

ڕۆژنامە: سەرهەڵدانی بیرۆکەی بەشدارینەکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا پرۆسەی سیاسی پەکدەخات، یان زیان بە خودی دیموکراسییەتی کۆمەڵگاکەی دەگەیەنێت؟

* مەترسیدارترین هەنگاو کە هەڕەشە لە تەختی دیموکراسییەتی ئەو وڵاتانە دەکات کە لەڕووی دیموکراسییەوە لە سەرەتادان، کەمیی ڕێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتییانە لە پرۆسەی دەنگداندا بەرەوپیرەوە نەچوونی سندوقەکانی دەنگدانە، بەشێوەیەک کە ئەو پرۆسەیە تەنیا تایبەت بێتو داخراوبێت بۆ لایەنگرانی ئەو حیزبانەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کردووەو تەنیا ئەو حیزبانە سوود لەو کەمیی بەشداریکردنەی خەڵک دەبینن، بەو پێیەی دەنگە بەشداربووەکان تەنیا لە لایەنگرانیەتی، بەڵام ئەگەرەکانی گۆڕینی بیرۆکەی بەشدارینەکردنی سیاسیی لەدوایین دەرفەتی هەڵبژاردندا قابیلی گۆڕانە کاتێک دەنگدەر خۆی بە ناچاری دەبینێتەوە لەبەردەم حەتمییەتی گۆڕاندا، سزادانی ئەو حیزبانەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کردووە بەهۆی خراپی ئەدای ئەو حیزبانەو دواجاریش سەرتاپای بارودۆخەکە لە دژی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانەی پێچەوانە دەبێتەوە، بە بەشداریکردنی ئەو هاوڵاتییانەی لایەنگری ئەو حیزبانە نینو لێرەشەوە بنەمای پاداشتو سزای ئەو حیزبانە دەردەکەوێتو پێشکەشکردنی بەرنامەی ڕوونتری خۆیان، تا هاوڵاتییان ئاشنابن بە ئەجێندای ئەو حیزبانەو فکرەکانیان، لیستی داخراو گوشاریش دەخاتە سەر حیزبە سیاسییو کیانە سیاسییەکان کە پالێوراوەکانیان بە خەڵک بناسێنن لە ڕێگای ئەداکانیانەوە.

٣- لیستی داخراو دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لە بوونیادنانی تواناکانی بەشێوەی بەهێز، بەشێوەیەک کە بتوانێن ڕکابەری حیزبەکانی دیکە بکات لە ڕێگای خولقاندنی سەرکردەی بەهێزو هەیکەلی نوێی حیزبەکەی.

لایەنە خراپەکانی لیستی داخراویش بریتین لە:

١- لیستی داخراو بەشێوەیەکی ئاشکرا پالێوراو لە دەنگدەر دووردەخاتەوە، بەو پێیەی دەنگدەر پالێوراوانی ئەو لیستە لێکچیاناکاتەوەو ئیرادەی دەنگدەر تەنیا بە حیزبەکەوە دەبەستێتەوە، ئەگەرێکی زۆر دەدات بە خراپو گەندەڵبوونی ئیدارەی دەنگدەر لە ڕێگای گەیشتنی کەسانی ناشایشتەو بێتوانا بۆ کورسی دەسەڵات.

٢- ئەو سیستمە دزیەکی (فەرهودی)یەکی سەپێنراوو دروستکردنی دیکتاتۆرییەت لەناوحیزبەکاندا دروستدەکات، کە ئەگەر بە زۆریش ئەو دیکتاتۆرییەتە حوکم بکات بەسەر ڕیزبەندی لیستەکە، دواجار خزمایەتیو ناسیاوی کاردەکاتە سەر بریاردەرانی ئەو حیزبانەو بەسەر حیزبو دەنگدەردا فەرز دەکرێن.

٣- حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە ڕێگای لیستی کراوەوە کۆنترۆڵی سەرجەم ڕەهەندو لایەنەکان دەکەنو دەرفەتی سەرهەڵدانی حیزبو لیستو پالێوراوی نوێ بەرتەسک دەکەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نەمانی سەربەخۆیی و ناچاربوون بۆ بە حیزبی بوون لەلایەن هەندێک پالێوراوەوە، کە هەست دەکەن توانای بڵاوبوونەوەو بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیان هەیەو دەشتوانن نوێنەرایەتی دەنگدەرەکانیان بکەن بەشێوەی ورد، بەمەش بازنەکە بۆ بەرژەوەندی حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەمێنێتەوە.

٤- لیستی داخراو هەستکردن بە بێبەشبوونو ناسەرکەوتوویی لەلای پالێوراوانی یەک حیزب دروستدەکات، بەو پێیەی جیاکردنەوەی دەنگەکانو دابەشکردنی کورسییەکان لەسەر بنەمای ڕیزبەندی لیستەکە دەبێت، دەشێت پالێوراوێکی بەهێز لە ڕیزبەندی کۆتایی لیستەکەبێتو دەنگێکی زۆر بۆ لیستەکی کۆبکاتەوە، بەڵام بەهۆی دووری ڕیزبەندییەکەیەوە ناتوانن کورسییەک بەدەستبهێننو نوێنەرایەتی ئەو دەنگانە بکات کە پالپشتییان لێکردووەو دەنگیان پێداوە، لێرەشەوە ئیرادەی هاوڵاتیو دەنگدەر وون دەبێتو دەدرێت بە پالێوراوێکی دیکە کە لایەنگریی لە حیزبەکەدا زۆرەو جەماوەری بەرفراوانی نییە تا بیکاتە خاوەنی کورسییەک، لەم بارەشدا ڕەگەزی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن لەنێوان پالێوراوەکانیشدا ون دەبێت.

٥ - لە لیستی داخراودا ئەگەری دۆزینەوەی هاوپەیمانی فراوان زۆر قورسە لەنێوان کوتلەو حیزبەکاندا و ڕێگریش دەبێت لەبەردەم دانانی کەسانی نوێ کە سەربەخۆبن بەهۆی داخراوی هەندێک حیزبەوە بە ڕووی ئەندامەکانیدا، جگە لەوەش تۆڵەسەندنەوەو خۆشاردنەوەی کەسێتی نامێنێت تا باشترین پالێوراو دیاریبکرێت.

کارکردن بە لیستی داخراو لە هەرێمدا پاشگەزبوونەوەو دواکەوتنی دیموکراسییە



پەرلەمانو مەسەلەی ویژدان

(پێشکەشە بە پەرلەمانتارەکان، با تەنیا ئەوان بیخوێننەوە)

هەردی مەهدی

«دەبێت حەقیقەت جێگای خۆی بدۆزێتەوەو ئەم میللەتە فەقیرە بێدار بێتەوەو ئەم نەوعە میکرۆبانە دەفع بکەن، چونکە ئەم زوولمە کە ئەمانە کردوویانە بەپیشە، ئاخری ئەهالی مەجبور دەبن بە فیکرکردنەوە بۆ پەیداکردنی ڕێگایەکی نەجات، چونکە حەپس تا زیاتر ئەزیەتی بکەن، زیاتر فیکردەکاتەوە بۆ ڕێگای وەسیلەی فیرار». **لە چیرۆکی مەسەلەی ویژدانەوە وەرگیراوە**

دەزانم نائیبەکانی ئەم دەورەیەی مەجلیسی ئەعیانیش وادەکـــەی زۆری نەماوەو لە سەرەتای مانگی حـوزەیـرانـــەوە کـاتـی قانوونییان تـەواودەکـەن، ئیتر مەعلوم نییە بۆ خۆیانی دڕێژدەکەنەوە، یان لێدەگەڕێن خوا بیگێڕێت، ئاخر موحتەمەلە ئەو هەڵبژاردنەی ئەمجارەش لەکاتی خۆیدا نەکرێتو ئەویش ڕێک وەک پردەکانو قیرتاوەکەی عەربەتو دوکـان هەر بە کۆتایی نەگات، حەزم نەکرد ئەم زەمەتان لە غەزەتەیەکی تانەلێدەری وادا نەشربکەم، کە خاوەنەکەی وەک خۆی ئیقراری کـردووە (هەندێکی لە داخی ئیودا وا داویەتییە ئەو گردەو بەر لە هەر وەزعێکیش دەیەوێت وەزعی ئەو سکوتەی ئیوە بگۆڕێت لەئاست ناعەدالەتییەکاندا)، بەڵام تەحەمولم نەکرد، چونکە جەمیعی ئەهالی وامان تەئمول دەکرد مووچەی فەخامەتو سەدری ئەعزەمو وەزیرو گزیرەکان کەمبکەنەوە، ئەما بەداخەوە بەو هەموو مووچە زۆرەوە بیستم لە کۆتایی تەمەنی مەجلیسەکەتاندالە مەجلیسێکی داخراودا، یەکێکتان نەبێت بە ئەکسەریەتی موتڵەق کەم یەک، مووچەکە دوو ملیۆنێکی دیکەتان بۆ خستەسەر، لەو دەقەیەدا هیچم بیرنەهاتەوە تەنیا ئەم دێڕەی شاعیرو قایمقامو پەرلەمانتاری وەجبە سەرەتاکانی عێراق، ڕەحمەتی (ئەحمەد موختار بەگی جاف) نەبێت:

چەن کەسێکی تازەپیاکەوتوو لە کورە دەرچوون
پیاو کە چوو بۆ ئیش لە پێشا
یۆقلەمەی گیرفان ئەکەن

ڕاستییەکەی مەبەستە لە بەکارهێنانی ئەو زمانەی پێشوو لەوشێوە کۆنەیدا، تەنیا بۆ ئەوەبوو کە پێتان بڵێین نزیکەی (١٠٠) ساڵ پێش ئێستا هەر بەو زمانە هەمان کێشەو گیرفان پڕکردن لەسەر حیسابی میللەت هـەبـووە، ئەحمەد موختار جاف لە شیعرەکانیدا بۆی بەیانکردووین، ئەو (ئەحمەد موختار ١٨٩٨- ١٩٣٥) لە هەرکەس زیاتر ئەو ڕەخنانەی لێدێت، چونکە ڕێک لەبەر گەندەڵی هەمان ئەو پۆستەی پەرلەمانی عێراقی جێهێشتووە کە ئەمڕۆ ئیوە لە دوا نەفەسدا هەر بیری زیادکردنی دەکەن، ئاخر ناوبراو لەساڵی ١٩٢٢دا دەبێتە قایمقامی هەڵەبجەو دوای دوو ساڵ وازی لێدەهێنێت، (١٩٢٤)یش دەبێتە نائیب (پەرلەمانتار) لە پەرلەمانی عێراق و لەوێش دەکشێتەوە، چونکە ئەو باش لەو مەسەلەیە تێگەشتبوو کە لە عێراقەکەی ئەودا پۆستو پێگەو قانوونەکانیش تەنیا بۆ پرکردنی گیرفانە:

جاهیلان بۆ ئیستفادەی زاتی خۆیان
ڕۆژو شەو
لەم موحیتە مەنعی عیلمو سەنعەتو
عیرفان ئەکەن

ببینن وا (٨٥) ساڵ لەمەوبەر ئەحمەد موختار، پەرلەمان جێدەهێڵێتو بەر لە هەرکەسێک دەکەوێتە ویژەی ئەو چینەی کە بەناوی بەرپرسو نائیبو خانەدانو عەشرەتەکانەوە سەرگەرمی گیرفانو ئەملاکو یاریکردن بە خوێنی خەڵکو بێدەنگبوونیان لەئاست ناعەدالەتیو موزەیەفاتەکانی دەسەڵاتدا، ئیتر چیان لە مەسەلەی ویژدان داوە.

بەڕاست خۆ تەنیا شیعرەکانی نییە کە پەیوەندیان بە پەرلەمانتارو وەزیرو بەرپرسەکانی ئێمەوە هەیە، چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ەکەشی کە یەکەم چیرۆکەو لە ساڵی ١٩٣٥دا نووسراوە، هەر هەمان قەوانی ئێستایەو هـەروەک ئەوەی زیندووبووبێتەوەو لـەنـاو پـەرلـەمـانو وەزارەتـخـانـەو ئۆفیسە حکومییەکانی حکومەتی هەرێمدا نووسیبێتی، لەوێشدا قسە لەو مەسەلانە دەکـات، کە مـرۆڤ ئەگەر بیەوێت پیاکەوتوو و خـاوەن پارەو خۆش بژی، دەبێت چاو لە مەسەلەی ویژدان بنوقێنێتو ئەوەی لە خەیاڵیدا نەبێت خـەڵـک بـێـت، بگرە دەبێت بشیانروتێنێتەوە، ئەو باس لە دۆخێک دەکات کە پیاوی باش ئەوەیە خیانەت لە مووڵکو مافی گشتی بکات، وەک دەڵێت «مەعلوم بوو کە سەداقەت خیانەتەو خیانەت سەعادەتە».

ئاخر ئەوەش ببینن لە هەموو دنیادا نەریتەکە وایە مرۆڤ لە کۆتاییەکانی ماوەی حوکمو پۆستو پەرلەمانتاریو بەرپرسیارێتیدا هەوڵدەدات بەجۆرێک لەجۆرەکان لە جوانترین شێوەدا خۆی نمایش بکات، تا ئەوەی بەدڵی خەڵکیش نەبووە لەبیریان بچێتەوە، وەک ئەوەی کلینتۆن بـوش کـە دوای خۆیان ڕێککەوتنی سەدەییان بۆ وڵاتەکەیان جێهێشت، بەڵام لای ئێمە ئەو چانسەش نییەو لە کۆتاییەکاندا پەرلەمانتارەکان بیر لە مووچەکەیان دەکەنەوە، لەکاتێکدا بۆ چەندین ساڵە خۆشیان دەزانـنو خەڵک هاواریەتی کە مووچەی سەرۆکو وەزیـرو پەرلەمان زۆرەو لەئاست گیرفانی خەڵکدا یەک بە سەد زیاترە.

ئێمە چـاوەڕێـمـان دەکـرد وەک هەڵوێستێکی پێویستو بیرلێکراوەو ویژدانگەڕا، گەرچی بەرژەوەندیی خۆشتانی تێدانەبێت، لە خۆتانەوە دەسـتـپـێـبـکـەنو مـووچـەکـانـتـان کەمبکەنەوەو لەوێشەوە بتوانن بوێرانە بـە ســـەرۆکو ســـەرۆک وەزیـــرانو وەزیرەکان بڵێن ئێوەش وەک ئێمە فەرموون مووچەکانتان بۆ ئاستی ویـژدانو خەڵک داگـرن، کەچی نەک ئەوەتان نەکرد، مووچەی خۆشتان زیاترکردو دڵنیاین ناشتانەوێت ئەو یاسا حەیابەرەش هەڵوەشێنەوە کە (بە مووچەیەکی بەرز خانەنشینتان دەکات).

لە هاوشێوەی وڵاتە وێرانەکانی وەک لوبنانو ئەم عێراقو هەرێمەی ئێمەو نموونە نزیکەکەکانی نەبێت، کوا پەرلەمانتارخانەنشین دەکرێت،ئەی ئێوە بیرتان چوویەوە فەرمانبەری حکومەت نین «نوێنەری خەڵکن، پیاوماقوڵی خەڵکن»، تائێستا کێ بینیویەتی سەرۆک عەشیرەتێک لەسەر ڕیش سپێتیو قسەی مەجلیس خۆی خانەنشین بکات لەسەر حیسابی عەشیرەتەکەی، بەڵام ئێوە ئەوەشتان کرد.

لەبەرئەوە دڵنیاین لەوەش کە ئەحمەد موختار جاف لە مەسەلەی ویژدانو شیعرە ڕەخنەگرەکانیدا پێکاویەتیو ئەوە واقیعی کوردە، ئەوەش کە خەو دەبینێت هێڵی شەمەندەفەر بچێتە هەورامانەوە، بەڕاستی خەونی شیعرەو هیچیتر:

پاش قڕانی موددەعی دەس پێئەکەن
تەعمیری مووڵک
ڕێگای ئاسن دەچێتە خاکی
هەورامانەوە

بەڵێ خەونە، چونکە مـرۆڤ تا خاوەنی ئەمجۆرە بیرکردنەوانەی ناو پەرلەمانو حکومەتو ئەو «ویژدانە زیندووانە» بێت کە مووچەکەیان (٢٥٠) جار بەقەد مووچەی کەمئەندامەکانیانە، گێڵێتییە تەوەهومو خەیاڵی ئەوە بکەین چاکسازیی بەمانەدەکرێتو پەرلەمانیش بەمانەوە دەستپێشخەر دەبێت!!

ئەمڕۆ.. لاوان بەرنامەی کارن.. دوێنێش... خرابوونە پەراوێزەوە...

پارێزەر/ گۆران محەمەد ڕەشید

کاتێک زەنگی هەڵبژاردن لە کوردستاندا لێدەدرێت، پارتەکانی نێو گۆڕەپانی کوردی جارێکی دیکە دەکەونەوە پڕوپاگەندەو بانگەشەکردنو هەڵڕشتنی بەرنامەی کارەکانیان، ئەمەش کارێکی ئاساییەو ئەرکی هەموو پارتێکە لە دونیادا پیادەی بکات، بەڵام لە کوردستانی ئێمەدا مایەی نیگەرانییە کە تائێستا بە فعلی یەک بەرنامە جێبەجێنەکراوەو هەقی خۆی نـەدراوەتـێ، سەرجەم بانگەشەو پڕوپاگەندەکانیش وەک سەراب وابوون.

هەموومان جگە لە نـەوەی نـوێ، درک بە ڕاستیو دروستی بەرنامەکان دەکەین کە هەرگیز بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی تێدا نەبووە، تەنیا بەئامانجگەیاندنی سـوودی تایبەتی ئەندامانی پارتەکە خۆی بە گەورەو بچووکییەوە بووە.

تاکی کوردی مەحاڵە نەزانێت کە دەسەڵاتدارانی سیاسی چ کەمتەرخەمییەکیان هەبووە بەرامبەر سـەرجـەم چینو تـوێـژەکـانـی کـۆمـەڵو ئەو خەمساردییەی نواندوویانە لەئاست وەدیهێنانو دەستەبەرکردنی سادەترین مافەکانی تاکی کـوردی... بەڵگەش ئەوەیە پاش تێپەڕبوونی هـەژدە ساڵ بەسەر حوکمڕانیدا، هێشتا تاکی کوردی بەدەست پشێویی و ناجێگیریی گوزەرانو گەندەڵیو خراپیی باری ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەوە دەناڵێنێت.

ئەمڕۆ بەرپرسانی یەکێتی ڕاشکاوانە لاوانو گەنجان کۆدەکەنەوەو پێیان دەڵێن، هەڵی هاتنە پێشەوەتان بۆ دەرەخسێنین تا لە دەسەڵاتدا بەشداربن، ئەمڕۆ پێویستە لاوانو گەنجان ڕۆڵیان هەبێت، لەکاتێکدا دوێنێ لاوان پەراوێزخرابوونو سادەترین مافەکانیان پشتگوێخرابوو، بەدڵنیاییەوە تاکە زەرەرمەندی سێبەری دەسەڵاتی کوردی، گەنجانو لاوان بوون، کە زۆر بە سانایی وزەو توانەکانیان خەفەکرابوو، ئـاوڕنـەدانـەوە لەو بارودۆخە ناهەمواربوو فەراهەمنەکردنی ژیانێکی ئاسودەو نەخستنەگەڕی وزەکانیان، چ لە پێشترو لە ئێستاشداو خەمسارددییان لە چارەسەرکردنی گرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانیانو فەوتاندنی هەندێکیان لـە شـــەڕی نەگریسی نـاوخـۆ، ناچارکردنی هەندێکی دیکەیان بۆ جێهێشتنی زێدی خۆیانو گیرسانەوەیان لە وڵاتی غەریبان، پیشەو بەرنامەی کاری دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بووە بە درێژایی چەند ساڵەی حوکمڕانی. شاراوە نییە چۆن لاوانو گەنجان وەڵام دەدرانـەوە، کاتێک بەشێوەیەکی هێمنانەو سەردەمیانە داوای مافە ڕەواکانیان دەکـرد، لەبری بیرکردنەوەیان لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاودا، بە لێدانو عەزیەتدان وەڵامتان دەدانەوە.

لاوانو گەنجانی ئێمە هەردەم بەشخوارو و بێهیوا ژیانیان گوزەراندووە، باری قورسی ژیان هەمیشە لەمپەرێکی ئێجگار گەورە بووە لەبەردەم وەدیهێنانی هیواکانیاندا، دەنا بێگومان هێندە کەم نین قورسایی و سەنگی خۆیان لە کۆمەڵگادا نەزانن، درک بەوە نەکەن کە لە سەردەمێکدا دەژین گۆڕانکاریی و بەرەوپێشچوون پێویستی هەنووکەییە، فەراهەمکردنی مافەکانیان وەک لاوانی دیکەی جیهان، کاری پێویستە، خودی خۆیان دەتوانن ژیانی سیاسیی لە کۆمەڵگادا بە ئاقارێکی دیکە بەرنو تینوێتیان بشکێنن، نەک دەسەڵاتدارانی سیاسیی ئێستا دەستیان بگرنو ڕێیان نیشانبدەن، وەک بڵێی کوێرنو نازانن بەرەوکوێ بڕۆن. ئەمڕۆ زەمینە لەبارە لاوانو گەنجان وزەو تواناکانیان بخەنە کارو بە لیستی سەربەخۆو بەرنامەی کاری باشەوە بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، پێگەی خۆیان لە دەسەڵاتدا بکەنەوەو مافەکانیان دەستەبەر بکەنو چاوەڕێی پارتە سیاسییەکان نەکەن، بیری تەسکی حیزبایەتی کە هەمیشە بەرژەوەندیی گشتی فەرامۆشکردووە، وەلانێن، چونکە بێگومان خواردنی بەرهەمی ڕەنجی خۆتان، زۆر باشترە لـەوەی کە پێتان دەبەخشرێت، ئەگەر ئێوەی لاوانو گەنجانیش تواناکان نەخەنە کار، مەحاڵە هیواکانتان بێتەدی، ئەو هیوایەی سەردەمانێکی دوورودرێژە خەونی پێوەدەبینن.



ئەزموونی کوردستانو پاوانکردنی پۆستەکان نموونەی کەمە!!

شوان وەسانی

ئەزموونی هەرێمی کوردستان کە بڕیاربوو ببێت بە مۆدێل بۆ بەڕێوەبردنی حوکمی عێراق، کەس نەیزانی ئەم مۆدێلە چ مۆدێلێک بوو؟ باش یا خراپ بوو؟ کە باش بوو، بۆ کوردستان هەر لە خراپو وێرانەو پێشێلی یاسا دەناڵێنێت؟ ئەی بۆچی ڕۆژانەو ساڵانە هەر گلەیی و گازندە شیعاری ئەم میللەتە داماوەبـوو؟ بێگومان باش نەبوو! چونکە لای دەسەڵات زۆر باسی دیموکراسیمان بـۆ دەکـــرا، بـــەڵام لای خۆشیان هەنگاوی پەککەوتنی بۆ دەنرا!! زۆر باسی دزێو بەتاڵانبردنی سەروەتو سامانی ئەم میللەتە کـرا!! کەسیش لەسەری دادگایی نەکرا! زۆر باسی گەندەڵی کرا، بەڵام گوێی پێنەدراو ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندان! لە پەرلەمان زۆر یاسامان دەرکـرد، بەڵام هەر یاسایەو بوونی هەیەو ناشزانرێت نە بۆ جوانییە نە بۆ جێبەجێکردنە؟ زۆر باسی شەفافبوونی بودجە کرا، بەڵام ئێستاش کەس نازانێت چەندەو چۆن دێتو چۆن دەڕوات! ئەمە ئەو مۆدێلە بەڕێوەبردنە بوو کە سیاسییەکانی هەرێم پێشنیازیان دەکـرد بەغدا کۆپییەکی بۆخۆی ببات! بـەڵام لە شەش ساڵی تەمەنی حکومەتی بەغدادا تائێستا شتێکی واسەرنجڕاکێشیان لەو ئەزموونە حوکمڕانییەی کوردستان بەرچاو نەکەوت، کە بیانەوێت ئەمانیش چاو لە ئێمە بکەنو وڵاتەکەیانی پێ بنیاد بنێنەوە، بۆیە دەبێت ئێستا ئێمە چاو لە ئەوان بکەین، چونکە لەو ماوە کورتەی تەمەنی حکومەتی بەغدادا چەندین هەنگاویان ناوەو گۆڕانیان دروستکردووەو چەندین کاربەدەستی گـەورەی حکومەت لەسەر دزیو گەندەڵی ڕاپێچی دادگـا دەکـەنو سـزای قانوونییان بۆ دەبـڕنـەوە! کەچی ئێمەی داماو نەک لە سەرەتاو ناوەڕاستی حوکمی بەڕێوەبردنمان، بەڵکو لەماوەی (١٨) ساڵی حکومڕانیی وڵاتمان لە فەقیرو هەژارەکان زیاتر کەسێک نەهاتە بـەردەمـی دادگـا، بۆ ساتێک گەندەڵکارێک یا دزێکی بەرپرسی باڵای وڵاتیان نەهێناو لە دادگـا بیکەن بە پەندێک بۆ ئەوانی دیکەش و ڕووڕەشـــی بـــەردەم ئەم میللەتەی بکەن.

شتێکی دیکە کە بووە بە پاوانو بۆمان جێماوە! بوونی چەندین پۆستە لە کەسێدا، لە ماڵەوە دانیشتنی هەمان چەندین کەسیشە کە لێوەشاوەییو شارەزایی تێیاندا وجودی هەیە، کەچی ئەگەر بە خەباتکردنیش حسابی بکەین، خاوەن خەبات‌و ماندووبوونەکانیش هـەر بێ ئیشوکار دەسـوڕێـنـەوە، ئیتر لە کوردستان تائێستا هەندێک بەرپرس هەیە نازانێت پۆستەکەی چییەو چەند دانە پۆستی هەیە، کە بتەوێت لە بابەتێکدا ناوی بهێنێت نازانی چۆن ئاماژە بە پۆستەکەی بـدەیـت! هەیانە لـەبـارەی خـراپ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم وڵاتەوە دەدوێـن، کەچی سکرتێری حیزبن، ئەندام پەرلەمانیشن، لە هەمانکاتدا وەزیریشن؟!! کەچی خۆشیان داوای گۆڕان دەکەنو خۆشی لە دەسەڵاتدا قۆرخکارێکی پۆستەکانە، هەمانە ئەندامی مەکتەبی سیاسییە، سەرۆکی ڕێکخراوەکانە، نوێنەری سەرۆکە بۆ ناوچە دابڕاوەکان، سکرتێرو وتەبێژی مەکتەبی سیاسییە...

بەهەرحاڵ ئەمانە باوەڕیان بە گـۆڕان نییە! بـەڵام ئەمە نموونەی دوو بەرپرسی وڵاتن لە دوو بەرگدا، ئـەم چەند پۆستەیان لە حیزبو حکومەتدا هەیە! ئەی ئەگەر بە پۆستی بەرپرسانی دیکەشدا بڕۆینو دوایش لە فەراغێک بگەڕێین بۆ ئـەوەی گەنجێکی لێ دابنێین، دەبێت لەکوێ دەستمان بکەوێت؟ پاوانکردنی دەسەڵات لەوە زیاتر چی؟ دەبینین دەیان کەس لە ماڵەوەیەو پسپۆڕە، لەوڵاشەوە بە چەندین پۆستی دیار یەک کەس هەیەو بەڕێوەی دەبات!! ئـەی ئەمەش خـۆی گەندەڵییەکی دیکەی ئەم حیزبو دەسەڵاتە نییە؟ لە کۆتاییدا با خۆمان نەخەڵەتێنینو کوردستان بە زۆر نەکەین بە مۆدێلێک کە خۆمانی پێ بشارینەوە لە زۆرێک لەو بابەتگەلانە، چونکە ئەمڕۆی کوردستان پێویستی بە گۆڕانێک هەیە ریشەکێشی هەموو گەندەڵییەکان بکات، نـەوەک بە وتەیەکی کورت کۆتایی بە هەموو کێشەکان بهێنین، بێئەوەی هیچ گۆڕانێک بەدیبکەین، کەواتە هەنگاونان بۆ گۆڕان دەکەوێتە ئەستۆی کەسەکان خۆیان، چونکە دەنگی هەرتاکێکمان هەنگاوێکە بۆ گۆڕانێک.

shwanwasan@yahoo.com



قەیرانی ڕەوایی لە حیزبو دەسەڵاتی کوردیدا

سروشتو پێکهاتەی قەیراناویی حیزبی کوردی

ئەکرەمی میهرداد

بەشی پێنجەم

ئـەوەتـەی حیزبی کـوردی هاتووەتە مەیدانی خەباتو سیاسەتو بەڕێوەبردنی پرسەکان، خاوەنی سروشتو پێکهاتەیەکی قەیراناوییە، تـەواوی حیزبەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە خاوەنی ئەو قەیرانانەن کە باسمانکردن، یان لەڕاستیدا بۆخۆیان دروستکەری ئەو قەیرانانەن، هیچ حیزبێک نییە لە کوردستانداو لە هەموو کاتو سەردەمێکی بوونیاندا، کارکردیان بەشێک نەبێت لە قەیرانی سیاسییو ئابووریو بەتاییەتی قەیرانی دەسەڵاتو بڕیاردان لەناو خودی حیزبەکەی خۆیاندا.

هەموو حیزبەکان لەکاتی چارەسەری قەیرانی ناوبراوداو پەنایان نەبردووەتە بەر پەڕەو و یاسای عەقڵانی، هەرگیز حیزبی کوردی کاری بە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ نەکردووە، ئەگەر بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ بە دەستوورو یاسا یان عەقڵی گشتیی حیزب سەربکەین، لەکاتی ئاستەنگو قەیرانی ئابووریو سیاسیدا کار بەو عەقڵە گشتییە نەکراوەو لە بەرامبەر دەسەڵاتو بەرژەوەندیی هێزی بااڵدەستدا کراوەتە ڕووانگەو پێوەر بۆ چارەسەری کێشەکان، زۆربـەی کاتو سەردەمەکانیش دەسەڵاتی سـەرۆک یان سکرتێرەکان، دەسەڵاتی بااڵو بەرژەوەندیی سەردەست بووە، لێرەشەوەو لەپێناوی ئەو دەسەڵاتو بەرژەوەندییەدا هەموو سەرۆکو سکرتێرەکان هەتا لە ژیاندابن هەرخۆیان دەسەڵاتی بـااڵو نەگۆڕن، هیچ حیزبێکی کوردی نییە سکرتێرەکانیان کەمتر لە چارەکە سەدەیەک حوکمیان کردبێت.

دەستێوەردانو دەسەڵاتی ئەو هێزە بااڵیانە لە حیزبی کـوردیـدا هەرگیز لە بـەرژەوەنـدیـی گشتیی حیزب نـەبـووە، زۆربەی کاتەکانو هەموو جارەکان مانەوەو بەرژەوەندیی ئەو هێزە بااڵدەستانە کراونەتە پـێـوەرو دیـدگـاو بڕیار بۆ چـارەسـەری قەیرانەکانی ئابووریو سیاسیو دەسەڵاتی نـاو حیزب، لـەم هەلومەرجەدا بێگومان قەیرانەکان لە قەیرانی کاتییەوە دەگۆڕێن بۆ قەیرانی عەقڵانییەت، تەواوی یاساو پەیڕەوی گشتیو یاسای عەقڵانی (بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ)ی حیزب کاری پێناکرێت، تەواوی سیستمی ڕاگەیەنراوی حیزب دەکەوێتە ناو قەیرانو کێشەوە، ئەم قەیرانە کە ناتوانێتو نایەوێت بەرژەوەندیی باڵای حیزبو عەقڵی گشتیی حیزب بەهەند بگرێت، سەرئەنجام ناتوانێت نوێنەرایەتی گشتی لە کۆمیتەی ناوەندیو مەکتەبی سیاسییەکاندا بەرجەستە بکات، بەمجۆرە ناسنامەو پابەندی گشتیی هەموو حیزبو ئەندامان دەکەوێتە ژێر پرسیارو گومان، ئەمەش بەشێوەی قەیرانی ڕەوایی ناو حیزب دەردەکەوێت.

زۆربـەی جـار یـان هەموو کاتەکان چـارەسـەری کەمبوونەوە یـان نەمانی پشتیوانیو وەفـاداری گشتیی حیزبی، یان بەشێوەی دروستکردنی تەکەتوڵات بووە (نموونەی (ی.ن.ک)و حیزبەکانی دیکە)، یان بەشێوەی دەسەڵاتی ڕەهای سەرۆکو هێزی بااڵدەست بووە (نموونەی (پ.د.ک)و (پ.ک.ک)). تەنانەت خـودی فراکسیۆنو تەکەتوڵەکانیش لـەدەوری بەرنامە یان دیدگایەکی سیاسییو فیکری نەبووە، ئەمانیش هەر لە ڕووانگەو بەرژەوەندیی کۆمەڵێکو لـەدەوری کەسێکی بەهێزو کۆمەڵێکی دیاریکراودا بووە لەو حیزبانەدا.

چارەسەرنەکردنی قەیرانی ڕەوایـیو نەخۆێندنەوەی هەموو باڵو هێزو کەسەکانی ناو حیزب هەتا هاتووە پەرەیسەندووە، سەرئەنجام تەواوی بنیادو ناسنامەو وتاری ئەو حیزبانە کەوتووەتە ڕەوشی قەیرانو یان گرنگینەدان بەو بەرنامەو ناسنامانە بـووەتـە، یـان لەڕاستیدا کـراوەتـە کاری بەردەوامی حیزبەکان، لێرەشەوە ناسنامەو وتاری ئامانجداری حیزب یان لاوازبووە یان فەوتاوە، کارنامەی دوورودرێژی حیزبەکانی کوردستان لەم زەمینەیەدا باشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو قسانە.

هیچ یەکێک لە حیزبەکانی کوردستان نییە کە پابەندو وەفـاداربـێت بەرامبەر بەرنامەو ناسنامەی خـۆیـان، چەپەکان زیاتر لە ڕاستەکان لە هەوڵی کۆکردنەوەی سامانو بەرژەوەندین، عەلمانییەکان زیاتر لە ئیسلامییەکان کەوتوونەتە داوی کۆنەپەرستی دینیو مەزهەبییەوە، ئیسلامییەکانیش بوونەتە پاشکۆی دەسـەڵاتـی کـوردیو سـازش لەگەڵ ئـەو دەسـەڵاتـە، تەنانەت ئەگەر ئەو سازشە لەسەر خودی پێکهاتەو ناسنامەی ئایینیشیان بێت. کارەساتەکە لەوەدا نییە کە تەنیا سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبانە بەوجۆرەبن، بەڵکو لەودایە کە تـەواوی ئەندامانو کارگردو سیاسەتو ڕەوشی ڕۆژانەش گیرۆدەی داوی قەیرانەکانی ئابووریو سیاسی، عەقڵانی، ڕەوایـیو ناسنامەو متمانەن، هیچ کەسو ئەندامێکی حیزبی کوردی نییە کە پابەندبێت بە وتارو ناسنامەی حیزبەوەو کار بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبە بکەن. دیدگاو ڕوانگەی هێز، تەکەتوڵات، بەرژەوەندیو پەیداکردنی دەسەڵاتو هەژموون، ئەو میکانیزمەیە کە تەواوی کەسو ئەندامانی حیزبی پەیڕەوی دەکەنو پێوەی دەناڵێنن.

سروشتو پێکهاتەی حیزبی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا کە مەیداندارو دەسەڵاتو بەڕێوەبەری هەرێمو حکومەتەکەیەتی، گۆڕزاوەتەوە بۆ ناو حکومەت، حکومەتیش بەوشێوەیە بەڕێوەدەچێت یان بەوشێوەیە تووشی قەیران کراوە. لەناو حیزبدا سەرۆکو سکرتێرەکان دەسـەڵاتو بەرژەوەندی بێ ئەملاولایان هەیەو حکومەت کراوەتە پاشکۆی ئەو دەسەڵاتو بەرژەوەندییە، یان لە باشترین حاڵەتدا (بۆ حیزب) کراوەتە سەرچاوەی پاوانکردنی ئەوهێزو بەرژەوەندییەو ڕەوشێکی هەتا بڵێیت خـراپو ناهەباری بۆ خەڵکو کۆمەڵگاو حکومەتیش دروستکردووە.

ئێستا لـە کـوردسـتـان قەیرانەکانی ئابووریو (سیاسی)، قەیرانی عەقڵانییەت، قەیرانی ڕەوایـیو سەرئەنجام قەیرانی ناسنامە، لە هەردوو کایەی حیزبو حکومەتدا درێـژەی هەیەو مـاوەی زیاتر لە پانزە ساڵە (لە ساڵی ١٩٩٤و شەڕی ناوخۆ هەتا ئێستا)، حیزبو حکومەتی کوردی تەواوی کۆمەڵگای کوردستانیان خستووەتە ناو قەیرانەوە، هەموو ئەو ئاستەنگو قەیرانانەی کە لە لایەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆکردن، بوونەتەو کراونەتە هەلومەرجی ڕۆژانەو بەردەوام لە کوردستان.

بەبڕوای بیرمەندان خراپترین کاریگەریی قەیران، جگە لەو قەیرانو کاریگەرە ترسناکو خراپانەی کە لە لایەڕەکانی پێشوودا ناومهێناون، ئەوەیە کە سیاسەتو نوێنەرایەتی سیاسی، ڕووخسارو ناسنامەی نێگەتیڤو بـێـزراوی دەبـێـت لـەلای خـەڵـک، چونکە سیاسەت ئەو هێزەیە یان ئەو دەسەڵاتەیە لە سەردەمی قەیراندا، کە ڕێگرو لەمپەڕە لە بەرامبەر تەواوی مافو ئازادییو بەشداریی‌و نوێنەرایەتی خەڵکدا، لەمەش خراپتر ئەوەیە کە سیاسەت یان دەسـەڵاتو نوێنەرایەتی سیاسی، کارێکی وادەکات کە تەواوی خەڵک لە بیروڕاو دیدگای سیاسی دووربکەونەوەو دیسانەوە بچنەوە ناو کایەو سنووورەکانی ژیانی تایبەتی خۆیان، واتە پەیڕەوکردنی کاردانەوەیەکی سلبی لە بەرامبەر زیادەڕۆییو درۆزنیو بێوەفایی سیاسەتو سیاسییەکان. ڕوخسارو ئاماژەکانی ئەم ڕەوشە ئەوەیە کە گیانو ناسنامەی هاونیشتمانیو هاوڵاتی لاوازدەبـێـتو لای هەندێک کەس یەکسان دەبـێـت بـە سفر. بـەشـداریـی سیاسیو هـەوڵـدان بـۆ گـۆڕیـنو ڕیـفـۆرم بـەڕەو بێئومێدیی دەچێتو ناسنامەی فیکریو ئازادیخوازی بەڕەو هەڵدێر دەڕوات، هەوڵو گیانی خۆپەرستیو بەرژەوەندیخوازی پەرەدەسێنێت، سنووورەکانی کەسانی ئازادیخوازو دادپـەـروەرو ڕادیکاڵ لەگەڵ سنووورەکانی کـەسو لایەنە پاوانخوازو گەندەڵو کۆنەپەرستەکان لـەلای خەڵک جیاوازیی نامێنێت، سەرئەنجام جۆرێک لە تەسلیمبوونو پاکانەو بێهودەیی دەبێتە ڕەوشی گشتی.

ئاستەنگو قەیرانەکانی (ی.ن.ک) نموونەی بەرچاو لە قەیرانی حیزبی کوردی

(ی.ن.ک) حیزبو هێزێکی کاریگەرە لە سیاسەتو حکومەتی کوردیدا، هەروەکو چۆن لە ڕابردووشدا هێزێکی کاریگەر بووە لە خەباتو تێکۆشان، بەڵام بەو ڕادەیەش ئەم هێزە لە ڕەوشی دروستکردنی ئاستەنگو قەیرانیشدا کاراو کاریگەر بووە، ئەوەتەی (ی.ن.ک) هەیە لە هەناوی خۆیدا تۆخمو ماکی ئاستەنگو قەیرانی هەڵگرتووە، کە سەرئەنجام بەمشێوەیەی ئێستا قەیرانەکانی گەورەو مەزن بووەتەوە، قەیرانی ئەم هێزە لە سیاسەتو پـەیـڕەوی گشتی، لە شـێـوەو ناوەڕۆکی نوێنەرایەتیی ناو حیزب (سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیی)، لە بڕیاردانی سیاسیشدا هەتا هاتووە بـەردەوامو درێژخایەن بووە، هەرگیز ئەم حیزبە (یان لە ڕاستیدا ئەم هێزە) نەیتوانیوە پابەندبێت بە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی بڕیاردراو لە کۆنگرەو کۆنفرانسو پلینۆمەکان، نە ئەندامانی ئەم هێزەو نە کەسانی دەرەوەی نەیانتوانیوە هەڵوێستێکی ڕۆشنو پەیگیر بگرنەبەر لەمەڕ ئەوەی کە ئەم هێزە چ بەرنامەو پەیڕەوێکی هەیە. لەوپەڕی ڕاست تا ئەوپەڕی چەپ، لایەنی کۆنەپارێزو لایەنی ڕادیکاڵ، لایەنی عەلمانیو دیموکراتی لە بەرامبەر لایەنی کۆنەپەرستو دیکتاتۆری بـەردەوام لەم هێزەدا هەبوون، لە بەرامبەر یەک ئاستەنگو ناکۆکیان هەبووەو سەرئەنجام

ئێستا لە کوردستان قەیرانەکانی ئابووریو (سیاسیی)، قەیرانی عەقڵانییەت، قەیرانی ڕەوایی‌و سەرئەنجام قەیرانی ناسنامە، لە هەردوو کایەی حیزبو حکومەتدا درێژەی هەیە

هیچ لەو دیدگاو لایەنانە بەهرەمەند نەبوون لە سیاسەتو بڕیاری گشتیی حیزب. ئەم هێزە هەرگیز پابەندنەبووە بە عەقڵی گشتیی بڕیاردراو (بەنامەو پەیڕەو)، بۆ چارەسەری کێشەکانیش هەمیشە لایەنی بەهێز یان مەنتقی هێز نەخشی هەبووە لە خەفەکردنی کێشەکان، نەک چارەسەریان. ئەم ڕەوشە واتە پابەندنەبوون بە بەرنامەو پەیڕەوی گشتی، لە خودی نوێنەرایەتی ئەو هێزەدا ڕەنگیداوەتەوەو هیچ کاتێک نوێنەرایەتی نەیتوانیوە خاوەن بڕیارو کارنامەی وابێت کە لە بەرژەوەندیی گشتیی ئەو کەسو لایەنانەدا بێت، سەرئەنجام لە دەسەڵاتی بریارداندا سەرکردایەتیشدا هاوئاهەنگی نەبینراوە، قەیرانی سەرکردایەتیو نەبوونی نوێنەرایەتی گشتیو هاوئاهەنگ لە هەموو سەردەمو کاتەکاندا یەکێک بووە لە کێشەکانی ناو (ی.ن.ک).

لەدوای ڕاپەڕین‌و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمو پاش ئەوەی کە بەرژەوەندیی ماڵیو هێزداریی دێنە ناو کایەی حیزبی کوردییەوە، (ی.ن.ک) لە هەموو هێزەکانی دیکە زیاتر نەیتوانی کە سیاسەتو بڕیاری ئـازادو دیموکراتیو عەدالەتی هەبێت، جگە لە بڕیاری هەڵبژاردنی گشتی لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، هیچ بڕیارو کارنامەیەکی ئەم حیزبە بۆنی ئەوەی لێنایەت کە لە بەرژەوەندیی گشتیی هـێـزەکـەی خـۆی‌و جـەمـاوەری کوردستاندا بێت، هەموو بڕیارەکانی ئەم هێزە تەنیا لە بەرژەوەندی‌و لە دیدگای هێزی دەسەڵاتداری ناو (ی.ن.ک) بووە، تائێستاش بەوشێوەیە بەردەوامە.

تەشەنەسەندنی گەندەڵی‌و نەبوونی شەفافیەتی دارایـی‌و ئـابـووری کە ئێستا یەکێکە لە کێشە زەبەلاحەکانی ناو (ی.ن.ک)و سەرتاپای بوون‌و مانەوەی ئەو هێزەی پێوە بەندە، دیسان لە بەرژەوەندی‌و لە ڕوانگەی هێزی دەسـەڵاتـدارەوە لێکدراوەتەوە یان هەوڵی ئەوە دراوە کە پەنهان بکرێت یان دوابخرێت. بەکورتی هەموو بوون‌و مانەوەی یەکێتی ئێستا لەبەردەمی پرسیارو گومانداید، هیچ کارو بڕیارێکی یەکێتی نییە لە ئاستەنگو قەیران دروست نەکات.

بۆ ڕۆشنکردنەوەی کاریگەری قەیرانەکانی ناو (ی.ن.ک) لەسەر ئاستی حیزبو حکومەتو خەڵک، دیسان دەبێت میتۆدی فیکری بەکاربهێنم بۆ باسکردن‌و تەشەنەی قەیران لەو هێزەدا.

هەروەکو لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسمکرد، ئاستەنگو کێشەکانی سیاسیو ئابووری‌و کۆمەڵایەتی کە چارەسەرناکرێت یان دوادەخرێتو هەوڵی پەنهانکردنی دەدرێت، ئەمە بۆخۆی یەکێکە لە کێشە بەردەوامەکانی هەموو ئەو سیستمانەی کە بە نوێنەرایەتی هەڵدەسن.

حیزبیش کـە مەنتقی ڕێـکـخـراو یان سیستمی نوێنەرایەتی دەیگرێتەوە، بەدەرنییە لەو کێشەو ئاستەنگانە. لەکاتێکدا کە هەنگاوی بـەپـەـڕۆش پەیدانابێت بـۆ چـارەسـەری کێشەکانو کاریگەریی ئەو کێشانە دەکەوێتە سەروو چاوەڕوانی خەڵکەوە، ئەم ئاستەنگانە بەڕەو قەیران دەچێتو مێژووی (٣٣) ساڵەی (ی.ن.ک)یش زۆرێک لەم کێشەو قەیرانانەی بەخۆوە دیوە، هەموو کاتێک لەناو (ی.ن.ک)دا دیدگاو هەوڵی چارەسەری قەیرانەکان لە ڕوانگەو بەرژەوەندیی هێزی دەسەڵاتدارەوە بووە، ئەم هێزەش نەیتوانیوە یان نەیویستووە کە بەرژەوەندیی گشتیی حیزبو خەڵک بگاتە سەرەتاو ڕوانگە، بۆیە سەرئەنجام تەواوی عەقڵی گشتیی ئەو حیزبە کەوتووەتە قەیرانەوەو قەیرانی عەقڵانییەت لەناو (ی.ن.ک)دا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، بەشداری‌و کاریگەریی ئەم هێزە لە هەموو شەڕەکانی ناوخۆ، پابەندنەبوون بە ناسنامەو بەرنامەی نیشتمانیو دیموکراسیو عەدالەت بووەتە پێچەوانەی بانگەوازو بەرنامەی گشتیی (ی.ن.ک)، تەنانەت نەبوونی دیموکراسیو دادپـەـروەری‌و نوێنەرایەتی گشتی لەناو خودی ئەو حیزبەداو ڕووخسارەکانی قەیرانی عەقڵانییەتی ناو (ی.ن.ک).

چـارەسـەرنـەکـردنـی کـاریـگـەریـی‌و ڕووخسارەکانی قەیرانی عەقڵانییەتو بەردەوامبوونی ئەم قەیرانە، وادەکـات کە پشتیوانی‌و وەفاداریی گشتی‌و ئەندامانی حیزب بـەڕەو لاوازی یـان نەمان بچێت، سەرئەنجام قەیرانی ڕەوایی هەموو لایەنەکانی ژیانی (ی.ن.ک) گرتەوە، (هەروەکو چۆن ئەم قەیرانە هەموو لایەنەکانی تەواوی حیزبەکانی کوردستانی گرتووەتەوە).

بەڵام لەناو (ی.ن.ک)دا بـەردەوام دوو ڕێگاچارە هاتووەتە پێشەوە بۆ چارەسەری قەیرانی ڕەوایـی، هـەردوو ڕێگاچارەکەش هەوڵدان نەبووە بۆ ئەوەی سیستمی گشتی‌و ناسنامەو بەرنامەی گشتی پارێزراوبێتو تەواوی (ی.ن.ک) لەم قەیرانانە ڕزگاربکرێت، بەڵکو هـەردوو ڕێگاکە هەوڵدان بووە بۆ چارەسەری کاتی یان پابەندبوون بووە بە وردە چارەسەرو وردە سیستم، لەلایەک هەوڵدراوە کە تەکەتوڵاتو پابەندبازیی بکرێتە ڕێگایەک بۆ ڕزگارکردن‌و بەهێزکردنی ئەو کـەس‌و لایەنانەی کە هەستدەکەن بێهێز یان پەراوێزکراون. بێگومان ناوەڕۆکی ئەم تەکەتوڵانەش لەسەر بناغەی فیکرو پەیڕەوی سیاسی جیاواز یان پابەندبوون بە بەرنامەی گشتییەوە نەبووە، بەڵکو ئەو هەوڵانە بووە کە دەیەوێت هێز، هەژموون‌و بەرژەوەندیی ئەو کەسو لایەنە بپارێزێت کە تەکەتولەکەیان دروستکردووە. لەلایەکی دیکە بەردەوام کەس‌و هێزی ناوەندی کە خودی مام جەلال بووە، لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە هێز، هەژموون‌و بەرژەوەندیی بااڵ هێزەکەی خۆی بپارێزێت، هەمیشە سیاسەتو بـڕیـارو کارنامەی (ی.ن.ک) بەوجۆرە بووە کە سەرۆک تاڵەبانی ویستویەتی. هـەردوو ڕێگاکەی چارەسەر (تەکەتولاتو پەیڕەوی مام جەلال)، بەشێک بوون لە وردە چارەسەر یان ڕێگایەک بوون بۆ دۆزینەوەی وردە سیستم، سەرئەنجام ڕەوایی گشتی، عەقڵی گشتیو نوێنەرایەتی گشتی لاوازکراون‌و ڕەوایی گشتی ئەم هێزەیان خستووەتە قەیرانەوە.

بەردەوامبوونی قەیرانەکانی سیاسیی، عەقڵانی‌و ڕەوایی‌و چارەسەرنەکردنیان بەڕەو ئەوە دەچێت (یان لەڕاستیدا چەند ساڵێکە) بـەڕەو ئـەوە چـووە کە قەیرانی ناسنامە، فەرهەنگو متمانە یەکێک بێت لە قەیرانەکانی (ی.ن.ک).

ئێستا هیچ کەسێک لەناو (ی.ن.ک)دا نییە کە متمانەی بەو هێزە مابێت، (ئەگەر دیگای هێزو ڕوانگەی بەرژەوەندی نەبێت)و هەڵگری ناسنامەی ئەو حیزبە بێت، یان لەڕاستیدا تەواوی هۆکارەکانی پابەندبوون‌و ئەندامبوون لە یەکێتیدا لەلای هەمووان بووەتە جێگای گومان‌و پرسیار. کەس نییە لەناو یەکێتیدا بڕوای بەوەبێت کە (ی.ن.ک) هەڵگری ناسنامەی نیشتمانی، دیموکراسی، عەدالەت‌و عەلمانییەت بێت، هەموو ئەم ڕوخسارانەی ناسنامەی (ی.ن.ک) لەلای ئەندامانی ئەو هێزەو (لەلای زۆربەی خەڵکی کوردستانیش) بووەتە مایەی گومان‌و پرسیار.

لـە هـەلـومـەرجـێـکـی وەهـــادا ئـەم دەرئەنجامانە ڕوودەدەن (لەڕاستیشدا لەناو (ی.ن.ک)دا ڕوویاندا):

یـەکـەم: هێزی دەســەڵاتـدارو هێزە نەیارەکان ناتوانن بە هیچ بڕیارێکی گشتی بکەن‌و ڕەوایی‌و ناسنامەو یەکێتیی ڕیزەکان بپارێزن، ئەمەش ئەوەبوو کە لەم چەند ساڵو چەند مانگەی دواییدا بینیمان، نە هێزی ناوەندی توانی ویستی بەرژەوەندیی گشتی‌و ئاشتبوونەوەی گشتی بپارێزێت، نە تەکوتەلەکانیش توانیان پابەندبن بە هێزی ناوەندی.

هێزی نـاوەنـدی دەیـەوێـت کە هێزو هەژموون‌و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بپارێزێت، هێزەکانی دیکەش ناچاربوون وازبهێنن (نموونەی وازهێنانی باڵی نەوشیروان مستەفاو باڵی ڕیفۆرم)، ئەو هێزانەی دیکەش کە ئێستا ماونەتەوەو بەشێک نین لە هێزی ناوەندی، لە گومان‌و پرسیاردا مانەوەی خۆیان لەناو (ی.ن.ک)دا بە هەڵپەرسێردراوی هێشتووەتەوە.

دووەم: جگە لە مەیدانی تایبەتی ناو (ی.ن.ک)و مەسەلەی ڕکـابـەری نێوان هێزەکان‌و بڕیارەکانی تایبەت بەو کێشەیە، ئێستا لەناو یەکێتیدا هیچ بڕیارێکی پەیگیرو چارەنووسسازیش نادرێتو هەوڵەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی ئەوەیان سەلماند کە بڕیارەکان کاتین‌و کاریگەرییان زۆر لاوازە، یەکێتی ناتوانێت بڕیاربدات لەسەر ئایندەی هەڵبژاردن‌و لیستی هاوبەش لەگەڵ پارتی‌و ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی، تەنانەت ناتوانێت بڕیاریش بدات لە کۆنگرەی ئایندەی خـۆی، لەمەش زیاتر پارتی دیموکراتی کوردستانیش کەوتووەتە گومان‌و پرسیارو پێداچوونەوە بەو بڕیارە هاوبەشانەی کە لەگەڵ (ی.ن.ک)دا ئیمزای کـردووە، ئەمانیش لەو کێشەیەدا تووشی جۆرێک لە پێداچوونەوە بوون.

سێیەم: نەمانی وتاری ئامانجدار لەناو (ی.ن.ک)داو بەتایبەتی لەلای هێزی ناوەندی یان ئەو هێزەی کە تائێستا بڕیاردەرە، لە هەلومەرجی قەیراندا و بە تەشەنەسەندنی قەیرانەکان‌و ڕوودانی یەکلەدوواییەکی قەیرانی سیاسیی، بەڕەو قەیرانی عەقڵانییەت‌و بەڕەو قەیرانی ڕەوایی‌و قەیرانی ناسنامەو متمانە، یەکەمین قوربانیی نەمان‌و کوشتنی وتاری ئامانجدارە.

باجێکی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەشی (وێنەی ئەندازەیی) بە ناوی (مەهدی ئیبراهیم محمد) وونبوە، هەرکەس دۆزیویەتیەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠٥٤٧٧٢١٥)

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦١٩ – R١

پرۆژە: راکێشانی هێڵی ئاو لە بۆری سەرەکی ئاوی دووەمی دوکان-سلێمانی بۆ (٣) تانکی قەبارە (٣٠٠) م^3 لە پیرەمەگرون.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢١ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەرانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢٩ کاتژمێر ٩¬ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەرانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦١٤ – R٥

پرۆژە: (دروستکردنی پارکی هێمن+تەواوکاری باخچەی دوکان(یاری منداڵان) لە دوکان.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/١٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەرانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢٨ کاتژمێر ٩¬ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٦٠٠٠٠٠٠) شەش ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەرانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٤٠٧ – R١

پرۆژە: دابینکردنی پێداویستی و ئامێری پزیشکی بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی(دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢١ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەرانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢٩ کاتژمێر ٩¬ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٠٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەرانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

دادگای بەرایی چەمچەماڵ — ژمارە ١٦/ب/٢٠٠٩ — بەروار/٢٠٠٩/٤/٥

ئاگاداری

داواکار درویش محمد حمەأمین داوایەکی تۆمارکردووە لە دادگاکەمان لەسەر بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەی باری شارستانی چەچەماڵ وێڕای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی خۆی لە درویش بۆ ئاڵان، بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی بۆیە بریاردرا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە جا هەرکەسێک لاری هەیە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) رۆژ پاش بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە، بە پێچەوانەوە ئەم داوایە ئەبینرێت بەپێی یاسا.

دادوەر
صلاح الدين محمد عارف

دادگای باری کەسێتی سلێمانی — ژمارە ٤٤٢/ش/٢٠٠٩ — بەروار/٢٠٠٩/٤/١٣

ئاگانامە

داواکار/ دارا قادر أحمد
داوالەسەرکراو/ ئەلیکسندرا بێرگر
داواکار (دارا قادر أحمد) داوایەکی بە ژمارە (٤٤٢/ش/٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە لەم داوایەدا هاتووە کە داوای پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی نێوانتان.
وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، دادگا بڕیاری دا ئاگادارت بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى (٢٠٠٩/٥/١٩) سەعات (٩:٣٠)ی سەرلەبەیانی، بە پێچەوانەوە ئامادەنەبن خۆتان یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا داواکە دەبینێ بە پیچی یاسا.

دادوەر
جاسم جزا حافز

دادگای بەرایی سلێمانی/٥ — ژمارە ٢٩٧/ب/٢٠٠٩ — بەروار/٢٠٠٩/٤/١٣

ئاگاداری

داواکاران/ ١. پاکیزە محمد عزیز
٢. نسرین محمد عزیز — بریکارەکەیان پاریزەر
٣. ئاشتی محمد عزیز — (بەختیار جمال)
بۆ داوا لەسەرکراو/ فواد محمد عزیز
بۆ داوالەسەرکراو داواکار لە ڕێگەی بریکارەکەیانەوە داوای ژمارە (٢٩٧/ب/٢٠٠٩)ی لەسەر تۆمارکردووە لە دادگاکەمان بە مەبەستی نەمانی هاوبەشی یەکانی دوکانی دروستکراو لەسەر مولکی ژمارە/٢٢٣ گوێزە بەجۆرێک ئەگەر شیاوی دابەشکردن بێت بەسەر هەموو هاوبەشەکان دابەش بکرێ وە ئەگەرنا بە فرۆشتنی و دابەشکردنی نرخەکەی بەسەر هەموو هاوبەشەکاندا وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیەوە بۆ ئامادەبوونت لە رۆژی دادبینی بەروارى ٢٠٠٩/٤/٢٢ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی وە بە پێچەوانەوە دادگا ناچار دەبێت بە نائامادەیی داواکەت ببینێ

دادوەر
عبدالله اسماعيل أمين

دائرة تسجيل العقاري في السليمانية الاولى — نموزج رقم (٢٨) تسجلي العقاري

اعلان

طلب تسجيل العقار مجدادا
بناءً على الطلب المقدم الى هذة الدائرة بتاريخ (٢٠٠٩/٢/٣) لتسجيل تمام العقار التسلسل (٤٢٢) محلة (جواريخ) باسم (على محمد عبدالله) مجدادا باعتبارة حائزا لة بصفة الملك للمدة القانونية.
والغرظ تثبت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقارى رقم (٤٣) السنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذا العقار تقديم ما لدية من بيانات الى هذة الدلئرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليم التالى لنشر هذا الاعلان وكذلك احضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالى لانهاء مدة هذا الاعلان وذلك لاثبات حقوقه موقعيا فى الكشف الذى سيجرى فى اليوم المذكور لهذا الغرض

جوان فاضل امين
مديرة دائرة التسجيل العقارى السليمانية الاولى

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٣٢١ – R١

پرۆژە: دروستکردنی یاریگای کراوەی تۆپی دەست و باڵە و باسکە بۆ قوتابخانەی ناری لە عەربەت(دوبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢١ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەرانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢٩ کاتژمێر ٩¬ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/٠٤/٢٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢-ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەرانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
دانا ئەحمەد مەجید
پارێزگاری سلێمانی

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر: عەدنان عوسمان — adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین: **ئاودێر شێخ عومەر** — b.nusin@rozhnama.com

دەستەی نووسەران:
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ — serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ — fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ — hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدوڵڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ — frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر: **ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ — info@rozhnama.com-riklam@rozhnama.com

دابەشکردن: کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر: شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

پاش (٢٢) ساڵ لە کیمیابارانکردن، خەڵکی خۆشناوەتی دەنگ بە کێ دەدات؟!



ئیبراهیم باليسانی

زۆربـــاش لەبیرمە، بۆیە لەبیرمە، چونکە نامەوێت لەبیری بکەم! ئەو رۆژانەم لەبیرە کە دەهاتی و دەتوت: «ئەگەر ئێمە توانیمان بە ئامانجەکانمان بگەین و رژێم لەناوببەین و دەســـەڵات بگرینە دەست، ئینجا بزانن چۆن خزمەتی ئێوەو خەڵکی کوردستان دەکەین».

لەبیرمە ئەو کەسەی ئەمڕۆ پێیەکی لێرەیەو ئەوەی دیکەی لە ئەورووپا، لەناو ماڵەکەی خۆماندا لە دوو بەتانی و یەک لیفەی قورستر لە قورسایی خۆی لە بەرەبەیانێکی شەڕدا لەترسا خۆی حەشاردابوو! هەر لەو رۆژەدا بە بەرمالەکەی ئێمە تەرمی شەهیدبوونی هاوەڵی ئەو ترسنۆکە بەرەو مزگەوت رەوانەکرا!!.

ئێستا ئەو کەسەی کە پێشتر لە ترسی شەڕو نەبوونی جورئەتو ئازایی خۆی دەشاردەوە، ناوە ناوە دەیبینمو ئاراستەی بینینی چاوەکانمان رووەو یەکە، ئەو وەک کەسێکی قارەمانو دروستکەرو هێنانە ئارای ئەو رۆژو رۆژگارە لە بازاڕو شاردا خۆی دەردەخـاو دەدوێو قسەی گەورە دەکـات! هەر کاتێک من دەیبینم ئەو لەناو حەشاماتی پاسەوانەکانی خۆی، خۆی دەشارێتەوەو بە پەلەپەل دەیەوێت خۆی لێم بزربکات! بەڵام من هەر لە دوورەوە وەک چۆن لە (باليسان) بانگم دەکرد بانگی دەکەمو پێیدەڵێم: ها ئەوە چییە؟ نامناسی؟ لەبیرتە لە رۆژی (...) لە ماڵەکەماندا چیت دەوتو لەڕووی دەروونیو هۆشەوە لە چ باربڕکدابوونو چیتان دەوت؟ دەمزانی ئەو بەو پەیڤانەی من چەند سەغڵەتەو چەندە شەرمنە! بەڵام چی بکات ناتوانێت لە راستییەک لابدات کە کەسێکی راستگۆ دەدوێتو دەبێژێت، رەنگە ئەو کەسە سەرەرای خزمەتکردنیو دڵدەدانی، بە بینینی من سەغڵەتو نائارام بێت، رەنگە بۆ زیاتر خۆدەرخستنی لەم رۆژگارەو زیاتر سوودمەندبوونیو چوونە پێشی لە پلەو پۆستدا، نەیەوێت ئێمە ببینێتو نەمانمان بە ئاوات بخوازێت! تا ئەو وەک قارەمانێکو فریادڕەسێک بیەوێت خۆی دەربخاتو خۆی بە بەشێک لە هێنانەدی ئەو رەوشە بزانێت، بێگومان هێنانەدی ئەو خەونە کارێکی گرانو قورسە، چونکە وەک چۆن ئێمە لە رابردوو زهنو هۆشمان کارابوو، ئێستاش هەر واینو دەزانین کێ دروستکەری ئەم رۆژگارەیە؟ کێش دەیەوێت میللەت بە ئارامیی بژیو چیتر دەستی ماندوو لەسەر سکی تێر نەبێتو شانو ملی لەلایەن ئەمو ئەودا بۆ نەشێلدرێت!.

ئێستا بەهەمانشێوە زۆرجار کەسوکاری ئەو شەهیدە دەبینم کە بە بەردەم ماڵەکەی ئێمە بۆ مزگەوت دەبردرا! ژیانو گوزەرانی خێزانو منداڵەکانی ئەو شەهیدە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ژیانو گوزەرانی شەهیدانی کیمیابارانکراوەکانی خۆشناوەتیو گەرمیانو دەشتی کۆیەو تێکڕای شەهیدانی دیکەی ئەم کوردستانەن، من جارێکی دیکەش لە نووسینێکی دیکەمدا باسم لە ژیانو گوزەرانی کۆمەڵگای (قێتنام) کردبوو، خەڵکی ئەو وڵاتە بە تێکڕا بەشداری شۆڕشو خەباتیان کردبوو، بۆیە هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە لە هەموو رووپەکەوە وەک یەکنو وەک یەکیش دەژینو هەن، بەڵام لەم مەملەکەتەی خۆماندا (کوردستان) ناکرێت و نابێت بڵێین: هەموومان وەک یەکینو وەک یەکیش خەباتمان کردووەو قوربانیماندا وە؟! کەچی دەبینین ئەوانەی کە زۆر ماندوبوونو تێکۆشاون، ئەمڕۆ لە پەراوێزدانو ئیهمالکراونو لەدواوەی دواوەن! ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ یاسایەکو نەبوونی هیچ پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی (رەشو سپی) لەیەکتری! بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەشمان ئەگەر دەزگاو ناوەندێکی زانستیو بێلایەن بێتو لێکۆلینەوە لەسەر ئەو ناعەدالەتییەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە بیکات، بێگومان جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت لەنێوان ئەوانەی کە رۆژگارێک بەو شۆڕشەوە هیلاک بوونو ئەوانەی کە دژی شۆڕش بوون!

با نەبێتە ناوچەگەریو خۆهەڵکێشان بە هیلاکیو قوربانییو فیداکاریی، بەڵام خەڵکی خۆشناوەتی زۆریان کردو کەمیان نەکرد بۆ کوردایەتی، بەڵام دەپرسم ئایا بەقەد ئەو قوربانییو تێکۆشانەی خەڵکی خۆشناوەتی، ئایا دەســـەڵات توانیویەتی ئاوڕێکی جدییو خەمخۆرانە لەو خەڵکە بداتەوە؟ لەڕووی ئاوەدانیو خۆشگوزەرانییەوە توانیویەتی لەئاستی پێویستدابێت؟! بێگومان وەڵام دەبێت نەخێر بێت!! ئەگەر قسە لەوە دەکرێتو دەڵێن: جا هەموو ناوچە رزگارکراوەکانی پێشوو خزمەتیانکرد بە شۆڕشو هێزی پێشمەرگە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت یەکەمینجار لە کوردستان، خۆشناوەتی لەلایەن رژێمی پێشوو کیمیاباران کراو خەڵکەکەی ئەنفالکران! ئایا دەسەڵات توانیویەتی وەک یەکەمین ناوچەی کیمیابارانکراو یەکەمین پـرۆژەی خزمەتگوزاریی پێشکەش بەو ناوچەیە بکات؟ بێگومان وەڵام نەخێرە! چونکە ئەمڕۆ کە (٢٢) ساڵ بەسەر ئەو یادەدا تێدەپەڕێت، تا هەنووکە دەسەڵات نەیتوانیوە تەنیا یەک خانووش بۆ کەسوکاری شەهیدان دروستبکات!! نامەوێت باس لە گرفتەکانی دیکە بکەم، بەڵام ئەوەش دەزانم خەڵکی خۆشناوەتی لەم هەڵبژاردنەی داهاتوو دەزانن دەنگ بە کام لیست دەدەنو دوا پەیامیان ئاراستەی کێ دەکەن.

Info_balisani@yahoo.com

چیرۆکی سەفەرێک لەپێناو گۆڕاندا



هەورامان محەمەد

دوابەدوای ئاشکرابوونی هەنگاوەکانی سیاسەتی (گۆڕانو چاکسازیی) بۆ خستنە سەرپێو دەستپێکی گۆڕانێکی بنەڕەتی لەپێناو خۆشگوزەرانیی ئایندەی کۆمەڵگادا، کە توانی لەماوەیەکی کەمدا تەکانی بێوچانی خۆی بدات بۆ هەڵدانەوەی تـەواوی ئەو گەندەڵیو فەسادیەی کە تووشی شادەماری داموددەزگا ئیداریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریـیەکان بووە، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە سەرەتای بیستنو دیتنی هەنگاوی ئەم (گۆڕانو چاکسازیی)ەوە نـووسـەرانو رۆژنـامـەنـووسـان هـەوڵـی دەرخستنی گەندەڵییەکانی ئـیـداریـیو سیاسیی ئەزموونی ئەم (١٨) ساڵەیان دابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، پێش سەرهەڵدانی (گۆڕانو چاکسازیی)، نووسەرو رۆژنامەنووس لە کوردستاندا بەگوێرەی تواناکانی خۆیان بە ویژدانەوە ئەسپی خۆیان تێدا تاوداوە، بەڵام ئەمڕۆش لەپاڵ هاوکێشەی سیاسەتی (گـــۆڕانو چـاکسـازیـی) کـە نـووسـەرو رۆژنامەنووسان هاوڕا دەبنو یەک دەنگ دەبن لەئاست کەموکوڕییەکاندا، بەو مانایە نییە کە نـووسـەرانو رۆژنامەنووسان بوونەتە عـەبـدی ئـەوانـەی بانگەشەی چاکسازیی دەکـەن، دواتـر دەبێت ئێتر لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە دژایەتی بکرێن! چونکە هەموومان دەزانـیـن پێش ئەم دەنگوباسانە، تاکە رۆژنامەیەک لە سەردەمی پێشوو کە توانی رچەشکێنی دەرخستنی تەواوی گەندەڵییەکان بێت، تەنیا رۆژنامەی (هاوڵاتی) بوو، کە لەپێناو داخوازییەکانی کۆمەڵگادا بووبووە مینبەرێکی ئەهلیو ئازاد، لەم پێناوەشدا هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە مێژووی سەرهەڵدانی (هاوڵاتی)ەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، بۆ خۆخزاندنە ناو ئەو کایە مینبەرە ئەهلییەوە، دریغی نەدەکرد، ئەویش لە ڕێگای نووسەرو رۆژنامەنووسانی خۆیانەوە، کە تابتوانن ئیرادەی دەنگو بیرورا جیاوازەکان تێکبشکێنن، ئەوەبوو لـەو سـەردەمـەشـدا کە چەند نووسەرو رۆژنامەنووسێک کە لافی بێلایەنییان لەناو کایەکەدا دەکردو هەندێکیشیان تارادەیەک خۆیان بە وارسی (رەخنەی فیکری) دادەنا، بەڵام بەپێی ئەزموونەکان دەرکـەوت کە چۆن لە شەوەزەنگی میواندارییەکداو لەپێناو وەرگرتنی ئیمتیازاتو مووچەی کراوە بەرامبەر بە دەزگای راگەیاندنە حیزبییەکان، قەڵەمەکانی خۆیان بەهەدەر دا، هەندێکی دیکەشیان دوای چەندینجار گەمەکردنو دواجار لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی حیزبەکاندا خۆیان دۆزییەوە.

ئـەوەی لەم نووسینەدا زیاتر جێگای سەرنجو باسکردن بێت، لەدوای رەوینەوەی گومانەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بە سیاسەتی (گـۆڕانو چاکسازیی)، لە هەمانکاتیشدا هەنگاونانی ئەو سیاسەتەش لەناو کۆمەڵگادا وەک شەپۆلی دەریا تادێت بەرەو کەنارەکانی خواستی کۆمەڵگا فراوانتر دەبێت، لەئاست دەرخستنی کێشەکانیشدا هەردوو حیزبی دەســـەڵاتـدار پاساوهێنانەوەیان زۆر بێهێزە، هەربۆیەش کە دەبینین بەرپرسانی هەردوولا زۆر بە دەمارگیرییەکی ناشرینەوە جـارجـارە لە کەناڵەکانی خۆیاندا وتار دەدەن! لە ڕوانگەی ئەو نادادپەروەرییەی کە (١٨) ساڵە سیاسەتی (یەکێتیو پارتی) پاوانیان کردووەو لەئاستیشیدا بۆ مێژوو بەرپرسیارن.

ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٣/١٩ لە سنووری پارێزگای هەولێردا (٢٦) رۆژنامەنووس بەیانناممەیەکیان بۆ رای گشتیو بەردەم هەریەک لە (تالەبانی، بارزانی، نێچیرڤان بارزانی)، لەپێناو هەنگاونانی دادپەروەرییو بـوونـی دیـمـوکـراسـیو پـاراسـتـنـی ئەزموونەکەیدا خستەڕوو، کە لە دەقی بەیاننامەکەدا داوادەکـەن کە سـەروەتو سامانی خۆیان بۆ (میللەت) ئاشکرابکەن، هەروەک دەڵێن گێرانەوەی کفر، کفر نییە، دوابەدوای ئەم بەیاننامەیە بۆ تێگەیشتن لە بیرورای (گۆڕانو چاکسازیی) لەنزیکەوە، لە کـۆی (٢٦) رۆژنامەنووسەکە (١٠) رۆژنـامـەنـووس سـەردانـی (نەوشیروان مستەفا)یان کرد، کە بەندەش یەکێک بوو لەو رۆژنامەنووسانە، بۆ مێژوو دەڵێم لە سەردانەکەشدا تێکڕای رۆژنامەنووسان بـیـرورای تایبەتمەندی خۆیان هەبوو، هیچ کامێک لەوانە بە شێوازی گوێگرو سەرلەقاندن لە گفتوگۆکاندا دانەنیشتبوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوەی کە ئێمە باسمان لێوەدەکردو ڕەخنەی خۆشمان هەبوو، دڵنیاین لـەوەی کە بەرپرسانی هـەردوو حیزبی بااڵدەست ئامادەنین بەوشێوەیە گوێبیستی ڕەخنەگرتنی ئێمە بن، وەک برادەرانی (گردەکە) کە بە سنگفراوانیو هەستکردن بە مەسئولیەتی ئایندەوە ڕەخنەکانیان بەهەند وەردەگـرت، ئێمە کە سەردانی (گردەکە)مان کردووە، بەو مانایە نییە کە ناتوانین چاوپێکەوتن لەئاست لایەنەکانی دیکەدا بکەین، بەپێچەوانەوە ئێمە ناترسینو بە ئاشکراش هەنگاومان ناوە بۆ چارەسەرکردنی نادادپەروەریی، پێشمانوایە بە ئاشکرا هەنگاونان بۆ هەرکارێک، پێویست بەوە ناکات ئێمە بخرێینە ژێر چاودێرییەوە، جگە لەم دیمەنە ناشیرینانەی هـەردوو حیزب، دواییـن دیمەنی ناشیرین ئەوەیە کە لەدوای دەرکردنی ئەو بەیاننامەیەو بە بەشداربوونی چەند ڕۆژنامەنووسێک، چ لە بواری نووسینو قسەکردن بۆ کەناڵە جیاوازەکان، دیتمانو بیستمان کە هەندێک لە کادیرە بـااڵو مامناوەندییەکانی سەر بە ڕاگەیاندنی هـەردوو حیزب، دووبـارە بە زمانە بەدگۆیەکانی شەڕی ناوخۆیان کەوتنە تەشهیرکردن بە کەسایەتی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ئەمڕۆ لە دەرەوەی حیزب کـاردەکـەن، تەنانەت تەشهیری جاسوسیشیان درایـە پـاڵ، بـەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، کە تا چەند دەتوانن بـــەرەوڕووی ڕاستییەکان ببنەوە کە ئاشکرایکرێن؟ بەڵام بەداخەوە دەربڕینی ئەو هەڵوێستانەیان چ لە ئێستاو چ لە ئایندەدا، تۆزقاڵێک کار ناکاتە سەر ڕەوتی ڕادەربڕینی ئەو (٢٦) ڕۆژنامەنووسە، دوابـەدوای ئەم هەنگاوانەشیان دەزگـا جۆراوجۆرەکانی دیکەشیان بۆ ئاشتبوونەوەی ئەندامە تـۆراوەکـانـیـان بـە گشتیو بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسە کۆنەکانی سەر بە دەزگاکانی خۆیان، سیاسەتی ئاشتبوونەوەیان هێناوەتە ئـارا! ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە نییە کە هەردوو حیزب لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا چ هەنگاوێک دەنێن، بەڵکو قسەمان لەسەر جۆری ئینتیهازیەتی ئەوجۆرە بەناو نووسەرو ڕۆژنامەنووسانەیە کە لەپێناو ئیمتیازاتو مووچەی کـراوەدا، ڕووی شەرمەزارییان تاک تاک بەدەر دەکەوێت، لەوانەشە سبەینێ ژمارەیان زۆرتربێت، ئێمە نااڵیین بەبێ مووچە کەس دەتوانێت بژی، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لەپێناو مووچەدا نەبێتە ڕێگری داخوازییەکانی کۆمەڵگا، بۆیە پێویستە کۆمەڵگاش لەمەودوا سیماو ئاکارو هەڵسوکەوتی ئەوجۆرە نووسەرانە باش بناسن کە چ ڤایرۆسێکی کوشندەی کۆمەڵگان، ئەگەر سیاسەتی ئەمڕۆی هـەردوو حیزبی بااڵدەستیش لەئاست کپکردنەوەی دەنگە جیاوازو سەربەخۆکان، (سیاسەتی ئاشتبوونەوە) بهێنێنە مەیدان، من بـەش بەحاڵی خـۆم وەک ئەوجۆرە نووسەرانە نیم کە هەردەمەی پەرچەمێک بە ڕووخساری بیرکردنەوەکانمدا بدەمو نوکی قەڵەمەکەشم لەپێناو چەمانەوەو ماچکردنی لەپی دەستدا هەراج بکەم، دواتر ڕاستو چەپ بە رابردووی ڕەخنەکانی خۆمدا بێنم.

> **بۆ دەبێت سەردانی (١٠) ڕۆژنامەنووس بۆ لای (نەوشیروان مستەفا) حەرام بێت، لەکاتێکدا ڕۆژنامەنووسەکانی سەر بە هەردوو حیزب کە سەردانی دەکەن، بۆیان حەاڵڵ بێت؟! ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسە حیزبییەکان پرس بە سـەرووی خۆیان دەکەن**

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا ئەو پرسیارە بۆ هەموو دەزگاکانی سەر بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دێتە ئاراوە، ئایا بە سەردانی (١٠) ڕۆژنامەنووس بۆ (گردەکە)، عەرشی دەسەڵاتتان دەکەوێتە مەترسییەوە؟ ئەمە جگە لە بەرپرسی دەزگاکانی هەردوو حیزبی دەسـەڵاتـدار، تەنانەت خودی (تالەبانیو بارزانی) دەزانن کە نەوشیروان مستەفا بە تەنیا خۆی لە گۆڕەپانی سیاسییو بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کـوردد ڕەقەمێکی تایبەتو دیارە، بەڵام بۆ دەبێت سەردانی (١٠) ڕۆژنامەنووس بۆ لای (نەوشیروان مستەفا) حـەرام بـێـت، کـە لەکاتێکدا ڕۆژنامەنووسەکانی سەر بە هەردوو حیزب کە سەردانی دەکـەن، بۆیان حەاڵڵ بێت؟! ئـەوەش لەبەرئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسە حیزبییەکان پـرس بە سـەرووی خۆیان دەکەن، بەڵام ئێمە خاوەنی هیچ سەرووێک نینو جیا لە دیدەنی دووژمنەکانمان، ئازادین کە سەردانی هەر شوێنێک بکەین.

لـــەوەتـــەی (گـــۆڕانو چاکسازیی) سەریهەڵداوە، ئێمە وتومانە هەرکەسێک هەوڵ بۆ گۆڕان بدات، هاوڕاین لەگەڵیدا، بەڵام دەڵێیت چی کە ئێوە خۆتان دروستکەری ئەو قەڵەمەکەشم لەپێناو چەمانەوەو ماچکردنی لەپی دەستدا هەراج بکەم، دواتر ڕاستو چەپ بە رابردووی ڕەخنەکانی خۆمدا بێنم.

hawramanmhammad@yahoo.com

گرووپی کۆمپانیاکانی یعقوب

بازرگانی گشتی

هاورده و ناردنی موادی بیناسازی

(شیش و چیمەنتۆ)

YAAQUB GROUP COMPANY

Contact
07701525900
07701520338
07701558582
0533285807
0533285808
fax:
00964 533285807
www.yaaqubgroup.com
E.mail:
info@yaaqubgroup.com
yaaqub.company@yahoo.com

Iraq - Zaxo
07501145391
07507141167
07507141168

سلێمانی - شەقامی مەلیک محمود (60) مەتری نزیک کۆلێژی بنەڕەتی زانۆ - ڕێکەی ابراهیم خلیل - موقع تجاری نوسینگەی ژمارە (80)



دەبێت چی بوترێت!!



سەردار قادر

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەیە، سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمان دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن لەنێوانیاندا وندەبێتو فەرموو دەکەن لەیەکتری، دوا بڕیاریش دەرکردنی یاسایەکو هەموارکردنێکی نوێیە.

وادەی ناونووسکردنی قەوارەی سیاسییو لیستەکانە بۆ بەشداریکردنی لە هەڵبژاردن، ئیتر کاتی ڕەوینەوەی گومانەکانە دەرهەق بە لیستەکان، جیابوونەوەی بەرەکانەو دەرکەوتنی ڕەوتەکانە، عەلمانییەکان چەند لیستیان هەیە؟ ئیسلامییەکان، چەپەکان، لیستی سەربەخۆ.....

بودجەی هەڵبژاردن لەنێوان دەسەڵاتی ناوەندو هەرێمدا بووەتە کێشەیەکی نوێ لە لیستی کێشەی نێوانیان.....

حەملەی ڕاگەیاندن بێ پەیرەوکردنی یاسای هەڵبژاردنی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردن دەستپێکرد، سەرەتای حەملەکەش یەکێتی بە خیتابێکی زبرو پیرۆزکردنی بەهاکانی یەکێتیو پاراستنی یەکێتی ناو یەکێتیو ڕێنەدان بە کەسو گروپ کە کاربکات بۆ بەشبوونی یەکێتی... لەو لاشەوە پارتی جەخت دەکاتەوە لە یەکڕیزیی ماڵەکەی خۆیو ئیتیفاقی ستراتیژی نێوانیان بەرز ڕادەگرێت...

لە نێوان ئەندامانو هەوادارانی هاوپەیمانی کوردستانو لیستی سەربەخۆ، کەسانێکی زۆر هەن کە بەپێی ڕاپرسییەکانی کە بڵاوکراوەتەوە تائێستا لە چاوەڕوانیدایەو بڕیاری نەداوە بچێت بۆ دەنگدانو ترسی هەیە لە ڕوودانی تووندوتیژیو ڕوودانی نائارامیی لە ناوچەکەدا....

ئەم خیتابە زبرە بۆ؟؟

گەر یەکێتیو پارتی ئامادەن بۆ کردنی هەڵبژاردنو قبوڵکردنی دەرئەنجامەکانی، ئیتر بۆ خیتابی زبر پیشانبدەن!!

گەر ئەوان باوەڕیان بە دیموکراسی هەیەو ئامادەن هەڵبژاردن بکەن وەک بەختیار عەلی دەڵێت: «دەبێت باوەڕیان بە دۆراندنیش هەبێتو دەسەڵات بە شێوازی ئاشتیانە بگوێزرێتەوە بۆ لیستی براوە!!!»

گەر ئەوان پرۆسەی هەڵبژاردن وەک ناکۆکی ناوماڵی حیزب نەبینن و ماف بگێڕنەوە بۆ تاکی کورد کە ڕای خۆی لەسەر ئەوان بڵێتو دەنگدان بکاتە پێوەر بۆ مەحەکی چەند ساڵەی دەسەڵاتیان، شەقامی کوردی ناڕەزایی خۆی یان قبوڵکردنی ئەوان یان جیاواز لەوان لە سندوقی دەنگدان پیشانبدات، ئیتر ئەم خیتابە گڕاویانە بۆ؟؟

گەر ئەوان دڵنیان لە حاڵی خۆیانو هەڵبژاردن بە مەنزڵگەی بڕواپێدانی خۆیان بزانن، ئیتر بۆ باس لەوەبکەن کە لیستی جیاواز لیستی لێکترازانە؟؟

گەر ئەوان باوەڕیان بە بوونی بەهای مورالی نێوان هاوڕێیانی دوێنێ هەیە، ئیتر لە ئێستاوە کە هێشتا ئەوان لە دەسەڵاتدان، بۆ گشت کێشەکانی پێشوو دەدەنە پاڵ هاوڕێکانی دوێنێ کە جیابوونەتەوە؟؟

بۆ ناکرێت لایەنەکان بە پرانسیپی کارو کاردانەوە کارنەکەنو زیاتر کاربکەن بۆ ئیعلانکردنی بەرنامەو پرۆژەکانیان، واتە بینای خیتابیان لەسەر خۆیان بێتو لەسەر بەرامبەر نەبێت، کلتووری کۆمەڵگای ئێمە کلتووری بیناکردنە لەسەر ڕەهەندەکانی بەرامبەرو بیناکردنی خۆییە لەسەر قەیرانو گرفتی بەرامبەر... بۆ ناکرێت گۆڕان لەو کلتوورەدا بکرێتو جوانییەکانی ڕەنگو لۆگۆو بەرنامەو لیستی کاندیدی خۆت زامنی بەدیهێنانی دەنگەکان بێت..... بۆ ناکرێت پرانسیپی شوبهاندن دووربخرێتەوەو ئەوەندەی کار لەسەر واقیعی حاڵ بکرێتو داهاتوو جوان بکرێتو بەهای ئەخلاقی بەرز ڕاگیرێتو تاکی کوردی هێمن بکرێتەوە، ئەوەندە کەسو ڕاو ڕای بەرامبەر نەشێوێندرێت.....

بۆ ناکرێت دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنبوونو نەبوونیان ببەسترێتەوە بەیەکەوەو کار بۆ دروستکردنی بارودۆخی تەندروست نەکرێت.... بۆ گشت لایەک هەوڵ نادەن کە کاربکەن بۆ دروستبوونی سیستمو کەمکردنەوەی ڕۆڵی تاکو کاریزمای سەرکردە.... گەر ماڵی حیزب ئەو بواڕە نەدات با پەرلەمان ئەو شوێنەببێت...





شاری گوێژە

مدینة گویژه

گەڕەکی کازیوە

شەقامی مەلیک مەحمود



هەڵی نیشتەجێبوون:

گەر دەتەوێت لە کەشێکی ئارام و ژینگەیەکی تەندروستدا ژیان بگوزەرێنیت، ئەوا هەر ئێستا یەکەکانی شاری گوێژە لە بناری چیای گوێژەدا لە دروستکردندان، بۆیە بە زوترین کات پەیوەندی بکەو هەلی کڕین لە کیس خۆت مەدە.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارانەی خوارەوە بکە لە کاتژمێر (٨) ی بەیانی تا (٥) ی ئێوارە.
ئاسیا سێل: ٠٧٧٠٧٧٥٩٩٩٩ - ٠٧٧١٠١١٥٥٥٥ - فانوس تیلیکۆم: ٠٧٤٨٠١١٥٥٥٥
یان سەردانی نوسینگەی فرۆشتن بکە لە شەقامی مەلیک مەحمود گەڕەکی کازیوە.

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

جێگری سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی بۆ پرد:

یەکێتی لە کۆنگرەدا گۆڕانکاریی نەکات (S.I) شۆک دەکات

ل ٣

PIRD پرد
رۆژنامە
٨ لاپەڕە
وەرگێڕان ـ دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسی
ژمـــارە (448) پێنجشەممە 2009/4/16



کەرکوک بۆمبەکەی نێوان کوردو عەرەب

ل٤-٥



رێگرتن لە ململانێ لەسەر کوردستان

ل٦



یەکەم سەرۆکی عەرەبی لە کوردستان

ل٧

لە میدیاکانی تورکیاوە

ئا: کامەران ئەحمەد

لە رۆژنامەی رادیکاڵدا عیسمەت بەرکان وتارێکی لەژێر ناونیشانی (مارتین لوسەر کینگی کـورد...) نووسیوەو لە پەرەگرافێکدا دەڵـێـت: ئەحمەد تـورک سـەرۆکـی پارتی کۆمەڵگای دیموکرات (دەتەپە) بەردەوامە لەسەر گێرانەوەی چاوپێکەوتنە پێنج دەقیقەییەکەی لەگەڵ باراک ئۆباماو لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی رادیکاڵ تورک وتی: «بە باراک ئۆبامام وتووە لە ئەمریکا خەونەکەی مارتین لوسەر کینگ هاتەدی، ئێمەش دەمانەوێت خەونی کلتووریو ناسنامەییەکانی کورد بێنەدی».

رەشپێستەکان لە ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکانیان بەهیچ شێوەیەک پەنایان بۆ توندوتیژیی نەبرد، بەداخەوە کورد مارتین لوسەر کینگێکی نەبووەو نەیتوانیوە بیبێت، چەند دەنگێک هەبووە دژ بە توندوتیژیی، بەڵام هەر زوو ئەو دەنگانە لەلایەن دەوڵەتەکەمانو لەلایەن پەکەکەوە کپکراونو هەندێکیشیان کوژراون، تەنانەت ئەحمەد تورک کە یەکێکە لە ئاشتیخوازترین مرۆڤ کە ناسیبێتم، تا رادەیەک لەژێر کاریگەری زمانی توندوتیژیدایە. ئەحمەد تورک لە بەشێک لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ رۆژنامەی رادیکاڵ وتی: «پێویستە چەکەکان بێدەنگ بکرێن»، بەڵام کە دەچیت بۆلایان دەڵێن «خۆ من بۆ چەک فڕێدان یان بۆ لێبووردن نەچوومەتە شـاخ»، ئەگەر ئەوانیش رازیبن بە چەک فڕێدان خەڵک لێیان قبوڵ ناکاتو پێیاندەڵێن کوا مافـو ئازادییەکانمان، تەنیا ئەم رستەیە بەسە بۆ باسکردنی ئەو بازنە داخراوەی کە توندوتیژی، توندوتیژی گۆش دەکـات، لێکچووانـدنی مارتین لوسـەر کینگ لەگەڵ ئێمە ناگونجێتو وێنایەکی هەڵە لای ئۆباما دروستدەکات.

٣- ئاکەپە بۆچی دەنگەکانی لەدەستدا؟ ناونیشانی وتارێکی فیکرەت بیلایە لە رۆژنامەی میللییەت، باس لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی دەنگەکانی پـارتـی دادو گەشەسەندنی دەسەڵاتداری تورکیا دەکات لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی مانگی ئازار، بیلا دەنووسێت: دەرئەنجامەکانی کۆمپانیایەکی راپرسی تورکیا نیشانی دەدات کە بێکاریو قەیرانی ئابووریو لە سـەروو هەموشیانەوە هەڵسوکەوتیو ئسلوبی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی ئاکەپە، هۆکاری سەرەکیبوون بۆ لەدەستدانی دەنگەکان. بەگوێرەی راپرسییەکە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی لەدەستچوونی ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکان ئسلوبی رەقی ئەردۆغان بوو، دەرکـەوت کە دەنگدەر ئەو ئسلوبەی پەسەند نـەکـردو کـاردانـەوەی بەرامبەر نیشاندا، ئـەردۆغـان بەدرێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بەتەنیا خۆی بەرێوەی دەبرد، لێدوانی زۆر توندو رەقی دەدا، بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشووەوە کە ئەردۆغان دەچووە ناو خەڵکەوە ئەمجارەیان هەندێک چینی کۆمەڵگای پشتگوێخست، ئەمەش ئەو راستییەی دەرخست کە دەنگدەری تورک حەز بە ئسلوبێکی رەقو شەڕانگێز ناکات، دەرئەنجامێکی دیکەی راپرسییەکە ئەوەیە کە ئـەردۆغـان لەبری رکەبەرەکانی زیاتر رەخنـەی لە میدیای ئـازاد گـرت، ئـەوەش کاریگەرییەکی سلبی هەبوو بۆ سەر دەنگدەران، دەرئەنجامەکانی ئەو راپرسییە نیشانی دەدەن کە پێویستە ئەردۆغان ئەولەویەت بدات بە چارەسەری بێکاریو قەیرانی ئابووریو دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ میدیای ئازاد، بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو بە ئسلوبێکی نەرمتر.

جێگری سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی بۆ هاوڕێ :

یەکێتی لە کۆنگرەدا گۆڕانکاری نەکات (S.I) شۆک دەکات

هیچ بیانوویەک بۆ دواخستنی هەڵبژاردن لە کوردستاندا نییە



سازدانی: هێمن لهۆنی

کلاس نۆردمارک، جێگری سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی، باوەڕی وایە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشتووەتە ئەو واقیعەی دەبێت بگۆڕێت. ئەگەر گۆڕان نەکات، ئەوا ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال (SI) تووشی شۆک دەکات. نۆردمارک کە ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ وەفدێکی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال لە کوردستان بوو، هەروەک خۆی ئاماژەی بۆکرد بە بانگهێشتێکی یەکێتی هاتووەتە کوردستان بۆ کردنەوەی خول بۆ کادیرانی ئەو حیزبە، ئەو وتی پێویستە یەکێتی بە زووترین کات کۆنگرە ببەستێتو ڕۆڵی ژنان زیادبکات. کلاس نۆردمارک لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا وەڵامی پرسیارەکانی (پرد)ی دەداتەوە.

پرد: ئامانجی سەردانەکەتان بۆ هەرێمی کوردستان چییە؟

* ئامانجی ئەم سەردانەمان دەگەڕێتەوە بۆ دوو ساڵ لەمەوبەر، کاتێک وەفدێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانیان کردینو داوایان لێکردین کە یارمەتیان بدەین بۆ ڕێکخستنەوەی یەکێتیو پێکهاتەی سیاسیی، بەوپێیەی کە بارودۆخی کوردگۆڕاوەو بەرەو بارودۆخێکی ئارامو دیموکراسی دەڕوات، بۆیە ئێستا یەکێتی نیشتمانی گەیشتووەتە ئەو بۆچوونەی کە پێویستی بە گۆڕانە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو سیستمە دیموکراتییەدا بگونجێتو ئێستا پارتێکی زەمەنی جەنگ نییە. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێگای مەکتەبی پەیوەندییەکانیانەوە داوایان لێکردین کە بتوانین بڕینە ئێرەو خولێکی پەروەردەیی بکەینەوە لەبارەی چۆنیەتی بەستنی کۆنگرەو دیموکراسی بۆ ئەندامانی ئەو پارتە، پرۆژەکەشمان دوو ساڵ دەخایەنێتو بۆ چەندینجاری دیکە سەردانی ئێرە دەکەین.

پرد: ئایا خولەکانتان بۆ کادیرانی خوارەوەیە یان لێپرسراوە بااڵکانیش دەگرێتەوە؟

* بەشداربووانی خولەکانمان لەئاستی سەرەوەدا نییەو بڕیتین لە ئەندامانو لێپرسراوانی کۆمیتەو ڕێکخراوەکانی لاوانو ژنان.

پرد: لە خولەکاندا هەستت بە کێشەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد؟

* بەشێوەیەکی گشتی نا، بەڵام ڕای جیاواز هەبوو.

پرد: بەڵای تۆوە بوونی ئەو کێشانە ئاساییە؟

* بە گشتی هەموو پارتێکی سیاسیی ئێستا لەم جیهانە، زیاتر لە کوتلەیەکی تێدایە، چونکە خاوەنی بیروبۆچوونی جیاوازن لەکاتی قسەکردن لە سیاسەتی پارتەکەیان، بۆیە شتێکی نۆرماڵە.

پرد: وەک بەرپرسێکی پارتێکی سۆسیال دیموکرات تا چەند پەیڕەوی سۆسیال دیموکراتو یەکێتیی نیشتمانی یەکدەگرنەوە، لەکاتێکدا یەکێتی بە چەندین کێشەوە دەناڵێنێت؟

*هەموو پارتێکی سیاسیی پێویستە لەکاتی خۆیدا کۆنگرە ببەستێتو قسە لە سیاسەتی خۆی بکات، ڕێگا بە هاتنە ناوەوەی ئەندامی نوێ بدات، یەکێتی نیشتمانی بە بەروارد بە بنەماکانی سۆسیال دیموکرات، پێویستی بە گۆڕان هەیەو یەکێکیش لەو گۆڕانانە بڕیتییە لە هاتنە ناوەوەی زیاتری ژنان بۆ ناو ئەم ڕێکخراوە، هەروەها هیوادارم بە زووترین کات یەکێتی کۆنگرە خۆی سازبکات، چونکە گرنگە بۆ ئەم پارتە.

پرد: کێشەکانی یەکێتی لەکوێدا نۆرماڵە، لەکاتێکدا کرۆکی کێشەکان بڕیتیین لە نەبوونی شەفافیەتو سیستمی بەڕێوەبردنی ئەم پارتە؟

* دیموکراسی لە کوردستاندا هێشتا ساوایەو پێویستی بە ماوەیەکی زۆرە تا بتوانێت گەشەبکات، ئێمە دوای (٢٠٠) ساڵ توانیمان ئەوەی ئێستا هەمانە لە سوید بەدەستی بهێنین، من لێرەم بۆ یارمەتیدانی ئەم پارتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی.

پرد: پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە چۆن پارتێک بووەتە ئەندامی سۆسیال دیموکرات، لەکاتێکدا بنەماکانی دیموکراسی وەک شەفافیەتو تەداولی دەسەاڵتو یەکتر قبوڵکردنی تێدانییە؟

* ئەوەی یەکێتی نیشتمانی دەبەستێتەوە بە ڕێکخراوی سۆسیال دیموکرات، بڕیتییە لە باوەڕبوونی هاوبەش بە بەهاکانی سۆسیال دیموکرات، ڕاستە یەکێتی نیشتمانی پارتێکی زۆر تەواو نییەو خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە کێشەیان هەیەو دەیانەوێت گەشەبکەن، هەربۆیە داوا لە ئێمە دەکەن یارمەتیان بدەینو هاوکارییان بکەین بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو پارتە. چاوەڕێی کۆنگرەی ئەم پارتەین تا بزانین بارودۆخی کێشەکانی یەکێتی بەکوێ دەگات، ئەم پارتە پێویستی بە گۆڕانو گەشەپێدان هەیە، دواخستنی کۆنگرە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، دەبێتە هۆی زیادبوونی پەرۆشیی ئێمە لە بارودۆخی یەکێتی.

پرد: بە قسەکانتاندا وادیارە ئومێدێکت بە داهاتووی یەکێتی هەیە، بەڵام ئەگەر یەکێتی کۆنگرەی گرتو گۆڕانی ئەوتۆی نەکرد، ئێوە کاردانەوەتان چی دەبێت؟

* تووشی شۆک دەبین.

پرد: ئامادەن لە ئەندامیەتی ڕێکخراوی سۆسیال دیموکرات دەربیکەن؟

* من لەو پێگەیەدا نیم کە یەکێتی لەو ڕێکخراوە دەربکەم، هیوادارم پرسیاری لەمجۆرەم لێنەکەیت، چونکە من لەسەر ئەگەر قسەناکەم، چونکە لە ڕۆژنامەکاندا بە خراپ دەردەچێت.

پرد: من پرسیاری کاردانەوەی ئێوەم کردووە ئەگەر یەکێتی نەگۆڕێت؟

* ئەگەر یەکێتی نەگۆڕێت، بۆ نموونە کۆنگرە ببەستێتو نەتوانێت ژنێک بکات بە ئەندامی مەکتەب سیاسیی، ئەوا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوەو تووشی سەرسوڕمانمان دەکات.

پرد: چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسییو پێشتر جێگری سکرتێری گشتی دەستیان لەکارکێشاوەتەوە، هەوڵتداوە بیانبینیت بزانیت هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەیان چی بووە؟

* زانیاریم هەیە کە بۆ دەستیان لەکار کێشاوەتەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەوان چۆن دەتوانن ئەو ناکۆکیانە چارەسەربکەن، بەڕای من تەنیا ڕێگا بڕیتییە لە گفتوگۆیەکی بنیاتنەرانە.

پرد: تۆ هەوڵتداوە ئەو ئەندامانە ببینیت؟

*تائێستا نەمتوانیوە بیانبینم، بەڵام زۆرێک لە ئەندامانی خوارەوەم بینوە کە گلەییان هەیە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یەکێتی.

پرد: هەندێک باوەڕیان وایە کە پێدەچێت کێشەکانی ناو یەکێتی ببێتە هۆی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کوردستان، تۆ دەڵێیت چی؟

*بەڕاستی دواخستنی هەڵبژاردن هیچ کات کێشەکانی کوردستانو پارتە سیاسییەکان چارەسەرناکات، بۆیە بەڕای من هیچ بیانوویەک نابینم بۆ دواخستنی هەڵبژاردن لە کوردستان، هەرجۆرە هەنگاوێک بۆ بەئەنجام نەگەیاندنی لەکاتی خۆیدا، وێنەیەکی خراپی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی دیموکراسی پیشانی ناوەوەو دەرەوە دەدات.

پرد: گەشبینی بە گۆڕان لەم هەرێمەدا؟

* گەشبینم کە ئیرادەی گۆڕان دەبینم.

www.rojnews.com

ئەنجوومەنەکانی سەحوە لەژێر هەڕەشەو کوشتندان

ڕاپۆرتی پاتریک کۆکبێرن

کاتێک سەدام حسێن ڕووخێنرا، سوننە عەرەبەکان هەژموونیان لەدەستدا، بەڵام کاتێک ئەمریکا وەک سەربازی هاوکاری خۆی دایمەزراندن، دەستیان کردەوە بە بەهێزکردنەوەی خۆیان، بەڵام ئێستا لەکاتێکدا سەربازانی ئەمریکا خۆیان بۆ کشانەوە ئامادەدەکەن، سوننییەکان کە لە یاخیبووەوە گۆڕانو بوون بە هاوپەیمانی ئەمریکا، لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا جارێکی دیکە لە داهاتوویان دەترسن.

کۆتایی ئەم هەفتەیە ڕووداوێکیان بەسەردا هات، دواین هێرش خۆکوژێک بوو کە سەر بە قاعیدە بوو (١٣) چەکداری سونی کوشتو (٣٠) دیکەشی بریندارکرد، تەواوی قوربانییەکان ئەندامانی ئەنجوومەنەکانی سەحوە بوون، ئەو گروپە میلیشیایەی کە ئەمریکا پاڵپشتیاندەکات کە یەکەمجار دژی ئەمریکییەکان دەجەنگان تا ئەوکاتەی دژی ئەلقاعیدە، زیاترو زیاتر کۆنترۆڵی یەکەکەی دەکرد، ڕاپەڕین وادەخەملێنرێت کە (٥٣) ئەندامی ئەنجوومەنەکانی سەحوە تەنیا لە هەفتەی ڕابردوودا کوژرابن.

ئەندامانی ئەنجومەنی سەحوە لەلایەن بۆمبەکانو بکوژەکانی قاعیدەوە تەنیا ناکرێنە ئامانج، بەڵکو لەلایەن حکومەتی شیعی عێراقو هێزەکانی ئەمنی بەغداوە بەگشتی متمانەیان پێناکرێت لەم کاتەدا کە هێزەکانی ئەمریکا لە کشانەوەدان.

ڕۆژی شەممە نزیکەی (٢٥٠) چەکداری سەحوە کە چەکی سوکیان پێبوو، لە چـــواردەوری یەکتری خڕببوونەوە لە دەرەوەی بنکەیەکی ســەربــازی لە شارۆچکەی جبالە، کە (٣٥) میل دەکەوێتە باشووری بەغداوەو چاوەڕێی وەرگرتنی مووچەیان دەکرد، لەوکاتەدا خۆکوژەکە خــۆی پێیاندا تــەقــانــدەوە. خۆکوژەکە پشتوێنێکی تەقەمەنی بەستبوو و توانی بچێتە ناو قەرەباڵغیەکەوە، چونکە ئەویش بەهەمانشێوەی چەکدارانی سەحوە جلی سەربازی لەبەردا بوو.

«ئێمە چیمان کردووە تا موستەحەقی ئەمە بین؟» ئەمە هــاواری موحەمەد ئەلجەنابیە، کە لە تەقینەوەکەدا بەتوندی لە ورگو قاچەوە بریندار ببوو، وتی: «ئێمە بووین ئارامیمان بۆ ئەم ناوچەیە گــەڕانــدەوە، ئێستاش کاتێک دێین بۆ وەرگرتنی مووچەکانمان لاشەکانمان پارچەپارچە دەکــەن، بە نەفرەت بێت قاعیدە! بە نەفرەت بێت قاعیدە!»

ئەم هێرشە ئەوەی نیشاندا کە قاعیدە، ئــەو هــێــزەی ٢٠٠٥-٢٠٠٧ هەیبوو، لەکاتێکدا شیعەو سوننە لە گەرمەی شەڕی ناوخۆیاندابوون، نەیماوە، خۆکوژ ڕادەهێنرێتو دەیانێرێت بۆ ناوەڕاستو باکووری عێراق. هەینی ڕابردوو لۆرییەک کە (٢,٠٠٠) پاوەند تەقەمەنی هەڵگرتبوو، خۆیکرد بە دەروازەی بنکەیەکی سەرەکی سەربازی لە موسڵ کە دەکەوێتە باکووری عــێــراق، (٥) ســەربــازی ئەمریکیو (٢) ئەندامی هێزەکانی ئەمنی عێراقی کوشت.

ئــەنــجــوومــەنــەکــانــی ســەحــوە کە سەرهەڵدانیان لە کۆتایی ٢٠٠٦ گرنگ بوو بۆ کۆتایهێنان بە دژایەتیکردنی هێزەکانی داگیرکەری ئەمریکی لەلایەن سوننییەکانەوە، ژمارەیەکی زۆر دژە ئەمریکاییو ئەندامانی قاعیدە لەخۆدەگرێت، ئەمە ئاسانی کردووە کە قاعیدە بتوانێت زانیاری هەواڵگری لەسەر ئەم چەکدارانە دەستبکەوێت کە دەستنیشاوکراوترین ئامانجن بۆ هێرش، گومانێکی گەورە کە ئەندامانی ئەنجوومەنەکانی سەحوە لە هێزەکانی ئەمنی حکومەتی شیعی عێراق جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە چەکدارە سوننەکان ڕێگایان پێنەدرابوو بەیەکەوە بچنە بنکەکەیانەوە لە جبالە تا پارەکەیان وەربــگــرن کە سێ مانگیان فەرقبوو، لەجیاتی ئــەوەی بەهۆی دیوارەکانەوە بپارێزرێن، سەربازەکان ناچارکران تا لە دەرەوە لەسەر شەقامەکان چاوەڕێبکەن، لەکاتێکدا ڕێگایاندا بە پارتە بچووکەکانی دیکە تا بچنە ناو بنکەکەوە مووچەکەیان وەربگرن.

ئەنجوومەنەکانی سەحوە هەمیشە لەژێر گوماندابوون لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە شیعەو کورد کۆنترۆڵیان کردووە، چونکە ژمارەیەکی زۆر بەعسیو یاخیبووەکانی پێشووی تێدایە کە ناکرێت متمانەیان پێبکرێت. وەستانەوەیان دژی قاعیدە لە ناوچەی زۆرینە سوننەی ئەنبارو ناوچە سونی نشینەکانی نــاو بەغداو دەوروبــەری شتێک بوو کە لە خۆیەوە ڕووید، بەڵام هێزەکانی ئەمریکا بەخێرایی پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەنجوومەنەکانی سەحوە دەربڕیو پارەی پێدان، ئەمە بە نابەدڵ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە قبوڵکرا، لەکاتێکدا کە بەپێی ڕێککەوتنامەی سۆفا کە پارساڵ لەنێوان حکومەتی ئەمریکاو عێراقدا ئیمزاکرا، هێزەکانی ئەمریکا لە ٣٠ی مانگی حوزەیران لە شارەکان دەکشێنەوە، زۆرێــک لە عەرەبی سوننەو ئەندامانی ئەنجوومەنەکانی ســەحــوە مەترسی ئەوەیان هەیە کە حکومەت هێرشیان بکاتەسەر، مانگی (١٠)ی ساڵی ڕابردوو حکومەتی عێراق ڕەزامەندی دەربڕی کە مووچەی ئەندامانی سەحوە بدات، بەڵام مووچەکەیان یان زۆر دوادەکەوێت یان هەر نادرێت، هەروەها حکومەت دژی ئەوەش وەستاوەتەوە کە هەر پۆستێکی گەورە لە دەزگاکانی ئەمنی بەم سەربازانە بسپێرێت کە داوایانکردبوو، مانگی ئازار بەهاوکاری هێزەکانی ئەمریکا لە بەغدا، هێزەکانی حکومەت هەڵیکوتایە سەر چەکدارە سوونییەکان لە ناوچەی ئەلفازڵ کە ناوچەیەکی بازرگانییەو بەشێوەیەکی تایبەتی کەلوپەلی بیناکاری تیادا دەفرۆشرێت وەکو دارو شیش، ئەندامانی سەحوە لەو ناوچانە یان دەگیران یان دەردەکران.

لــە ڕابـــــردووەدا ئەنجوومەنەکانی سەحوە هەڕەشەیان کــردەوە جارێکی دیکە دەبینەوە هێزی یاخیبوو، ئەم ئەنجوومەنانەی سەحوەش سوێن، زۆر لاوازکـــراون، سوننەکان تەنیا ٢٠٪ ی خەڵکی عێراق پێکدەهێنن، لەکاتێکدا شیعە ٦٠٪. بەهۆی پاکتاوی تائیفییەوە ئێستا بەغدا زۆربەی دانیشتوانەکەی شیعەیە، ئەو سوننانەی کە بەرەو ئوردنو سوریا کۆچیان کردووە زۆربەیان نەگەڕاونەتەوە یان ئەگەر گەڕابێتیشنەوە نەچوونەتەوە شوێنە کۆنەکانی خۆیان.

ئەنجوومەنەکانی ســەحــوە ئێستا دابەشبوون، لە هەندێک ناوچەدا دژی حکومەت دەجەنگنو لە هەندێک شوێنی دیــکــەدا دەیــانــەوێــت بەشی خۆیان لە دەسەڵات هەبێتو داوای پاڵپشتی دەکەن.

لە ڕومادی چەقی ئەنبار، شێخ ئەحمەد ئەبوریشە کە براکەی پێشتر تیرۆرکرا، دەستیکرد بــە دروســتــکــردنــی یەکەم ئەنجوومەنی سەحوە کە ئەم ئەنجوومەنە پارتێکی سیاسی لێدروستبوو، ئەو دەڵێت: «واز لەململانێی چەکداریی دەهێنێتو دەیەوێت کار لەگەڵ ســەرۆک وەزیــران نوری مالیکیدا بکات»، هەروەها دەڵێت: «ئەگەر بمانەوێت عێراقێکی یەکگرتوو دابمەزرێنین، دەبێت بە یەک ئاراستە کاربکەین، یەکگرتنەوەی شیعەو سوننە، تا یەک وڵات بنیاتبنێین».

ئایا ئــەم ئامانجەی شێخ ئەحمەد بەدیدێت؟ پرسیارێکە دەبێت چاوەڕێبکەین، لە بنکەکانیانەوە لە موسڵو بەعقوبە، قاعیدە هێزێکی بەهێزەو دەبێت مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت، ئەمە بــەڵای ئەندامانی سەحوەوە مەترسیدارترین کارە.

وەرگێڕانی: ناموٚ عەبدوڵڵا
سەرچاوە: The Indipendent



عێراقییەکان جێدەهێڵێت



بارودۆخی ناجێگیری کەرکوک، عێراق ئاڵۆزتر دەکات

جەیمس کۆگان

چاوەڕێدەکرێت ململانێ دوورودرێژەکان لەسەر ئەو ناوچە عێراقییانەی کە بە (ناوچە کێشەلەسەرەکان) ناسراون (ئەو ناوچانەی کە دەکەونە باکوورەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستان (کەی ئار جی) بانگەشەی مولکداریێتیان دەکات)، لە کۆتایی ئەم مانگەدا بتەقنەوە، ئەوەش لەگەڵ بڵاوکردنەوەی راپۆرتێکدا لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە.

گرنگترین ناوچە کە کێشەی لەسەرە، بریتییە لە پارێزگای کەرکوک، ئەو شوێنەی کە زیاد لە ٤٠٪ی نەوتی عێراق بەرهەم دەهێنێتو ١٥٪ی نەوتی دەرنەهێنراویشی تێدایە، ناوچە کێشەلەسەرەکانی دی بریتین لە ناوچە کوردنشینەکانی هەردوو پارێزگای دیالەو موسڵ، کە لەسەر سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

ئەو زانیارییانەی کە لە راپۆرتە چاوەڕوانکراوەکەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دزەیان کردووە، ئەوە دەردەخەن کە راپۆرتەکە پێشنیازێکی لەخۆگرتووە، بۆئەوەی کە کەرکوک بۆ ماوەی (١٠) ساڵ پارێزگایەکی (خاوەن حاڵەتی تایبەت) بێت، دەوڵەت ئۆتۆنۆمییەکی سیاسیی گەورە بە پارێزگاکە بدات، بەڵام ناتوانێت بچێتە سەر هەرێمی کوردستان یاخود بەبێ مۆڵەتی حکومەتی ناوەندی بڕیاری بودجە بدات، خەونی نوخبەی کوردی بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکوک ناکام دەکرێت.

بانگەشەی کوردەکان بۆ خاوەندارێتی کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هاتنەبوونی جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا. حکومەتی بەریتانیاو بەمەبەستی لاوازکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەڵێنگەلێکی زۆری دا بە کوردەکان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەو ناوچانەدا کە زۆرینەیان کوردنشین، لەدوای دووبارە کێشانەوەی نەخشەی سیاسیی پاش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بەریتانیاو فەرەنسا لە بەڵێنەکانیان پەشیمانبوونەوەو کوردەکان بوونە کەمینەیەکی چەوساوەو پێشێلکراو و دابەشکران بەسەر عێراق و تورکیاو ئێران و سوریادا.

نەتەوەپەرستە کوردەکان لەکاتی خۆیدا کەرکوکیان بە (قودسی کوردستان) ناودەبرد وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە دڵی کلتووری کوردەکانە، سەرەڕای هەموو ئەمانە، کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە نەتەوەپەرستە کوردەکان پێیانوایە کە کەرکوک بە خۆی و ئەو خاکە دەوڵەمەندەیەوە دەکرێت سەرچاوەیەکی بەهێزی سەقامگیریی هەرجۆرە دەوڵەتێکی سەربەخۆبێت لە داهاتوودا. وەک پاداشتێک بۆ پشتگیریی کوردەکان لەکاتی شەڕی عێراقدا، نووسەرەوە ئەمریکییەکانی یاسای کاتی عێراق مادەیەکیان جێگیرکرد کە تێیدا بڕیار لە ریفراندۆمێک دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە ٢٠٠٧/١٢/٣١دا، پێش ریفراندۆمەکەش، دەبێت حکومەتی عێراقی یارمەتی ئەو کوردانە بدات کە لە زەمەنی سەدام حسێن-داو وەک بەشێک لە پاکتاوی رەگەزیی لە شارەکە دەرکرابوون، هەتا بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان. لە دەستووری عێراقیدا کە لە ٢٠٠٥/١٠/١٥دا پەسەندکرا، بڕگەکانی نێو یاسای ئیدارەی کاتی بەنێوی مادەی (١٤٠) جێگیرکران، لەوکاتەوە هەموو هەوڵو بانگەشەکان بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) رووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی توندی عەرەبو تورکمانەکانی کەرکوک و زۆرینەی پارتە عەرەبییەکانی عێراق بووەتەوە. هەروەها حکومەتی تورکیش دژی مادەی (١٤٠)ە، چونکە لەوە دەترسێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەسەر ناوچە دەوڵەمەند لە نەوتەکەدا بگرێت، ئەمەش هانی کوردەکانی تورکیا بدات بۆ جیابوونەوە.

لەناو شاری کەرکوک خۆیدا، ئیدارەی پارێزگا کە زۆرینەی کوردییەو بە پشتگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانو پێشمەرگە هەستاوە بە دووبارە نیشتەجێکردنەوەی دەیان هەزار کورد، چەند دەنگۆیەک هەیە بەوەی کە هێزە کوردییەکان هەستاون بە ئەنجامدانی کوشتنو فڕاندنو ئەشکەنجەدان بەمەبەستی فشار خستنە سەر عەرەبو تورکمانو ئاشوورییەکان، بۆ ئەوەی شارەکە بەجێبهێڵن.

ئێستا شارەکە بەسەر سێ ناوچەی کوردو عەرەبو تورکماندا دابەشبووە، ململانێکانیش روو لە زیادبوونن. ساڵی ٢٠٠٧و لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ریفراندۆمەکەدا، ئەمریکا ترسی ئەوەی هەبوو کە شارەکە لە گۆمی خوێنی خۆیدا بگەوزێتو بچێتە پاڵ شارە نائارامەکانی دیکەی عێراقەوە، هەروەک ترسی ئەوەشی هەبوو کە تورکیا هەستێت بە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە ریفراندۆمەکە، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧و لەژێر فشاری ئەمریکادا، پارتییە کوردەکان رازیبوون بە دواخستنی هەڵبژاردنەکان، ساڵی رابردوو بەبێ بوونی هیچ بەرواریکی دیاریکراو، پەرلەمانی عێراقی داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرد بەوەی چارەسەرێک بخاتەڕوو.

شتێکی سەیرنییە کە کۆمسیۆنی ئامادەکاری راپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان (هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا)، دەیەوێت ڕێگربێت لەبەردەم هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆداو خۆهەڵقورتاندنی تورکیادا لە باکوور. هەرچەندە زۆرینە کوردەکەی کەرکوک دەیانەوێت دەنگبەدەن بە چوونەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ریفراندۆم ناکرێت ئەنجامبدرێت، بەمەبەستی دڵنیاکردنەوەی نوخبەی کوردیش دەستەواژەی (خاوەن حاڵەتی تایبەت) بەکارهێنراوە.

بەڵام هێشتا ترسی ئەوە هەیە کە ئەوە ببێتە مایەی تورەکردنی پارتە کوردییەکانو توندکردنەوەی ململانێکان، وادیارە ئەمریکا زیاتر خەمیەتی کە حکومەتی بەغدا رازی بکات وەک ئەوەی پشتگیریی ویستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات. ئەوکاتەی ناوچەکانی دیکەی عێراق لەسەر پشکۆکانی ئاگری تووندوتیژی بوو، کوردستان بەهەشتە سەقامگیرەکە بوو، بەڵام هەروەک رانجی عەلادینی گۆشەنووسی ڕۆژنامەی گاردیان دەڵێت: «لەگەڵ باشتربوونی بارودۆخی عێراقدا، بایەخی کوردەکان بەرەو کەمبوونەوە چوو».

ڕۆژی ٣/٢٦، ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمز وتی، کە هێزەکانی فیرقەی ١٢ی سوپای عێراقی کە زۆرینەیان عەرەبن، هەستاون بە گرتنی شەقامەکانی دەوروبەری کەرکوکو دەیانەوێت هێزەکانی پێشمەرگەو کارمەندانی دەزگا هەواڵگرییە کوردەکان بکاتە دەرەوەی شارەکە، ژەنەراڵ عەبدولئەمیر زەیدی، فەرماندەی فیرقەکە، وتی بە ڕۆژنامەکە «ئەمە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەواندایە».

دانانی زەیدی لەلایەن مالیکییەوە بۆ فەرماندەیی فیرقەکە وروژێنەرەو جێی سەرنجە، زەیدی لە ساڵانی ١٩٩٠دا فەرماندەی لیوا بووەو بەرپرس بووە لە سەپاندنی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی بەسەر ناوچە کوردییەکانی باکووری کەرکوکدا.

مالیکی خۆی ئامادە دەکات بۆ وەلاخستنو لاوەکیکردنی پارتە کوردییەکان لە بەغدا، چونکە ئەم پارتانە لە رابردوودا ڕۆڵی یەکلایی کەرەوەیان بینیوە لە بڕیارەکانداو بووبوونە هۆی دابەشکردنی پارتە سوننیو شیعییەکان.

لە بەرنامەکانیدا بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ١/٣١ی رابردوودا، حیزبی دەعوە، پارتەکەی مالیکی وتبووی کە دژی هەموو جۆرە کۆنترۆڵێکی حکومەتی هەرێمە بەسەر کەرکوکدا، ئەمەش وایکرد، کە بەشێکی زۆر لە عەرەبە نەتەوەپەرستەکان پشتگیریی حیزبی دەعوە بکەن کە ڕێژەی ٢٥٪ی هێناو بە پلەی یەکەم هات. لەو هەڵبژاردنانەدا بۆ یەکەم جار حیزبی دەعوە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەنجومەنی بااڵدا پێکنەهێنا، کە ئەمەی دواییان نەرمترە دەربارەی ماددەی سەدوچل، بەپێچەوانەوە حیزبی دەعوە لەگەڵ ئەو پارتانەدا هاوپەیمانی بەست کە دژی بەرفراوانخوازیی کوردین لەو ناوچانەدا، لە هەندێک لە پارێزگاکاندا لەگەڵ لایەنگرانی موقتەدا سەدری مەلا تونددڕەوەکەدا ڕێکەوتووە بۆ دروستکردنی ئەنجومەنی پارێزگا. لە پارێزگاکانی بەغدا، بابل، سەلاحەدینو دیالەدا، حیزبی دەعوە بەنیازە لەگەڵ پارتەکەی ساڵح موتڵەگدا هاوپەیمانی دروستبکات کە کۆنە بەعسییەکە.

مانگی رابردوو سەرکردە کوردەکان پاش ئەوەی هەستیانکرد کە لە دەرەوەی یاساوە بەدوای چارەسەردا دەگەڕێن، ئەوەیان دووپاتکردەوە کە مادەی (١٤٠) تاکە ڕێگاچارەی چارەسەرکردنی کێشەکەیە، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورددا لە کەرکوک لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بە هیچ ڕازی نابن جگە لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠). جەلال تاڵەبانی، سەرکردە کوردەکەی دی کە ئێستا سەرۆکی عێراقە، لە ٤/١دا وتی: «مادەی (١٤٠) بابەتێکی دەستوورییەو هیچ کەسێک ناتوانێت بیگۆڕێت».

سەردانەکەی ئۆباما بۆ تورکیاو جەختکردنەوە لەسەر پێگە گرنگەکەی تورکیا، بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی کە ویستە کوردییەکان زۆر دوورن لەوەی پشتگیریی ئەمریکا بەدەستبهێنن، جارێکی دیکە سەرکردایەتیی کوردی، گەلی کوردیان کردەوە قوربانیی هێزە ئیمپریالیستەکان، بەڵام لە بەرامبەردا هیچیان نەچنییەوە، هەروەک ئەزموونی رابردووش سەلماندوویەتی کە پەنابردنە بەر زلهێزەکان بۆ گەیشتن بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، کۆتاییەکەی تاڵ بووە.

وەرگێڕانی: دانا نەوزەر

ئۆباما گرفتەکان بۆ عـــــ

بۆمبی کەرکوک پێدەچێت لەنێوان کوردو عەرەبدا بتەقێتەوە



تریٚنتن دانیٚڵ

ئێستا شیعەکانو سوننەکانی بەغداو باشووری عێراق لەیەکتر کوشتنیان کەمکردووەتەوە، بەڵام باکووری عێراق بووە بە بۆمبێکی مەترسیدار، لەکاتێکدا کە واشنتۆن دەیەوێت ستراتیژی کشانەوەی لە عێراق جێبەجێبکات.

ئەم تێروانینەم لادروستبوو دوای بەسەربردنی هەفتەیەک لەگەڵ سەربازانی ئەمریکا لە باکووری عێراق، هەرێمێکی ئەو ناوچەیە سەرەڕای ئەنجامدانی چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی گەورە، کەمترین سەقامگیری بەخۆیەوە بینیوە. رۆژی هەینی خۆکوژێک لە شاری موسڵ کە دەکەوێتە باکووری بەغدا، پێنج سەربازی ئەمریکیو دوو ئەفسەری پۆلیسی عێراقی کوشت، ئەم هێرشە کارەساتترینو گەورەترین هێرش بووە بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا لەماوەی یانزە مانگی رابردوودا.

ئـەو گـرژیـە کـۆنـەی کـە لـەنـێـوان کـوردەکـانو عەرەبەکاندا هەیە لەسەر شاری پر نەوتی کەرکوک، دەکرێت بتەقێتەوە کاتێک هێزەکانی ئەمریکا مەسەلەکان بە چارەسەرنەکراوی جێدەهێڵێت، هەردوولا باس لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ دەکەن. واشنتۆن بەڕوونی دیارە عێراقێکی دەوێت کە ئاشتی تێیدا بەرقەرار بێت، بەڵام فەرماندەی نوێی هێزی چەکدارانی ئەمریکا بەڕوونی رایگەیاندووە کە دەیەوێت هەر (١٤٠،٠٠٠) سەربازەکەی بکشێنێتەوە، کاتژمێرەکە لێدەدات.

میکائیل واحید حەنا، ئەفسەری بەرنامە لە تینک تانکی (Century Foundation) لە نیویۆرک، دەڵێت: «ئەمانە مەسەلە گەلێکن کە دەکرێت لە کۆنترۆڵ دەربچن، لەم کاتەدا مەترسیدارترین شتە کە هەر هەڵەیەک دەکرێت تووندوتیژییەکی مالوێرانکەری لێبکەوێتەوەو ئەم سەقامگیرییەی ئێستا دروستبووە کەمبکاتەوە».

لە مانگی شوبات، سـەرۆک بـاراک ئۆباما وتی: «تەواوی سەربازەکان تا ساڵی ٢٠١٠ دەکشێنێتەوە، ئەم سەربازانە تا مانگی شەش دەبێت شارەکان جێبهێڵنو بچنەوە نێو بنکەکانیان، هەرچەندە تووندوتیژی لە باکوور دەکرێت لابردنیان دوابـخـات». رۆژی سێشەممەی هەفتەی رابردوو ئۆباما لە سەردانێکی سەرسوڕهێنەردا بۆ بەغدا بە سەربازەکانی ئەمریکای وت: «کە (١٨) مانگی داهاتوو ماوەیەکی گرنگ دەبێت».

هەروەها ئۆباما داوای لە عێراقییەکان کرد کە چارەسەری جیاوازییەکانیان بکەن، ئەم پەیامەی ئۆباما بەم مانایە دێت خۆتان ڕێکبخەن، چونکە ئێمە لە عێراق دروستبێت خۆتان بەرپرسیارن.

پابەندبوونێکی گوماناویی

هەڵبژاردنەکانی (٣١- ١) لەلایەن زۆرێک لە خەڵکی دەرەکییەوە بەشێوەیەکی فراوان واخوێندرایەوە کە بێ تووندوتیژیی بووە، دەنگدەرە شیعەکان پایتەختی سیاسییان دایە دەست نوری مالیکی سەرۆک وەزیران، کە پێویستی بوو تا دەسەڵاتی خۆی زیادبکات، بەڵام کوردەکان پێیانوایە کاریگەرییان کەمدەبێتەوەو چەند کورسییەک لەدەستدەدەن بۆ عەرەبە سوننەکانی ناوچە تێکەڵەکانی باکوور.

کوردەکان نیگەرانی ئەوەن کە مالیکی کۆمەڵێک نیشانەی لێدەرکەوتووەو وەک سەدام حسێن وایە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەمریکا خۆی ئامادە دەکات تا پلانی کشانەوە جێبەجێبکاتو جەخت بکاتە سەر ئەفغانستان.

بەیانییەکی ڕۆژی شەممەی مانگی ئازار لەکاتێکدا لەگەڵ سەربازانی ئەمریکادا خەریکی پارێزگاریکردن بووین، بەختێکی باشم هەبوو لە شوێنێکدابووم کە نەدەبوو لەوێبام، هێزەکانی هاوپەیمانان ویستیان بۆ باشوورم بنێرن، بەڵام کارەکە هەڵوەشێنرایەوە، بۆیە گەیشتمە بنکەکەیەکی پۆلیس لە دبس، شارێکە دەکەوێتە باکووری کەرکوک و لەوێ فەرماندەیەکی فەوجی (١)ی هێزی (٢) لەگەڵ فەرماندەی کوردەکان لە کۆبوونەوەدا بوون.

کوردەکان نارەزاییان دەردەبـڕی کە حکومەتی ناوەندی زیاد لە سنووری خۆی هەنگاو دەنێتو دەست بەسەر ئەو خاکانەدا دەگرێت کە کوردەکان بەهی خۆیانی دەزانن، چەقی ئەم ملمانێیە هێڵی سەوزە، ئەو سنوورەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کوردەکانی دروستکرد، کە هەرێمی نیمچە سەربەخۆی کوردستان جیادەکاتەوە، ئەم هێڵە لە ساڵی ١٩٩١ دوای شەڕی کەنداو بۆ پاراستنی کـوردەکـان لە سـەدام حسێن دروستکرا. عەرەبەکان دەڵێن ئەو ناوچانەی کە دەکەونە باشووری هێڵی سەوزەوە هی ئەوانە، بەڵام کوردەکان ناڕازین، لەم ملمانێ تونددا، هـەردوولا چەندین تاکتیکیان بەکارهێناوە هەر لە ناچارکردنو بەندکردنو بگرە تا کوشتن.

پارسـاڵ کاتێک هێزەکانی عێراق ویستویانە بچنە ناو ئەو ناوچانەوە، کوردەکان خەریک بوو لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کە لەژێر هەژموونی شیعەدایە، بەیەکدا بدەن، پاشان هەر وەک ئێستا ئەمریکییەکان تەداخولیانکرد تا وەزعەکەیان هێور کردەوە، تەنیا رقی تائیفی هۆکاری ئەم ملمانێیە نییە، ئەم ناوچە جێناکۆکانە ئەو ناوچەیەیە کە واپێدەچێت شەشەم گەورە چاڵگەی نەوتی جیهان لەخۆبگرن.

حەنا دەڵێت: «نازانرێت کە شەڕ دەکەن یان نا، بەڵام ئەمە شتێک نییە کە ئێمە دەمانەوێت تاقیبکەینەوە، ئەمجۆرە تووندوتیژییانە زۆر توند دەبـنو دەکرێت مەترسییەکی گەورە بۆ بەرژەوەندی تەواوی هەرێمەکە دروستبکات».

ئـەو بەیانییە سـاردەی مانگی سـێ، رائیدێکی سەربازی دەرگاکەی داخستو نەیهێشت بەشداربم لەو کۆبوونەوەیەی کە لەگەڵ ئەفسەرە کوردەکاندا ئەنجامی دەداو وتی: «شتی وانابێت»، بەڵام نانی نیوەڕۆ سفرەیەکی رازاوە بە برنجو مریشکو کەباب، هێندەی کۆبوونەوەکە پڕبوو لە ڕووداو.

شاهیدی بینینی گرژییەکان:

ئەو درامایەی کە لەنێوان سوپای ئەمریکاو بەرپرسە کوردەکاندا ڕوویدا ئاشکرابوو، من بەڕێککەوت ئاگاداری هەموویان بووم، لەکاتی نانخواردنەکەدا ئەفسەرێکی گەورەی پۆلیس وەک گەردەلول خۆی کرد بە ژووردە قەرەبالغەکەدا بەخێرایی دەجوڵاو باڵەکانی ڕادەشاوند، ئەو ناڕەزایی دەربڕیو وتی: «سوپای عێراق ڕێگرییان کردووە کە ئەفسەرەکانی کەسێک بگرن کە پەیوەندی هەبووە بە چالاکیی رفێنەرەکانەوە».

کۆڵۆنێڵی سوپای ئەمریکا رایـان گۆنسلەیڤ کە خەڵکی فۆرت هودی ویلایەتی تەکساسە، بە ئەفسەرە کوردەکەو سەرۆکی شارەوانییەکە کە لە تەنیشتیەوە بوو وتی: «لەسەرخۆبن ئێمە پێویستە کەسانی کەلله ساردبین، سازشبکەین».

سەرۆکی شارەوانی دبز هادی موستەفا کە کوردە، وتی: «بۆچی پێویستە هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق بمێننەوە»، ئەو ئاماژەی بە (سەدان) پەیوەندی کرد کە پێوەی کراوە لەلایەن خەڵکانێکەوە کە ترسێنراون.

کاتێک کۆبوونەوەکە کۆتاییهات، گۆنسلەیڤو سەربازەکانی کە گوللەنەبڕیان بەتوندی لە لاشەیان بەستبوو، سەرکەوتن بۆ ناو ئۆتۆمبێلێکی گەورە کە مین نایبڕێتو پێیدەوترێت (MRAP) بەجۆرێک دروستکراوە کە توانای بەتاڵکردنەوەی مینی هەیە، ئۆتۆمبێلە بێزارکەرەکان بەناو شارەکان دەنگیانکردبووەوە تا ئەمریکییەکان چاویان بە بەرپرسێکی پلەبەرز بکەوێت لە سوپای عێراق.

پێمخۆشبوو بۆچوونی لایەکەی دیکەش بزانم، داوامکرد تا گوێببستی کۆبوونەوەکە بم، بەڵام داواکەم ڕەتکرایەوە، هەر کە کۆبوونەوە یەک کاتژمێرییەکە کۆتاییهات، هەموومان چووینەوە ناو ئۆتۆمبێلە دژە مینەکەمان، کە گەڕاینەوە بۆ بنکەکەی کەرکوک لە ڕێگای کونێکی تەسکی پەنجەرەیەکەوە سەیرمکرد، بینیم سووتانی گازێکی بریقەدار بە ئاسۆی هاوشێوەی شەوی هاڵۆین ڕووناکی بڵاودەکردەوە.

سەرچاوە:
www.miamiherald.com

یەکەم سەرۆکی عەرەبی لە کوردستان

سۆران پالانی



رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٤/١٣ مەحمود عەباس، سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین، وەکو یەکەم سەرۆکی دەوڵەتی عەرەبیو جیهانی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە، ئەم سەردانە ئەگەرچی سەردانێکی مەعنەوییە، بەڵام ئەو پرۆپاگەندانەی وەڵامدایەوە کە وڵاتانی عەرەب دەڵێن کوردەکان سەر بە ئیسرائیلن. رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی چاپی لەندەنیش بڵاویکردووەتەوە کە ئامانج لە هاتنی مەحمود عەباس پتەوکردنی دەسەڵاتی نێوان هــەردوولا نییە، بەڵکو بۆ چارەسەری کێشەی ئاوارە فەلەستینیەکانە کە لە بەغدان، بۆ ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێبن.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەو بارەیەوە بە پردی ڕاگەیاند: ئەم سەردانە گرنگی لەوەدایە کە دەبێت کورد لە چوارچێوەی دنیای عەرەبیدا زیاتر کێشەی خۆی بناسێنێت، یان بەڵای کەمەوە دژی نەبن.

بۆ هەمان مەبەست فەرید ئەسەسەرد، سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، پێیوایە ئەم هاتنەی مەحمود عەباس باشترین وەڵام بوو بۆ ئەو پرۆپاگەندانەی وڵاتانی عەرەبی دەیکەن، کە کورد پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، هەروەها وتی: «ئەم هاتنەی عەباسو کۆبوونەوەی لەگەڵ کوردا، پەیامێک بوو لەلایەن کــوردەوە بۆ جیهانی عەرەب کە ئەوان پشتیوانی مەسەلەی فەلەستین دەکەن». وتیشی: «هاوسۆزییەک هەیە لەنێوان هەردوولادا، کە هەردوولا دەوڵەتی سەربەخۆ نینو کێشەیان زۆر لە یەکەوە نزیکەو لە هەمانکاتیشدا خەمی هاوبەشیان هەیە».

هەر لەمیانەی ئەو سەردانەی سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینو کۆبوونەوەی لەگەڵ مەسعود بارزانی، هــەردوولا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییەکەیدا باسی گرنگیو پەیوەندی مێژوویی نێوان هەردوولایان کرد، سەرۆکی فەلەستین ڕایگەیاند: هیوادارم سەرۆکی هەرێم کاتێک سەردانی فەلەستین بکات کە دەوڵەتەو بەیەکەوە نوێژ لەو قودسە بکەین کە سەلاحەدینی ئەیوبی ڕزگاری کرد.

ئەگەرچی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەم ســەردانــەی بە سەردانێکی گــرنــگــو مــێــژوویــی وەســفــکــرد، لــە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا ڕایگەیاند: ئەمە سەرۆکی یەکەم وڵاتی عەرەبیو جیهانییە سەردانی هەرێم دەکات. بەڵام محەمەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیو سەرۆکی لیستی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان، لەو بڕوایەدایە کە ئەم سەردانەی ناوبراو ئەگەرچی باشە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان نییە وەک وتی: «ئەمە نابێتە ئەوەی کەسێکی وەک حوسنی موبارەک، موعەمەر قەزافی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات»، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە فەلەستین نە دەوڵەتەو نە لەژێر سایەی سیستمێکی فیدراڵییە، بەڵکو قەوارەیەکە بەپێی ڕێککەوتنێک دروستبووە، تەنانەت ئەوەشی نەشاردەوە کە مەحمود عەباس وەک سەرۆک شەرعیەتی نییە، چونکە خەڵک دەنگی پێنەداوە.

یەکێکی دیکە لــەو باسانەی کە لەنێوان هەردوولادا باسی لێوەکرا، مەسەلەی ئەو (٨٠٠٠) ئاوارە فەلەستینییە بوو، کە لە بەغداو دەوروبەری دەژینو ڕووبەڕووی کێشەی ئەمنیی بوونەتەوە، عەباس لەم سەردانەیدا داوای لە بەرپرسانی هەرێم کردووە کە ڕێگا بدەن ئەو پەنابەرانە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێبن.

عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کــوردســتــان، کە یەکێک بــووە لە بەشداربووانی کۆبوونەوەی نێوان مەحمود عەباسو مەسعود بارزانی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی لەندەنی ئەوە ڕەتدەکاتەوە،کەهیچ ڕێککەوتننامەیەکی ڕەسمییان لەنێواندا کرابێت لەسەر ئاوارە فەلەستینیەکان، بۆ ئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان بگوازرێنەووز دەڵێت: «لە گفتوگۆی نێوان هەردوولادا حکومەتی هەرێمو سەرۆکایەتی هەرێم، ڕەزامەندی نیشاندا بۆ پێشوازیکردن لەو پەنابەرە فەلەستینیانەی کە لە خارووی عێراقنو ڕووبەڕووی توندوتیژیی بوونەتەوە، دەتوانن لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێبن».

جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەوەشی ڕوونــکــردووەتــەوە ئەگەرچی دەرگاکانمان کراوەیە بەڕووی ئەو پەنابەرانەدا، بەڵام دەبێت ئەوانەی دەیانەوێت بێنە کوردستانو نیشتەجێبن لەلایەن دەسەڵاتی فەلەستینییەوە بە سەرۆکایەتی مەحمود عەباس پشتگیری بکرێن، دوای ئەوەش لەژێر چاودێری یوئێن–دا دەبن.

سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستانیش لــەو بــڕوایــەدایــە، ئەگەر ئەو پەنابەرانە بە ڕەزامەندی حکومەتی هەرێم بێنە کوردستانەوە، هیچ گرفتێک دروست ناکات.

ئازادی ئایینو گەمە دیبلۆماسییەکان

٣/٢٦ ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەر پێشنیازی هەرسێ وڵاتی پاکستانو بیلاڕوسو ڤەنزوێلا، هەستا بە پەسەندکردنی بڕیاری (قەدەغەکردنی ناوزڕاندنی ئایینەکان). پسپۆڕانی بواری ئایینو ئازادییەکان پێیانوایە، ئەم بڕیارە زیاتر بۆ ڕازیکردنی وڵاتە ئیسلامییەکانەو دواجاریش لە قازانجی ئــەوانــە، لە دەقــی بڕیارەکەدا هاتووە کە (ناوزڕاندنی دینەکان ئەتەکردنی شەرەفــو سەروەری مرۆڤە، کە دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ئەو کەسانەی کە ناویان زڕێنراوەو بڕڕێزییان بەرامبەر کراوە، هەروەک ئەمەش دەکرێت سەر بۆ توندوتیژیی بکێشێت».

گروپە لیبراڵەکانی خۆرئاوا بێئومێدبوونی خۆیان لەئاست بڕیارەکەدا دەربــڕیو بە هەڵگەڕانەوەیەکی ڕوونیان بینی لە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٤٨، کە تیایدا مافی هەموو کەسێک پارێزراوە بۆ ڕادەربڕینو هەڵبژاردنی بیروباوەڕو گۆڕینی دینو ئازادیی ڕادەربڕینی ڕەها، جا ئیدی ئەوە لەگەڵ ئایینداپێکبێتەوە یان نا.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە هەر لەم سەروبەندەدا بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویستی خۆی ئاشکراکرد، بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لە ئەنجوومەنەکەدا، هەندێک زۆر بە ئیجابیانە لە بڕیارەکەی ئەمریکا دەڕوانن و بە گۆڕانێکی گــەورەی دەبینن لە سیاسەتی وڵاتەکەدا، چۆن ئەمریکا هەتا ئەم دەمەش ئامادەنەبوو کە لە ئەنجوومەنە هاوشێوەکانی مافی مرۆڤدا ببێتە ئەندامو پێیوابوو کە کاری یەکەمی ئەمجۆرە ئەنجوومەنانەی مافی مرۆڤ بریتییە لە ئیدانەکردنی ئیسرائیل، بەڵام هەندێکی دیکە بەشێوەیەکی نەرێنی لەو هەنگاوەی ئەمریکا دەڕوانن و پێیانوایە کە ئەگەر ئەمریکا نەتوانێت گۆڕانێکی جدیی لە سیاسەتەکانی ئەنجوومەنەکەدا بکات، ئــەوا واباشترە کە نەچێتە ناوی، ئەمەش بەتایبەتی دوای بڕیاری تایبەت بە (ناوزڕاندنی ئایینەکان). جۆن بۆڵتن، نوێنەری پێشووی ئەمریکا لە ئەنجوومەنی ئاسایش، کاردانەوەیەکی توندی هەبوو لە بەرامبەر بڕیارەکەی ئەمریکاداو وتی: «ئەوەی ئەمریکا کردی بریتیبوو لە سواربوونی کەشتی تایتانیک دوای ئەوەی بەر شاخە بەرفرینەکە کەوت»، ئەمریکا یەکێکە لەو وڵاتە دەگمەنانەی کە توانیویەتی سەرکەوتووانە هەردوو مافی ئایینیو ئازادیی ڕادەربڕین پێکەوە کۆبکاتەوەو ڕێ لە بەدژ یەکداچوونیان بگرێت.

ئێستا ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە ساڵی ٢٠٠٦–ەوە وەک هەنگاوێک بۆ جەختکردنەوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ دروستکرا، وەک مینبەرێک دەبینرێت بۆ وڵاتە دیکتاتۆرەکان، بەتایبەت ئیسلامیەکانیان. لیبڕاڵەکان پێیانوایە کە وڵاتانێکی وەک سعودیەو پاکستانو ئەفغانستان لە دووی هەلێکی وادەگەڕێن، بۆ ئەوەی لەژێر ناوی پاراستنی مافە ئایینیەکاندا مافی کەسانی دی بۆ دەربڕین زەوت بکەن، ئێستا لە هەندێک لە وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا دین گۆڕین بە تاوان دادەنرێتو سزای خۆی هەیە.

یەکێتی بەها مرۆییو گەردونییەکان لە بەیاننامەیەکدا ئــەوەی دووپــاتــکــردەوە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕێی ئەم بڕیارەیەوە بیانوویەکی باشی داوە بەدەست وڵاتانی سەرکوتکەرەوە بۆ زەوتکردنو پێشێلکردنی ئازادییەکان، ڕۆی بڕۆنن، نوێنەری یەکێتییەکە لە جنێف دەڵێت: «ئەم بڕیارە بریتییە لە هەوڵێکی دیکەی وڵاتانی کۆنفرانسی ئیسلامی بۆ گۆڕینی جارنامەی (جنێف) بە جارنامەی (قاهیرە)، لایەنگرانی جارنامەی قاهیرە کە لە ساڵی ١٩٩٠ لەلایەن وڵاتانی ئیسلامییەوە پەسەندکرا، پێیانوایە کە ئــەو جارنامەیە تــەواوکــەری جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی جنێفە، بەڵام دژەکانی پێیانوایە کە بەریانی نێوان دوو جارنامەکە زۆر فراوانە، جارنامەی قاهیرە دژی هەر جۆرە زۆرلێکردنێک دەوەستێتەوە دژی مسوڵمانان، بۆ ئەوەی دینیان بگۆڕن یان بێدین بن، لەکاتێکدا دژی مافی تاک دەوەستێتەوە بۆ گۆڕینی دینو بێدینییو (بێباوەڕی) بە شایانی سزادان دەزانێت.

Economist.com

خوێندنەوەیەکی وردتری حاڵی کۆمەڵگا مسوڵمانەکان بە کوردستانیشەوە، ئەوەمان بۆ دەردەخــات، کە زۆربــەی زۆری ئەوانەی بانگەشەی ئازادیی ئایینی دەکەن، پێیانوایە کە قسەکردن لە بەرامبەر ئایینەکاندا پێشێلکردنی ئازادییەکانە، ئامانجەکەیان خودی ئازادیی نییە، بەڵکو زەوتکردنیەتی، چونکە حیکمەتێک لە دینداَ نامێنێتەوە ئەگەر دژەکەشی لە ئارادا نەبوو، ئاماژەکانی پشت بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە بابەتەکە هێندە سادە نییە، دینو ئازادییو سیاسەتی نێودەوڵەتیو دیبلۆماسیەت هەموو پێکەوە گرێدراون، لێکجیاکردنەوەی هێڵەکانی ئەم تەونەش پێویستی بە کاتە.

وەرگێڕانی: دانا نەوزەر

ڕێگرتن لە ململانێ لەسەر کوردستان

هێنری بێکری



دەرئەنجامی هاتنە ناوەوەی ئەمریکا یان داگیرکردنی عێراق وەکو هەندێک دەیڵێن، بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، گومانی تێدا نییە کە مەسەلەیەکە بۆ ساڵانی داهاتووش جێگای مشتومڕێکی زۆر دەبێت. یەکێک لە ئەنجامەکان کە تارادەیەک ئاشکراشە، ئەوەبوو کە هەستی نەتەوایەتی لای کوردەکان قوڵترکردەوەو هیواکانیان پێینایە ناو قۆناغێکی جدیترەوە، کە میللەتێکن ساڵانێکی درێژە سەرکوت دەکرێنو خەونەکانیان لەنێوان چوار وڵاتی وەکو عێراق و تورکیاو ئێران و سوریا دابەشکراون. دەکرێت بەمەش بوترێت چاوتێبرینە شتی زیاترو داواکاریی بۆ مافی سیاسیو فەرهەنگی زیاترو دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمییەک کە بە هەموو شێوەیەک سەربەخۆیان بکات لە دەستێوەردانی بەرپرسانی بەغدا، لە ئێستادا لە عێراق ناوچە کوردنشینەکان کە سوودمەندی یەکەم بوون لە ڕووخاندنو لەناوبردنی ڕژێمی سەدام، جێ پێی خۆیانیان لە هەرێمێکی فیدرالیخوازدا قایمکردووە، دەتوانین بڵێین حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەمڕۆدا حەقیقەتو هێزو فشارێکە بۆ گەیشتن بە دەستکەوتو دەسەڵاتی زیاتر، وەک چۆن لە ئێستادا دەبینین لە هەوڵی گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوە زۆرینە کوردەکانن بۆ سەر هەرێمەکەیان، بەتایبەتی ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکوک. بوونو داواکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە جێگای ترس بووە بۆ تەواوی دراوسێکانی عێراق و زەنگی ئاگادارکرنەوە بووە بۆ وڵاتانی دراوسێ بە گشتیو حکومەتی بەغدا بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەم مەسەلانەش دوورن لەوەی بەبێ هەوڵی جدییو خەمخۆرانە بگەنە قۆناغێک کە جێگیریی بە خۆیانەوە ببینن، ئەگەر بێتو مەسەلەی کورد پشتگوێ بخرێت یاخود بەشێوەیەکی نەشیاو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوا حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە کە کوردەکانو تێروانینەکانیان لەتوانایاندایە لەم بارودۆخە ناسکەدا کە عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، ناجێگیریو تووندوتیژیی لە عێراقو ناوچەکانی دیکە بهێننەکایەوە، هەربۆیە جێی خۆیەتی کە حکومەتی عێراق دەستبەرداری سەرکێشی ببێتو عەقڵانیتر بیربکاتەوە، بەشێوەیەک کوردەکان بکات بە هاوپەیمانێکی چاوەڕوانکراو نەک دوژمنێک کە هەمیشە لە بۆسەدا بێت بۆ حکومەتەکەی بەغدا.

سەبارەت بە ئەمریکاش، مەسەلەی کورد لایەنی زۆر جدییو هەستەوەر لەخۆدەگرێت، لەوانە: بەش بەش نەبوونی خاکی عێراق لە داهاتوودا و جێگیریی بارودۆخی عێراقو توانـای هێزەکانی ئەمریکا بـۆ چوونە ژێـر بـاری بەرپرسیارێتی لـەم وڵاتـەدا، هاوکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا کە هاوپەیمانێکی دیاری پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)یە لە ناوچەکەداو تینووی بوون بە ئەندامە لە یەکێتی ئەورووپا، هاوکاتو بەشێوەیەکی گشتیتر بۆ ئەمریکا، مەسەلەی کورد واتا جێگیریو ئارامیی ناوچەیەکی ئێجگار دەوڵەمەند بە سامانی نەوت، لەم کاتەدا کە نادڵنیاییەکی زۆر سەبارەت بە ئاسایشی وزە ڕوویـکـردووەتـە جیهانو ئەمریکا بەتایبەتی، کەواتە نابێت بیرمانبچێت کە کوردەکان بمانەوێتو نەمانەوێت، کاریگەریی تەواویان هەیە لەسەر تەواوی مەسەلەکان لە عێراقو ناوچەکە، هەربۆیە پشتگوێخستنی کەیسەکەیان واتا نەوت بەئاگرداکردن!

ئەم ڕاپۆرتە باس لەوەدەکات، کە پێویستە لەسەر واشنتۆن لەنزیکەوە چاودێربێتو گرنگییەکی زیاتر بدات بەو هەموو ڕەهەندە لێکئاڵاوانەی کـە پەیوەستن بـە پرسی کوردەوە لەلایەکەوە، هاوکات ئەگەری زۆری دروستبوونی ململانێو دەستێوەردانی دەرەکی لەلایەکی دیکەوە. دەبێت واشنتۆن زیاتر نزیکبێتەوەو تێبگاتو چارەسەری کەمتەرخەمیو هەڵەکانی پێشووی بکات، بەجۆرێک لەکوێ مومکین بـوو لینکو پەیوەندییەک بدۆزێتەوە کە پاڵنەربێت بۆ گەیشتن بە دواڕۆژێکی جێگیرو گەشەسەندوو لە عێراقو ناوچەکەدا.

ئێمە نەهاتووین باس لەوەبکەین کە دەکرێت ڕووکارە جیاوازەکانی مەسەلەی کورد لە ئێستاداو بەپەلە چارەسەربکرێت، بەڵکو دەمانەوێت ئەو حەقیقەتە بخەینەڕوو کە پێویستە واشنتۆنیش بیزانێت، کە مەسەلەیەکی هێندە هەستەوەری وەکو مەسەلەی کورد، دەبێت مامەڵەی جدیی لەگەڵدا بکرێتو هاوکات هەر پێشکەوتنێک (یان پاشکەوتنێک)، لە یەک ناوچەدا کارپگەریی ئیجابی (یان سلبی) دەبێت لەسەر جوڵەی ناوچەکانی دیکەی عێراق، لێرەشدا مەسەلەیەکی جەوهەری دێتەکایەوە، ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوکو داهاتووی ئەم پارێزگا مشتومڕ هەڵگرەیە لەگەڵ پاڵپشتیکردن لە فیدرالیو شەرعیەتدان بە پێکهاتە فیدرالییەکان لە عێراقداو کردنی بە دیفاکتۆ، بەشێوەیەک کە هەرکەسەو هەڵنەسێتو بڵێت «من سیستمی فیدرالیم پێ قبوڵ نییە»! مەسەلەیەکی دیکەش کە پێویستە هەلوەستەی لەسەر بکەین، مەسەلەی پەیوەندیی نێوان حکومەتی ئەنقەرەو حکومەتی هەرێمی کوردستانە. بەکورتی پێویستە لەسەر واشنتۆن گرنگیی زیاتر بدات بە کوردەکانو کارێک بکات وا لە کوردەکان بکات هۆکاری جێگیربین لە ناوچەکەدا، هاوکات ڕێگاگرتن لە دەستی دەرەکی تێکدەریش، ئەرکێکی دیکەی واشنتۆنە لەم قۆناغەدا.

لێرەدا سێ سەرچاوەی پێکەوە بەستراوی ڕێتێچوو و ئەگەرلێکراوی ململانێی توند هەیە لە هەرێمی کوردستان:

یەکەم تایبەتە بە ئەو ڕۆڵەی کوردەکانو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق دەیگێڕن، واتا قەبارەو فراوانیی ئەو هەرێمەی وەکو بەشێک لە هەرێمێکی فیدرالیی کوردنشین (لەگەڵ چەندین ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوت کە شاری کەرکوکیش لەناویاندایە)، کۆنترۆڵی دەکەن، دەبێت هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئـەوە بزانن کە ئەگەرێکی ڕاستەقینەی جیابوونەوەو ئینشیقاق لەئارادایە، ئەگەر هاتوو حکومەتی ناوەندیو هاوپەیمانەکانی شکستیانهێنا لە جێبەجێکردنی هەندێک داواکاریی سەرەکیو سەرەتایی کە لەلایەن کوردەکانەوە پێشکەشو پێشنیازکراوە.

دەکـرێـت بڵێین کـە جیابوونەوەی کـوردەکـانو بەربەست دروسـتـکـردنو بەرگیریکردن لە داواکـاریـی کوردەکان سەبارەت بە کەرکوکو کۆمەڵێک سیناریۆی دیکە، دەکرێت ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆی سەرتاسەری لە عێراقداو گۆمی خوێنەکە قوڵتر بکاتەوە، کەواتە خودی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆ ئەگەر هاتوو کوردەکان بوون بە فاکتەری پشێویی، نەک ئاشتی لە ناوچەکەدا.

سەرچاوەی دووەمی چاوەڕوانکراوی تـونـدوتـیـژیـی، تـایـبـەتـە بـە گـرژیـیـە گەشەسەندووەکان لە تورکیادا، واتا ئەو گرژییەی لەنێوان حکومەتی تورکیاو کوردەکاندا بوونی هەیە، کە وەکو کەمینەش سەیرناکرێنو تـەواوی مافەکانیان زەوت کراوە. تورکیا پێیوایەو وا هەستەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستانو سەرکەوتنی کوردەکان لە باکووری عێراق، هەڕەشەن بۆ سەرئاسایشوسەلامەتی ناوچەهەرێمییەکانی تورکیا، هـاوکـات ڕێگاخۆشکەریشە بۆ دەستکەوتو سەرکەوتنی زیاتر. تورکیا ترسی ئەوەی لێنیشتووە لە داهاتوودا کوردەکانی ناو تورکیا بزووتنەوەی سیاسیی گەورەتر دروستبکەن، هاوکات پارتی کرێکارانی کوردستانیش (پەکەکە)، جولەکانی زیاتر بکاتو زیانی گەورەتر بە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە بگەیەنێت لە ناوچەکەدا.

(پەکەکە) گروپێکی یاخیبووە لە حکومەتی تورکیاو نزیکەی نیوەی چەکدارەکانی لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا بنکەیان هەیە، ژمارەیان خۆی لە (٥٥٠٠) گەریلا دەدات کە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستانو باشووری خـۆرهـەڵاتـی تورکیا جێگیرن، ئەمەش وایکردووە کە حکومەتی ئەنقەرە هەمیشە لە مشتومڕدا بێت لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو کاربکات بۆ ڕاکێشانی سۆزی بەرپرسانی هەرێم تا (پەکەکە) لە کوردستان دەربکەن. تورکەکان هەر سوورن لەسەر ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی بەهێز لە باکووری عێراق، تا حاڵی حازر تەنیا بۆ جارێکیش نەرمییان نەنواندووە بەرامبەر کـوردەکـانو تەنانەت وشـەی (کوردستان) بڤەو تابوە لەلایان، هەر ئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا، کە هاوپەیمانێکی (ناتۆ)یە، بە قۆناغێکی پڕ گرژیدا تێپەڕێت. هاوکات دوای فشارێکی زۆر لەلایەن ئەنقەرەوە، واشنتۆن ناچاربوو تیشکی سەوز بۆ تورکیا هەڵبکات بۆ هێرشکردنە سەر گەریلاکانی (پەکەکە)و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان. لە مانگی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٧)ەوەو بەشێوەیەکی بـەردەوامو پچڕپچڕ هێزە ئاسمانیو پیادەکانی تورکیا هێرش دەکەنە سەر گەریلاکانی (پەکەکە)، بەڵام تا حاڵی حازر نەیانتوانیوە وا لەو پارتە بکەن چۆک دابـدات، بەڕاستی ئەم کردەوانەی تورکیا ڕەنگە ڕیسکی دروستبوونی ململانێیەکی تووندی تورکی (عێراقی) کوردی تێدابێتو سەروبەر تورکیا تێیدا نوقم بێت، ئەمەش وا لە وڵاتانی دراوسێ بکات کە هەمان شت بکەن، ئەوەشی تائێستا تورکیای ڕاگرتووە، مەسەلەی بەئەندامبوونێتی لە یەکێتی ئەورووپا، هەربۆیە دەبینین ژێربەژێر دەستی خۆی دەوەشێنێت نـەوەک ئەورووپییەکان بەئەندامبوونی لە یەکێتی ئەورووپا بکەن بە شتێکی مەحاڵ.

سـەرچـاوەی سێیەمی ململانێش، بریتییە لە پەرچەکردارەی کوردەکانی ئێرانو سوریا سەبارەت بەو بەرەوپێشچوونانەی لـەدەورووبـەریـان ڕوودەدەن، ئـەو دەستکەوتانەی کوردەکانی دوو پارچەکەی دیکەی کوردستان دەستەبەریان کردووە، وایان لێدەکات ئەوانیش خەمێکی خۆیان بخۆن، هەر لە کۆنەوە حکومەتی تارانو دیمەشق دژایەتی خواستی کوردەکانی عێراقیان کردووەو پێکەوەو لەگەڵ تورکیاشدا هاوکارو هاوپەیمان بوون بۆ لەباربردنی ئەزموونی کوردەکانو سەرکوتکردنیانو بەربەست دروستکردن لەڕێی بەرەوپێشچوونیان. هەرچەندە کوردەکانی ئێرانو سوریا هێندەی کوردەکانی تورکیاو عێراق گرنگیان پێنەدراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هێشتا کاریگەرن بە ڕوودا و پێشهاتە ئیقلیمییەکان، هەر ئەمەشە وایکردووە هەموو جۆرەکانی تووندوتیژیی لەگەڵیان تاقی بکرێتەوە، وەک ئەوەی ئێرانو سوریا بیریانچووبێت کە کوردبوون لە خوێنیاندایەو مەرگ بیریان دەباتەوە! جوڵەو چالاکیی گەشەسەندووی کوردەکانو حاڵەتی تووندوتیژیی لە ئێرانو سوریا بەتەواوەتی ئەم دوو ڕژێمەی نیگەران کردووەو زەنگی مەترسیداری بۆ لـێـداون، ئەگەر بێتو بەرەوپێشچوونەکانی عێراق لە زیادبووندا بێت، ئەوا سەلامەتیی ناوچە ئیقلیمییەکانی ئێرانو سوریا دەکەوێتە مەترسییەوەو دوورنییە لە ئەنجامدا دەستێوەردانی زیاتر بکەن لە کاروباری عێراقدا، لەپێناو کەمکردنەوەی ئەو لۆدەی لەلایەن کوردەکانی خۆیانەوە خراوەتە سەریان.

بۆ ئەمریکا ئەم سێ سەرچاوەو هۆکارەی ململانێیەی کە باسمانکرد، دەبنەهۆی هەڵگیرسانی خەرمانێک کێشەو سەرئێشە، دوورنـیـیـە ناسەقامگیریی سیاسییو تووندوتیژیی یاخود شەڕێکی ناوخۆی بێ کۆتایی لە عێراقدا سەرهەڵبدات، کە لەگەڵ پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەیەک بئاڵێنو هاوکات ببنە ڕێگاخۆشکەریش بۆ هاتنە ناوەوەی دراوسێکانی عێراق کە هەمیشە لە ئانو ساتدان بۆ دروستکردنی کێشەو نەهامەتی زیاتر بۆ عێراقییەکان، هەر لەبەر ئەمەش دەبێت ئەمریکا پەی بەو حەقیقەتە بەرێت کە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا گورزی کوشندە دەبێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی لە عێراقو ناوچەکەدا، پێدەچێت هەرێمی کوردستانیش چیتر ئەو ناوچە ئارامە نەبێت بۆ ئەمریکییەکان.

وەرگێڕانی: سایتی سبەی

کۆنفرانسێک بۆ بڕینی سنووره‌کان له دوبه‌ی سازکرا



شالاو فه‌تاح
ئیمارات

به به‌شداریی (١٢٠) نه‌ته‌وه‌ی جیاوازو له (٣٠٠) زانکۆی جیهانه‌وه، (١٠٠٠) خوێندکاری ئاستی خوێندنی بالا به هاوکاریی ڕێکخراوی فێربوونی بێسنوور (Education without Borders)، له دوبه‌ی کۆنفرانسی نێوده‌وله‌تیی (چاره‌سه‌رکردنی کێشه جیهانییه‌کان به هزری نوێ)یان به‌ست.

ئـه‌م کۆنفرانسه لـه ٢٠٠٩/٣/٢٩دا ده‌ستپێکردو له ٤/٣دا ته‌واوبوو. ئامانجی کۆنفرانسه‌که دۆزینـه‌وه‌ی چـاره‌سـه‌ری داهێنه‌رانه‌بوو بۆ کێشه هه‌نووکه‌ییه‌کانی جیهان، که ڕێکخراوی (EWB) له دوبه‌ی ڕێکخستنی ته‌واوی کاره‌کانی له‌ئه‌ستۆ گرتبوو.

تێیدا جگه له چه‌ند باره‌کردنه‌وه‌ی پەیامی بێستووریی‌و بڕینی سنووره‌کان‌و هاوکاریی نێوان نه‌ته‌وه جیاوازه‌کان، چه‌ند لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ک لـه‌لایـه‌ن خوێندکارانه‌وه پێشکه‌شکراو تێیدا سـه‌بـاره‌ت به کێشه جیهانییه‌کانی وه‌ک (ئابووری، پـه‌ره‌رده، وزه، کلتوورو گه‌رمبوونی جیهان) دوان. هه‌روه‌ها هاوکاریی نێوان نه‌ته‌وه جیاوازه‌کان بۆ ئاوه‌دانکردنه‌وه‌ی زه‌وی وه‌ک ده‌رکه‌وته‌یه‌کی نوێ وه‌سفکرد، ڕووداڵـه کۆنفرانسانه‌شی به چانسێکی گه‌وره بۆ لێکتێگه‌یشتن‌و لێبووردنی نێوان نه‌ته‌وه‌کانی جیهان له‌قه‌ڵه‌مدا.

سێ کـوردو یه‌ک عه‌ره‌بی خوێندکاری زانـکـۆی ئه‌مریکی له عـێـراق‌و سلێمانی بـه‌شـداربـوون، لـه‌نـێـو ئـامـاده‌بـووانـی کۆنفرانسه‌که‌دا چه‌ند که‌سایه‌تییه‌کی جیهانی وه‌ک: (ئه‌ی پی جه‌ی عه‌بدولکه‌لام، سه‌رۆکی پێشووی هیندستان‌و وه‌زیری خوێندنی بالا‌و لێکۆڵینه‌وه‌ی زانستی ئیمارات‌و هونه‌رمه‌ندو مۆسیقارو وه‌رزشه‌وانی ئۆڵۆمپی له‌خۆگرتبوو. له سه‌ره‌تای ده‌ستپێکردنی کۆنفرانسه‌که‌دا، وه‌زیری خوێندنی بالای ئیمارات، شێخ نه‌هیان بن موباره‌ک ئال نه‌هیان، جه‌ختی له‌سه‌ر ڕۆڵی نه‌وه‌ی نوێ له گه‌شه‌پێدانی جیهان‌و هاوکاریی ئه‌وان کرد بۆ پێشخستن‌و ئاوه‌دانکردنه‌وه‌ی وڵاتان‌و جیهان به گشتی، دواتر له وتارێکی خۆیدا سه‌رۆکی پێشووی هیندستان ئاماژه‌ی به ڕۆڵـی بـاوه‌ڕبـه‌خـۆبـوون کـرد بۆ لاو، دووباره‌ش یه‌کگرتن‌و یه‌کترناسینی لاوانی به ڕێگایه‌کی گونجاو بۆ گه‌شه‌پێدانی تواناکان وه‌سفکرد.

وڵاتـان له شه‌ش کیشوه‌ری جیهانه‌وه پشکی خـۆیـان بـۆ بـه‌شـداریـکـردن وه‌ک نوێنه‌رو پێشکه‌شکار وه‌رگرتبوو، له‌نێو وڵاته جیاوازه‌کاندا، عێراقیش پشکی خۆی به چوار نوێنه‌ر وه‌رگرتبوو، زۆرێک له خوێندکاران ئه‌م کۆنفرانسه‌یان وه‌ک خالی وه‌رچه‌رخان به‌ره‌و گۆڕان‌و لێک تێگه‌یشتن وه‌سفکرد، به‌تایبه‌تیش کۆنفرانسه‌که زۆرینه‌ی نه‌ته‌وه جیاوازه‌کانی سه‌رڕووی زه‌وی له‌خۆگرتبوو.

جولیان سمیس (٤١) سالْ، که یه‌کێک بوو له ڕێکخه‌رانی کۆنفرانسه‌که به پردی وت: «ئه‌وه‌ی ئه‌م کۆنفرانسه پەروه‌رده‌ییه بێهاوتا ده‌کـات، ئه‌وه‌یه ڕوانگه‌یه‌کی جیهانی هه‌یه بۆ چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌کان به‌شێوه‌یه‌کی پەروه‌رده‌یی‌و ئاشتیانه له‌ڕێی توێژێکی گه‌نجی خوێندکاره‌وه».

جولیان پێیوابوو، به‌ستنی کۆنفرانسه‌که له دوبه‌ی‌و خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست، یارمه‌تیده‌ر ده‌بێت بۆ دروستکردنی ئاشنایه‌تی نێوان وڵاتانی دیکه‌ی جیهان‌و دانیشتوانی ناوچه‌که‌و وێنه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی نه‌ته‌وه‌و کلتووره‌کانی ئه‌م ده‌ڤـه‌ره ده‌بینن، جولیان هه‌روه‌ها وتیشی: «گرنگترین خاڵ له‌م کۆنفرانسه‌دا ئه‌وه‌بوو که خوێندکاران چیتر گوێگرنین، به‌ڵکو خۆیان ده‌دوێـن‌و ئیمه‌ش پێویستمان به دیالۆگی زیاتره له‌نێوان لاوه‌کانی جیهاندا بۆ ئه‌وه‌ی به ئاراسته‌ی داهێنان‌و ئاشتیدا بڕۆین».

جێنیفه‌ر بێرگ، یه‌کێک بوو له ڕێکخه‌رانی کۆنفرانسه‌که، باسی قورسیی گواستنه‌وه‌و په‌یوه‌ندی پێوه‌کردنی خوێندکاران کردو ڕه‌خنه‌ی له‌و سیستمی گواستنه‌وه‌یه گرت که ڕێکخراوه‌که گرتیه‌به‌ر، هه‌روه‌ها پێیوابوو پێویستیان به سیستمێکی نوێ هه‌یه بۆ په‌یوه‌ندیکردن‌و گواستنه‌وه‌ی خوێندکاران له سه‌رانسه‌ری جیهاندا، جێنیفه‌ریش ئه‌وه‌ی دووپاتکرده‌وه که خوێندکاران پێویسته ده‌نگی خۆیان هه‌بێت‌و چاره‌سه‌ری کێشه جیهانییه‌کان به ئایدیا نوێیه‌کانیان دروستبکه‌ن.

خوێندکارانی به‌شداربووش ڕای جیاوازیان له‌سه‌ر کۆنفرانسه‌که هه‌بوو، ماری (٢٢ سالْ)، ئیتالی،ئاماژه‌ی به‌ڕۆڵی پۆزه‌تیڤی کۆنفرانسه‌که کرد، به‌ڵام چه‌ندباره‌کردنه‌وه‌ی ده‌سته‌واژه‌ی بڕینی سنووره‌کانی به زیاد زانی‌و پێیوابوو، «هه‌موو شتێک سنووری خۆی هه‌یه‌و پێویسته هه‌ببێت».

نوێنه‌ڕێکی عێراقیش، سیڤه‌ر قه‌زاز (٢١ سالْ)، یه‌کێک له خوێندکاره به‌شداره‌کانی عێراق، وتی: «پێموایه بوونی ئه‌مجۆره کۆنفرانسانه بۆ گشت لاوانی جیهان به‌تایبه‌ت عێراق پێویسته، واده‌کـات شاره‌زایی‌و تێگه‌ڵبوون له‌نێوان نه‌ته‌وه‌و کلتووره جیاوازه‌کاندا دروست ببێت، ئه‌مه‌ش شتێکه که نه‌وه‌ی ئێمه پێویستییه‌تی، چونکه به‌هۆی کێشه سیاسیی‌و کلتوورییه‌کانی وڵاتـی ئێمه‌وه له‌م چه‌ند ساله‌ی دواییدا تێگه‌ڵبوون‌و تێگه‌یشتن له‌گه‌ڵ نه‌ته‌وه‌کانی سه‌رڕووی زه‌ویدا به‌شێوه‌یه‌کی گونجاو و پێویست ڕووینه‌داوه».

سیڤه‌ر کۆنفرانسه‌که‌ی به «گرنگ‌و ده‌گمه‌ن» وه‌سفکرد، به‌وپێیه‌ی چانسی تێکه‌ڵبوون‌و یه‌کترناسینی لاوان تێیدا به‌رفراوان‌و بێهاوتا بـووه، چونکه له‌کاتێکدا له‌گه‌ڵ ئه‌وانی دی ده‌دواین، سه‌رسوڕمانی خۆیان ده‌رده‌بڕی‌و پێیانوابوو عێراق وڵاتێکه ژیان تێیدا ته‌واو دژواره‌و پـــه‌ره‌رده‌و کلتوور له گشت به‌شه‌کانیدا له‌ئاستێکی زۆر که‌مدایه، وتیشی «بێگومان ئه‌وه‌شمان بینی که خوێندکارانی وڵاتانی دیکه پەروه‌رده‌یه‌کی دروستتریان هه‌یه له خوێندنگاو زانکۆکانداو ئاستی باوه‌ڕبه‌خۆبوونیان زۆر له ئێمه به‌رزتربوو».





سه‌رپه‌رشتیار: هێمن لهۆنی هاوکار: نامۆ عه‌بدوڵڵا
بۆ په‌یوه‌ندی : ٠٧٧٠١٩٩٢٨٢٤